# جیهانی منالان

گۆڤارێکی فەلسەفی، ئەدەبی و هونەریە
دەربارەی منالان

## ژمارە 11



## ئاهەنگی کردنەوەی یانەی سارای مندالان
## لە شـــــاری ســـــنە

www.jihakimindalan.just.nu

# Barnens Värld

***Om barnens livsvillkor världen över***
***Barnhem i Saqis & Sene***




دیـــــــــــــلان هەرچەندە جوانی شیکی و لەسەر دڵانی
دڵی شەوەت تەزاندوە سنوورت بەزاندوە
بۆ ڕووت وەرئەچەرخێنی ئەو کچە جوانە نادوێنی؟
ڕۆژێك دەبیٚ لەمەولا بۆکچان کەویە هەلــــــــــــــولا.

Ali Ketabi
C/O Shihab Manmy
Fjäderharvsgatan 17
424 66 Angered, SWEDEN. Tel: +46 (0) 31-3302030
Postgiro : 5469 - 4922
shihab.manmy@comhem.se
ISSN 1651-5188

## لیستەی پشتیوانان و هاوکاران و خوێنەرانی گۆڤاری جیهانی منداڵان و یانەی سارای سەیار لەشاری سەقزو بۆکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ ژمارەی 11 ئەم گۆڤارە لە وەرزی پایزی، ساڵی 2004 میلادی 1383 هەتاوی ا.

### واتە دەخل و خەرجی 3 مانگە

+++++++++++++++++++++++++++++++

1- ئازاد عەزیز ..................... 700
2- هیوا عەزیز و دایکی ئامانج.... 600
3- بەختیار پێنجوێنی............ 300
4- م- جەعفەر کەریمی............ 650
5- د. کامەران قەرەداغی.......... 500
6- کامیل ئەحمەد................. 100
7- .
8- .. دادە ئامینە .................. 100
9- حەمەی ئەسلانی,,,,,,,,,,,,,,,,,, 100
10- خوشکە سیسیلیا............ 300
11- ئاکۆ شەریف................. 100
12- صدیق ئیسماعیلی..........
13- فەهمی کاکەیی..............
14- کاک عومەر.................... 100
15- لالۆ ئاسۆ بیارەیی............ 150
16-هۆشیار تاجری................ 150
17- شەهاب مەنمی............ .. 210
18- م- مەجید فەرەج............ 100
19- خەمەی ئاسنگەران..........
20- ڕەزا کەمانگەر................
21- ئارام=ڕ= هاوپشتی..........
22- م= فەرهاد دەربەنیخانی.....
23- بەیان عەبدوڵا ...............
24- مامۆستا جەلال...............
25- خوشکە هاینە............... 100
26- ڕەسووڵ محەمەدی........ 200
27- تاهیر مەحمودی...........
28- شیخ خالد حەیدەری.........
29- ئابێ ئیف..ABF.........
30- کاوەی بوزوگپەنا...........
31- ئیبراهیم ڕۆستەمی..........
32- صالح شەریفی ..........
33- هوما دانشوەر ...........
34- دایکی سارا.............. 100
35-
36- حسێن مەکتوبی.............
37- تاهێر پەناهی................
38- حەمیدقوربانی................
39- نوری سلیمانی ..............
40- فەریدەی ڕەزایی............
41- سەلام تەیب کەلاری.........
42- بەیان و کاوە................
43-
44 = ..........

### ێشتیوانانمان لە کیشوەری فینلاند

66= سەرکەوت کەریمی ...
67 = فاتمە نەورۆزی.........
68 = ڕەحمان محەمەدی....
69 = موحسین ............
70 = جەعفەر کەریمی .... 70 Eur0
71=
72= مستەفا قادری...........
73= شیرین و جەماڵ .........
74= عەبدورەحمان زولفۆ,,,,,,
75= سامان...و..علیرزا........
76= کۆژین زەکی............
77= سۆران زەکی یارمەتی بێسنوور
78= عومەر مەعروف ...........
79=
80= ئاکۆ ڕەشی عەولا....
81= عەبدول گوڵ پەریان.....
82= خدر حەسەن زادە......

---

پاکەت و cd بەتاڵ............. ....... 350
بۆ مەهاباد قەرەداغی..... ..............
بۆ عەبدول گوڵپەریان.... ............
بۆ پەۆوانەی قەرەیشی................
بۆ حەسەن زەکی لە فینلەن... ........
مانگانەی وەرزی زستان ..... .......
جەودەر و کاغز ............... ......
خەرجیی سایتیئیتنتەرنێت...........
بۆ جەژنی نەورۆز ............... ....
کرێی پۆست بۆ ڕێبوار و شەهلا ..نازانم چەن بو

### خوێنەرانـــــــــــی هێژا

من کە بەرپرسیاری ئابووری گۆڤارەکەم، پێم خۆشە کە لەسەرەتای دەرچونی هەر ژمارەیەکدا، لێکۆڵینەوەیەکی ئابوری بکەم بۆ ڕوونکردنەوەی دەخل و خەرجی وەرزەکە. تا بۆ خوێنەرو یارمەتیدەرانی گۆڤارەکە ڕوون بێت کە دەخل و خەرجی گۆڤارەکەو یانەی سارا تێکرا لە سەقز و بۆکان چەنێکە. لەم سێمانگەدا نزیکی 5000 کرۆن یارمەتی و پارەی فرۆشی گۆڤارەکە و باقی بەرهەمەکانی کاك عەلی بووە، 733 کرۆن خەرجی پۆست و CD لەم وەرزەدا واتە 3 مانگەی زستان بووە، و خەرجیشمان 10367 کرۆن بووە، ئەمە جگە لە پارەی تەلەفۆن و فاکس بۆگشت خۆشەویستانی گۆڤارەکەو هتد.

تێ بی نی: خەرجی تەلەفۆن دەرسەدی ئەرك و کۆمەکی دارایی یانەی سارا (وێرای هەموو زەحمەتەکان) تەنیا لەلایەن مامۆستا (عەلی کیتابی) دوە بووە.

**شەهاب مەنمی**
20 9 2004

==============================

### ئازیــــــــــزان


بۆ سەلماندن و دڵنیایی دڵسۆزان و یارمەتی دەران و پشتیوانان و خوێنەرانی گۆڤارەکەو یانەی سارای سەییار لەسەقز و بۆکان و هەر وەها گۆڤارەکەیش لە کیشوەری سوێد ئێمە لە سەرەتاو کۆتایی هەمو ژمارەیەکدا گشت دەخڵ و خەرجمان بە وردی چاپ و بڵاو دەکەینەوە، بۆ ئەوەی ئەم (زەرفە) وەك ئاوێنەیەکی بێگەرد، هەست و دڵسۆزی گشت ئێوەی تێدا دیار بێت و نەیارانمان نەتوانن خۆیتێخزێنن، لەم بوارەدا بە کەیفی خۆیان ئاو لێڵ کەن و ماسی بۆخۆیان بگرن.

ئەوەی تا ئێستا باسی لێوە نەکراوە زەحمەتی بێسنوور هەزینەی بەنزین ئیستهلاك و فەرسودە بوونی سەیارەکەی کاك شەهاب بووە کە ناگونجێ لەگەڵ پارە بەراوردیکەین.

**گ.ج.م**

# جیهانی منداڵان

## گۆڤارێکی فەلسەفی، ئەدەبی و هونەریە



سەرنووسەر

**عەلی کیتابی**

مۆنتاژکارو بەرپرسی ئابوری

**شەهاب مەنمی**

**جیهانی منداڵان**

گۆڤارێکی وەرزیەولە سوێد دەرئەکرێ و

لە کوردستان دووبارە چاپدەکرێتەوە

**زاگروس مێدیا هەڵساوە بەیارمەتیدان و چاپکردنی**

# جیهانی منداڵان ژمارە 11

| لاپەرە | بابەت | نووسەر |
|---|---|---|


2=........ مەرج و بەردی بناغەی ئەمگۆڤارە و یانەیٚ ساراو وتاری سەردەبیر
4... کۆلانی بنبەستی سیستەمی پەروەردە لەکوردستان ... مەهاباد قەرەداغی
8 = ماڤ منداڵ لە کوردستان,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,, د- کامەران قەرە داغی
10=.. ئولە و تروفە بە سەرهاتی دوو گەلاٚ ......... سەلام ئەحمەد نەبەرج
13.. دوکتۆر تەگە، ساتێر ، کاریکاتێر ...................... سەردار عەبدلا
18 – کەر میداڵی وەرگرت .......... ................وەرگێران ر لوقمانی
20– وەلامی نامەی ماۆستا جەعفەر کەریمی.........گ....... جیهانی مناڵان
21– وەلام و پیرۆزبایی دیمەن و بەڵگەکانی پیکهاتنی یانەی سارا .... لە سنە
23– بووکە شووشە نووسینی ............. حسێن حاجی عەلی دەربەندیخانی
24– چمکێکی چکۆلە لە رۆمانی سارا................نووسینی عەلی کیتابی




سۆزان لوقمانی

## وتـــــاری سەردەبـــــــیر

گەرەکمە لە ستوونی وتەی سەردەبیری ئەم ژمارە11ی گۆڤارەکەماندا کە حەقی ئاسایی و یاسایی خۆمە ئەو ڕاستییە وەك دیمەنێکی ڕاست و ڕەوان و بێڕیا و تەزویر بێنمە پێشچاوی پشتیوانانی دوێنیٚ و ئەمڕۆ و سبەینی ...ی گۆڤاری جیهانی منداڵان و دەڵێم:

من هەڵگری کۆڵەبارێکی هێندە قورس و گرانم، تائێستا هیچ هاوڕیٚ و پشتیوانێکم نەیتوانیوە بۆ تاقە وەرزێك یان مانگیٚ بە تەواوی هەڵگری کۆڵەبارەکەم بێیت و بۆ چەند چرکەیەك بەتەواوی بمحەسێنێتەوە. بۆ (سدق و سوقمی) وتە و ئیشارە و ئامانجەکانیشم: لیستەی پشتیوانان و یارمەتیدەران و خوینەران و دەخلٚ و خەجی گۆڤار و یانەکانمان، کە هەمیشە لە یەکەمین لاپەڕەی گۆڤارە کەماندا وەك بەڵگە تۆمار کراوە.

کەم نەبوون و نین ئەو کەسانەی شایانی ڕێز سوپاسمانن بە گرتن و هەنگێزدانی چمکێکی چکۆلەی کۆڵەبارەکەم بۆ ماوەیەك خۆیان ماندووکرد، بەلام سەرەنجام ماندوو بوون و دەستیان بە هەنگێزدانی کۆڵەکەمەوە شل و شەکەت بوو بۆیە بەریاندا و بە جێیان هێشتم!

کەم نین ئەو کۆنە هاوڕێیانەی ساڵانێکی دوور و درێژ پێکەوە خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتیمان کردوە و چەندین جار تا لێوارەی هەڵدێرگەی مەرگ پێکەوە ڕۆیشتووین. ئێمە کە ئەوسا لەو زەمان و مەکانە مەرگزێیانەدا پێکەوە لەمەرگ سڵمان نەدەکردەوە! کەچی ئیستا لە پێشکەوتوترین و ئەمن و ئارامترین وڵاتی جیهاندا کە سوێدە پێکەوە دەژیین: کەچیئەوانە لەم کۆڵەبارە پیرۆزەی من وەها دەسڵمێنەوە لاقیان پێکا دەئاڵی و بە ئاشکرایی و... بەلاڕێی نەبەدلٚ و نەخوازراوی ئەوساو ئیستایاندا ملدەنێن دەڕۆن!؟

نابیٚ ناهەقیان بگرم، چونکە ئەگەر ئەوان دەستی هاوکاری بۆ چمکێکی کۆڵەبارەکەم بەرن، بەرژەوەندییەکانیان لەلایەن دەستەڵاتدارانی سیاسی و دینی و نەتەوایەتییەکەیانەوە دەکەونە مەترسی نەمانەوە!؟

منیش لەم دەوران و قەیرانی پیری و مان نەمانەم دا ئەگەر شانم لە ژێر کۆڵەبارەکەم خاڵی کەم ، کۆشکی ڕۆح و ڕەوانم تێك دەڕووخی و لە ژێر ئاواری ئاپارتمانی هەست و خواست و خەیاڵم دا دەپلیشێمەوە.

**مەرج** و بەردی بناغەی یانەی ساراو ئۆرگانەکەی کە ئەم گۆڤارەیە تەنیا ئەم چەند خاڵانەی خوارەوەیە: نووسەران و دەستەی نووسەران و پشتیوانانی، ئەو نووسین و بەرهەمانەی کە بۆ ئەم گۆڤارەی دەنووسن و دەنێرن نابیٚ هیچ جۆرە بۆن و بەرامەیەکی سیاسی، حیزبی مەزهەبی و ڕەگەز پەرستی پێوە بیٚ. بەلام ئەمە بەو مانایە نیەو مرۆڤە سیاسی و حیزبی و نەتەوەیٚیە سادق و سالم و ساکارەکان لەم کارە پیرۆزە بێبەشکەین.. مەبەستی سەرەکی ئێمە ئەوەیە بە ورياییو بە دەربەس پاسەوانی درگای ماڵی خۆمان بین و نەیەڵین جاسووسانی چاوچنۆکی سیاسی و حیزبی و مەزهەبی خۆیان بخزێننە ناومان یان بەقازانجی سیاسەتەکانیان بەکارمان بێنن، وەیان بە هەڵە و لاڕێماندا بەرن. هەڵماندێرن. لەماوەی تەمەنی ئەم نیهادەوە تاك و تووك هاتوونەتە ناومان بەلام بە ناکامیوناچاری پاشە کشێیان کردوە. **گ.ج**

## کۆڵانی بنبەستی سیستەمی

# پەروەردە لە کوردستان

(بابەتێکی چارەنووس ساز بۆ گفتوگۆی رووناکبیران و سەرنجراکێشانی فەرمانڕەوایانی کوردستان)



مەهاباد قەرەداغی

**پێشەکی**

هەڵەیەکی گەورە دەکەین ئەگەر بڵێین سیستەمی پەروەردە لەباشووری کوردستاندا هەڵەو کەموو کووڕی تێدایە و پێویستە هەڵە و کەم و کووڕیەکان چاك بکرێنەوە، یابڵێین بۆشایی تێدایە و پڕ بکرێنەوە، یان پێمان وابێ بە هەندێ ڕیفۆرمی لاوەکی و لاواز دەتوانرێت چارە سەر بکرێت.

بە بۆچوونی من سیستەمی پەروەردە لە وڵاتی ئێمەدا نەك ئێستا، بەلکە دەمێکە وەك کۆڵانێکی بنبەست و تاریکە و مرۆڤێکی ئاسایی لێی دەرباز نابێت. لەناو سیستەمی پەروەردەدا کە داڕێژەرەکەی ڕژێمی بەعس بووە و بەردەوامی ئەو ڕێبازەیە لەسەرتاپای وڵاتی ئێمەشدا کاری پێدەکرێت. ڕۆژانە قوتابخانەو دام و دەزگا پەروەردەییکانمانی کردوە بە کارگەی بەرهەمهێنانی کۆیلە.

مرۆڤ، لەو سیستەمە پەروەردەییەدا بەهای نیە، کە بەهایشی نەبوو ئیدی نەئەرك و نە ماف ئاسایی مرۆڤی دەبێت. منداڵ وەك چۆن لە سیستەمی باوکسالارانەی خێزاندا ( کە لە وڵاتی ئێمەدا بە ئەندازەی سەد لە سەد پەیرەوی دەکرێت) کەرەستەیەکی خاوی (وەکو قووڕیاری) بەدەستی باوك و (دایکە)وە و باوك چۆنی بوێ (دایك) لەو قوڕە ئەو مۆدیلە دروست دەکات. ئەو مۆدیلەش کە سەرگەورەی خێزان دەیەوێت کۆیلەیەکی گوێڕایەڵ و بێداخوازی و پاسیڤە، نەك مرۆڤێکی بیرکەرەوە و چالاك و بزێو، سیستەمی ئێمەش لە وڵاتی ئێمەدا درێژە بە کۆتکردنی جەستەو گەشەنەکردنی بیر و دیلکردنی ڕۆحی منداڵەکان (مرۆڤەکان) دەدات.

بۆ هەریەکێك لەم قسانەی کە دەیانکەم بەڵگە پێویستە، لەبارەی بەڵگەشەوە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە سیستەمی پەروەردە لە وڵاتی ئێمەدا گەیشتۆتە خاڵی بنبەست، مەخابن هێندە دەوڵەمەندین کە چواردەوری هەر مرۆڤێکی لە باشووری کوردستاندا ژیاو پڕە لە بەڵگەی لەمجۆرە. هەر کەسیك لەئێمە کە لەقوتابخانەکانی ئەو وڵاتەدا فێرکراوین یادگاری سامناکی لەگەڵ مامۆستاو بەڕێوە بەری قوتابخانەکانماندا هەیە، بەڵام من لە هەموو ئەو بەڵگانەش دەبوێرم و لە تازەترین بەڵگەکانەوە ئەو تیۆریە دەسەلمێنم کە سیستەمی پەروەردە لە وڵاتی ئێمەدا "باشووری کوردستا" کۆڵانێکی بنبەستە و، بە ڕێفۆرم و گفتوگۆی سادە و بریارێك و دووان چارەسەر ناکرێت، بەڵکە ئاوەژوو کردنەوەی پێویستە.

لە باشووری کوردستاندا دوو وەزارەتمان هەیە بۆ پەروەردە، بەڵام بەهەردوکیانەوە و دوای 13ساڵ لە نەمانی بەعس لە باشووری کوردستاندا گۆڕانکارییەکی جەوهەریان لە سیستەمی مرۆڤخەسێنی پەروەردەدا نەهێنایە ئاراوە کەلەگەڵ دۆخی ئازادیو سیاسی "ڕێژەیی" لەوبەشەی لەکوردستاندا بگونجێت کە لەژێر کونترۆڵی کورد خۆیدابوو. ئەوەی ئەفسووسی گەورەی ئێمەیە وەك رووناکبیرانی بەتەنگەوە هاتووی کۆمەڵگەکەمان ئەوەیە کە بەم ڕۆژگارەش لەناو دامودەزگا پەروەردەییەکانی ئێمەدا تاوانی پەروەردەیی ڕوودەدەن و مافەکانی مرۆڤ پێشێلدەکرێن. ئەمدۆخە کارەساتامێزانە پەیوەستە بە وەزارەتەکانی ماف مرۆڤیشەوە لەکوردستاندا، کە دەبوایە ڕۆڵێکی فشارهێنەریان بووایە لە گۆڕینی سیستەمی پەروەردە بەرەوئاقار و ئاڕاستەیەکی مرۆڤانە، کە هیوادارم هیچ نەبێ لەمەو دووا ئەو ڕۆڵە ئاساییەی خۆیان بگێڕن.

لەم بابەتەدا هەندێ دەستەواژەی تایبەتی دێنمە بەرهەم کە دۆخی بە بنبەست گەیشتووی سیستەمی پەروەردەی باشووری کوردستان سۆنگەی دروستبوونیانن. دیارە من وەك پسپۆڕێکی ئەم بوارە ماف بەخۆم دەدەم لەم بوارەدا بە ڕاشکاوییەوە قسەبکەم و دەمەوێ لە میانەی ئەم بابەتەوە گوزارە لەو کارەساتانەوە بکەم کە ئەو سیستەمە دەبێتە سۆنگەی ڕوودانیان. لەناه ئەو دەستەواژانەش کە بەکاریان دەبەم و دەشێن بەوشەگەلێکی ئەم بابەتە ئەمانەن:

### تاوانی پەروەردەی تراژدیای پەروەردەیی پەروەردەی کۆیلە سازیێ

### مشتێ‌نموونە لە خەرواری تاوانە پەروەردەییەکان:

لێدانی منداڵ چ لەماڵەوە بەدەستی دایك و باوك، چ لە قوتابخانەکان بەدەستی مامۆستاو بە ڕێوە بەر دەبێ وەك تاوانی پەروەردەیی بژمێردرێ. منداڵ مرۆڤێکی بچووکە و ، نابێ بەهۆی بچووکی قەوارە و بێهێزی و پێنەگەیشتنی تەواوی ئۆرگانەکانییەوە لە لایەن گەورەکانەوە ستەمی لێبکرێت. لێدانی منداڵ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا چ لەناو خێزان و چ لەناو قوتابخانکاندا هێندە بەئاساییەوە تێی دەڕوانرێت و ئەوەندە سیستەماتیکی پەیرەوی دەکرێت وەك ئەوەی یاسایەکی سروشتی یان نۆرمێکی ئاسایی بێت. خراپترین دۆخی تاوانی ئازاردانی منداڵ ئەوەیە کە دایکوباوك و مامۆستا و بەڕێوەبەر و پەروەردەکاران وا پێناسەی بکەن کە لەبەر بەرژەوەندی منداڵەکە خۆی، یان لەبەر خۆشەویستی منداڵەکە ئازاری دەدەن. چونکە هەرگیز ئازاردان لە سۆنگەی خۆشەویستییەوە نابێت و ئاکامی پۆزەتیڤی نابێت لەرووی دەروونی و پەروەردەییەوە، ئیدی چ لەماڵەوە بێت و چ لە قوتابخانە. هەرگیز عەقڵ ناتوانێت ئەوە قبوڵ بکات کە لە پێناوی بەرژەوەندی و لەبەر خۆشەویستی لە کەسێك بدرێت. لۆژیك و عەقڵ و زانستەکان ئەمە قبوڵ ناکەن و، لەگەڵ پرینسیپە گەردونیەکانی ماف مرۆڤیشدا ڕەوشتی ئازاردانی مناڵ، یان ئازاردانی مرۆڤ، بەگشتی لە دژایەتیدایە.

لە وڵاتێکی ئاساییدا دەوڵەت ئەرکی خێزان کەم دەکاتەوە بەوەی کە سیاسەتێکی خێزانی داڕێژراوی هەیە و بە پلان و گونجاندن لەگەڵ بارو

دۆخی لەئارادا بوودا ئەو سیاسەتە ئاڵ و گۆڕی تێدا دەکرێت. لە کۆمەڵگەیەکی مەدەنیدا و لەدەوڵەتێکی کە سیستەمی دیموکراسی بەرێوە دەبات دەوڵەت و خێزان ، دەوڵەت و تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە. دەوڵەت و دامودەزگاکانی ناو ئەو کۆمەڵگەیە لە پەیوەندی نێوان خۆیاندا پەیرەوی یاساو هاوکێشەی ئەرک و ماف دەکەن. هەردولا بەرانبەر بەیەك خۆیان بە بەرپرسیار دەزانن و چاوەڕوانیان لەیەکتر هەیە کە هاوکارو تەبابن لەگەڵ یەکتدا و دانوستانێکی بەرنامە بۆ داڕێژراو لە نێوانیاندا دەبێت.

ئێمە لە باشووری کوردستاندا بەتایبەت لەو ساڵانەی دواییدا خۆمان وەك خوازیاری سیستەمێکی دیموکراسی بۆ بەڕێوە بردنی ولات و کۆمەڵگەی مەدەنی هێناوەتە زمان. بەلام زۆرکەم باس لەو میکانیزمانە دەکەین کەدەشی ببنە پێکهێنەری ئەو سیستەمە سیاسی، کۆمەلایەتی، ئابووری و کلتوورییەی کە لە کۆمەلکەی مەدەنیدا پەیرەوی دەکرێت.

بۆ ئەوەی دەسپێکی بۆ وەگەرخستنی ئەو پرۆسەیە دابنێن لەپێش هەموو شتێکیتر پێویستمان بە دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموو کوورییەکانە. ئینجا رێگری و ئاستەنگەکان. ئەوەی کە بۆمن زۆر روونە و بۆ هەموو بەدواداچوویەك و بەتەنگەوە هاتوویەکی کۆمەڵگەی کورد روونە، ئەوەیە کە کلتووری بەعس لەماوەیەکی درێژخایەندا بە هەموو ئامرازە باوو ناباوەکان کەسایەتی مرۆڤی ئێمەیان شێواندوە و، بەتایبەتیش لە رێگەی سیستەمی پەروەردەوە کەسایەتی نەوەکانی ئێمەیان ژەهراوی کردوە.

بۆیە ناکرێ بڵێین تەنها ریفۆرم بۆ ئەم سیستەمە پێویستە، بەلکە بە دڵنیایی و سووربوون لەسەر ئەوبۆ چوونەوە دەڵێم کە هەڵوەشاندنەوەی ئەو سیستەمە و بنیاتنانەوەیەکی نوێی سیستەمێکی مودێرن و هاوچەرخ بۆ کۆمەڵگەی ئێمە پێویستە. ئەگەر بەڕاستی خوازیاری کۆمەڵگەی مەدەنی و سیستەمی دیموکراسین و مەبەستمانە بەستانداردێکی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ، مامەڵە بکەین و پرنسیپیە گەردوونییەکان لەبەرچاو گرین و، ئەگەربەڕاستی هەموومان رووناکبیران و سیاسەتمەداران و فەرمانڕەوایانی کوردستان نیگەرانی نەوەکانی داهاتووی کۆمەڵگەی کوردێن، پێویستە درەنگتر نەکەوین و هیچ نەبێت ئێستا دەست پێبکەین.

بەلام ئایا گۆرانکارییەکی لەمشێوەیە بنیاتنانەوەی سیستەمێکی مرۆڤانە، ژیاندۆستانە، ئاشتی خوازانە، سیستەمێکی راشونیل (عەقلانی) بۆ پەروەردە بەکێ دەکرێت؟

ئایا ئەو کەسانەی کە بەتێڕوانینێکی باوکسالارانەوە دەڕواننە نرخی مرۆڤەکان دەتوانن سیستەمێکی جیاواز لەوەی کەئێستا مرۆڤ، دەکات بەکۆیلە و سەدان تاوانی پەروەردەیی تیا روو دەدات، بنیات بنێن؟

**ئایا سیستەمی پەروەردە بەیەك کەس و تەنانەت بەچەند کەسێك دەگۆردرێت؟**

لۆژیکییە وەلامی ئەوپرسیارانە نەخێر بێت. چونکەلۆژیکی نیە کۆنخوازێك

کاری بنیاتنای سیستەمێکی مودێرنی پێبسپێردرێت. لۆژیکی نیە یەك کەس، یەك گرووپی چەند کەسی ئەگەر پسپۆڕ و داناش بن سیستەمێك سەرلەبەر هەڵوەشێننەوە و یە کێکی تەواو پێچەوانەی ئەوە بنیاد بنێنەوە. گۆڕینی سیستەمی پەروەردە سەدان پسپۆڕی بوارەکانی پێداگۆگی، سۆسیۆلۆگی، سایکۆلۆگی، بەتایبەت و بوارەکانی تر بەگشتی پێویستن لەبنیاتنانەوەیدا، پلانێکی پەروەردەیی تەنها بە وەزیرێك و دوان و سیان دانانرێت، بەڵکە کەسانی پسپۆڕی بواری پلانرێژی ئۆرگانیزاسیۆن کە هاوکات پەروەردەکاریش بن دەتوانن کارابن لە دانانیدا، تەنها لە رێگەی هەرەوەزییەکی زانستی و زنجیرەیەك تراژدیای پەروەردەیی دەروونفراوانی و سنگفراوانیەکی دیموکراسیانە دەکرێت میکانیزمەکانی ئاڵوگۆری ریشەیی سیستەمی پەروەردە دەستنیشان بکرێت و دەست بە هەنگاوەکانی بکرێت. دەنا قەیرانی سیستەمی پەروەردە لەوە زیاتریش کە ئێستا هەیە دەخنکێت و نەوەکان دەخنکێنێت.

## زنجیرەیەك تراژدیای پەروەردەیی

تەنها لەم شەش مانگەی دواییەدا لە رۆژنامەکانەوە هەواڵی ئەم تاوانانەی پەروەردەییانە بلاو کراونەتەوە کە من لەخوارەوە وەك نموونە دەیانهێنمەوە و، وەکو بەڵگە ئاماژەیان پێدەکەم و کومێنتار شیکردنەوەی خۆمیان لەسەر دەکەم، ئەمە جگە لە سەدان نمونەی دیکە کە ناهێنرێنە رووپەری رۆژنامەکان و لە تاریکیدا دەمێننەوە.

## نمونەی یەکەم دارکاری بەکۆمەڵ

بەرێوە بەری قوتابخانەیەك (دواناوەندی زەڵمی کچان) دارکارییەکی بەکۆمەلی کچان دەکات لە سۆنگەی ئەوەی کە ئەوکچانە لەگەڵ کورانی هاو تەمەنیاندا لە رۆژێکی بەفر باریندا یاری شەرە تۆپەڵیان کردوە. لەبەدوادا چوونی ئەم هەواڵەدا کە هەفتەنامەی هاوولاتی تیشکی خستبوە سەری، بەرێوەبەری ئەوقوتابخانەیە نارزایەتییەکی توندی خۆی بەرامبەر ئەو شەرە تۆپەڵە دەربریوە و زۆر بەنەشیاوی زانیوە کە کچان لەگەڵ کوراندا یاری بکەن. هەروەها بەهەستێکی شەرمەزارییەوە لەو کچانەی قوتابخانەکەی دەدوێت کەنامەی دڵداری پێوە گرتوون و هەستی خۆشەویستی خۆیان بۆ کوران دەربریوە. ئەو بەرێوەبەرە (پەروەردەکارە) وەك خاڵێکی پۆزەتیڤی خۆی باسی ئەو دارکاریکردنە بە کۆمەڵ دەکات و دەڵێت کە گوایە قوتابییەکانی خۆش دەوێت لە بەرژەوەندی ئەوان ئەم ئیدانەی بەرەوا زانیوە!

**کومێنتاری شیکردنەوە** لەم نمونەیەدا دەتوانین ئەم خالانە بێنینەوە کە زۆر سورشتین کە کچان و کورانی قوتابی وەك ئاکارێکی ئاسایی و سروشتی ئەو قۆناغەی ژیانی خۆیان ئەنجامی دەدەن و هیچ سەیرو سەمەرە نین تا دایکوباب، یان بەرێوەبەری قوتابخانە پەسەندیان کات:

1 = کە کوڕانو کچان حەزدەکەن پێکەوە یاری بکەن، ئەمە لە سروشتی ئەواندا وایە هێزێکی راکێشەری سروشتی لەنێوانیاندا هەیە و ئەمەش زۆر پۆزەتیڤە بە گەشەکردنی کەسایەتی دەروونی هەردولایان.

رێگە گرتن لەم پەیوەندیە سروشتیە ناکامی دەروونی پەروەردەیی زۆر خراپی لێ دەکەویتەوە، بەوەی کە بەربەست لەرێگەی گەشەی کەسایەتی هەردوولایان دادەنێت.

2 = حەزکردن بەیاری و شەڕەتۆپەڵ هێمای سروشتی ئەولاوانەیە و ، سروشتدۆستی بەمانای ژیاندۆستی و گەشبینی و بزێوی فیزیکی و دەروونی لاوانە. ئێمە دەبێ زۆر دڵشادبین کە لاوانمان بزێوبن و حەز بە سروشت بکەن و چێژ لەدیاردەکانی سروشت وەر بگرن و لە ڕۆژێکی ساردی زستانی و بەفربارینەدا بەهۆی یارییەکی شەڕەتۆپەڵەوە خۆیان و یەکتری شادبکەن و پێبکەنن . مامۆستایەکی ڕۆشنبیر پێویستە گەشکەبیگرێ بە بزێوی‌و گەشبینی قوتابیەکانی نەك بەپێچەوانەوە.

3 = خۆشەویستی سیفەتێکی هەرەجوانی مرۆڤە و مرۆڤ، بەبێ خۆشەویستی وشك دەبێتەوەز کە کچان و کوڕان نامەی دڵداری بۆ یەکتری دەنێرن و هەستی خۆشەویستی بۆ یەکتری دەر دەبڕن، مانای ئەوەی ئەوان پڕن لە گەشەو ئەڤین، بەتایبەتی لەو قۆناغەدا کە لاون و لە سەرەتای دروستبونی ناسنامەدان پێویستیان بەو خۆ دۆزینەوە هەیە بۆ یەکتری. کچان و کوڕان لەو نامانەدا و لەناو ئەو هەستە چڕەدا کەبۆ یەکتری دەردەبڕن، گوزارە لە ناوەوەی خۆیان دەکەن و لە هەوڵی خۆدۆزینەوە و بەررجەستە کردنی ناسنامەی خۆیاندان. بۆیە هەر بەربەستێك لەم بووارەدا زیانێکی زۆر بە ناسنامەیان دەگەیەنێت. مامۆستایەکی هۆشیار چۆن دەبێت ڕێك بە پێچەوانەوە بڕوانێتە ئەم دیاردەیە و بە شەرمەزاری بزانی کە کچێك نامە بۆ کوڕێك بنووسێت.

4 = کە کچان و کوڕان لە لایەن مامۆستاوە لێدەدرێن لەسەر هەڵس و کەوتە سروشتییەکانی خۆیان و دەربڕینی هەستە سروشتیەکانیان، بەتایبەتی لەو قۆناغە هەرەناسکەدا کە قۆناغی دروستکردنی ناسنامە بۆ ئەوان تووشی دۆخی دەروونی باوەڕ بەخۆ نەبوون دەبن و، وەك کەموو کووڕییەك لە درێژەی ژیانی داهاتوویاندا ڕەنگ دەداتەوە. کچان و کوڕان ئەگەر چی لەو تەمەنەدا کە لێدانەکەیان خواردوە خۆیان بێباك پێشان بدەن و گاڵتە بە مامۆستاکەش بکەن و پێی پێبکەنن (وەك بە ڕێوەبەرەکە گوزارەی لێکردوە). بەڵام لە هۆشی ناوەوەیادا وەك کەموو کووڕیەك دەچەپێت و درەنگتر لە کەسایەتیاندا کاردانەوەی نیگە تیڤی دەبێت.

ڕۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانەی ناوبراو وەك دارکاریکار پێچەوانەی ئەوڕۆڵەیە کە دەبوایە هەیبێت وەك پەروەردەکارێك، لە ئەنجامی ئەو ڕۆڵە پێچەوانەیەدا و ئەو ڕەفتارە نا پەروەردەییەدا ئەم کیشانەی خوارەوە دەکەونەوە:

1 = خۆشەویستی لەناو خۆی و قوتابیەکاندا دەکوژێت.

2 = متمانە بە قوتابیەکانی ناکات و متمانەی قوتابیەکان دەدڕێنێت.

3 = ڕێنگە لە خۆشەویستی نێوان قوتابیەکان (کوڕوکچەکان) دەگرێت و بەمەیش ڕێگەی لە خۆدۆزینەوەی قوتابیەکان گرتووە.

4 = ڕێگەی لە گەشەی فیزیکی قوتابییەکان گرتوە بەوەی کە ڕێگەی لە یاری کردنیان گرتبێت. وەك ئاشکراشە کەیاریی، بەتایبەتی یارییەکی وەك شەڕەتۆپەڵ وەرزشێکی بەسوودە بۆ لەشی قوتابییەکان و پێویستە بۆ گەشەسەندنی فیزیکی مرۆڤ. هەروەها لە ڕێگەی یارییەوە فەنتازیای قوتابی گەشە دەکات، مامۆستا ڕۆڵی فەنتازیا کوژی قوتابییەکانی دەبینێ

5 = بەو دارکارییە گومانێکی گەورەی لەسەر مامۆستایی دروستکردوە. مرۆڤ، لەدۆخی مامۆستایی وادا ڕادەمێنێ و دەپرسێ گەلۆ مامۆستای لەو شێوە دەشێن بۆ پەروەردە و پێگەیاندنی نەوەیەك. یان خۆیان پێویستە پەروەردە بکرێن؟

6 = مەخابنێکی زۆر لامان دروست دەبێت کەمامۆستای لەو جۆرە کە (بەداخەوە کەمنین) لە ڕووی ڕۆشنبیری دەروونییەوە چەند کەمزانیارین. بە هەمان شێوە لە ڕووی زانستەکانی پەروەردەییەوە چەند کلۆڵن.

## نموونەی دووەم: پەروەردەی دژە زانست

مامۆستایەك لە دوو قوتابی دەدات و لە قوتابخانە وە دەریان دەنێت و نمرە لە ڕەوشتیان دەشکێنێ لەبەر ئەوەی کتێبێکی ڕۆشنبیری سیکسی بەدەستیانەوە گرتووە!

کۆمێنتار و شیکردنەوە لەم هەواڵەدا ئەوخاڵانە دژە وتار و دژە گفتار و سەرنج ڕاکێشن:

1 = ڕۆشنبیری سیکسی کە دەبوایە بەشێکبێت لە پلانی پەروەردەیی و لە قوتابخانەکانەوە منداڵان فێر بکرێن و لە گەشەکردنی ئورگانەکانی لەشی خۆیان ئاگادار بکرێنەوە، کەچی بە پێچەوانەوە قەدەغە و بڤەیە.

2 = لاوان وەك دۆخێکی ئاسایی و لە تەمەنێکی دیاری کراودا کە لە گۆڕانکاریەکانی لەشی خۆیان سەرسام دەبن و بەدوای وەڵامی پرسیارەکانی ناخی خۆیاندا وێڵ دەبن و لە ڕێگەی کتێبەوە هەوڵی وەدەسهێنانی دەکەن، واتە زانیاری خوازن و ئەمەش کارێکی پۆزەتیڤە کەچی مامۆستا لەسەر زانیاریخوازی سزایان دەدات.

3 = کاتێ مامۆستا لەسەر کتێبێکی ڕۆشنبیری سیکسی نمرە لە ڕەوشتی قوتابی دەشکێنێت ، مانای ئەوەیە لای ئەو مامۆستایە ڕەوشت بریتییە لە سیکس و ئەندامی سیکسی مرۆڤەکان، نەك بە بەها گرینگەکانی تری وەکو ڕاستگۆیی، دەستپاکی و هتد. کەئەمەش تێڕوانینێکی ناڕاستییە بۆ ڕەوشت و بۆ سیکس، کە مەخابنە مامۆستا تێڕوانینی زانستیی وابێ و نەوەیەکیش لەبەر دەستی دابێت بۆ پەروەردەکردن. مامۆستای سەقەت ناتوانێت نەوەی ساخ و سەلیم پەروەردەبکات، مامۆستای ناهوشیار نەوەکەی بەردەستی بێهۆشتر دەکات لەخۆی.

4 – کە قوتابی لەسەر زانیاری خوازی لە قوتابخانە وەدەرنرێت، گومان لەسەر قوتابخانە دروست دەبێت وەك شوێنێك بۆ فێربوون و وەرگرتنی زانیاری. لەم دۆخەدا قوتابخانە لە شوێنێك بۆفێربوونەوە دەبێتە شوێنێکی دژەفێربوون، مامۆستا لە فێرکارەوە دەبێتە دژی فێرکاری.

## نموونەی سێیەم: تراژدیای سووکایەتی پەروەردەیی

کچە قوتابییەك لەتاقیکردنەوەدا قۆپیە (غەش) دەکات و مامۆستا قۆپییەی پی‌دەگرێت. بەڕێوەبەری ئەم قوتابخانەیە کە لە شاری ڕانییەدایە کچە قوتابییەکە (کە لە تەمەنی هەرزەکاریدایە و سەرەتای قۆناغی خۆدۆزینەوەیەتی) پۆل بەپۆل دەگەڕێنێ و بۆ ئەوەی سووکایەتی بە کچەکە بکات بە قوتابیانی پۆلەکانی تری پیشان دەدات وەك ئەوەی ئەوکچە تاوانێکی گەورەی کردبێت، هەر ئەوڕۆژە ئەوکیژە دەگەڕێتەوە ماڵەوە خۆی دەکوژێت.

### کۆمینتارو شیکردنەوە:

کورت و کۆنکرێت لەمکارەساتە پەروەردەییەدا کە سیستەمێکی نەخۆشی پەروەردە لەوڵاتی ئێمەدا بەرپای کردوە ئەم خاڵانە هەڵدەهێنجم:

1 – ڕەفتاری بە ڕێوە بەری ئەو قوتابخانەیە ڕەفتارێکی (عەسکەری) واتە سەربازیان ەی وڵاتێکی ئاسایی، بەڵکە بەعسییانە. هەموومان لەبیرمانە چۆن ڕژێمی بەعسی کابووس کە سەربازێکی لە شەڕهەڵاتووی دەستگیر دەکرد سەری دەتاشی و لە پشتی ئۆتۆمبیلێکی سەربازی دەنا و کۆڵان بە کۆڵان دەیگێڕا بۆ ئەوەی سووکایەتی پێبکات و خەڵك پێی پێبکەنێت، بەم ڕەفتارەش تەنها مەبەستی شکاندنەوەی کەسایەتی ئەومرۆڤەبوو، کە لە ئاکامی ئەو ڕەفتارەشدا مەحاڵ بوو مرۆڤەکە تووشی خەمۆکییەکی کوشندە نەبێت. ڕەفتاری بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەیەش کۆپییەیەکی ئەو ڕەفتارە سەربازییەی بەعسییەکانە و مانای ئەوەیە کلتووری بەعس لەناو مینتالییەتەی دام و دەزگایەکی هێندە هەستیاری وەك هی پەروەردە تا ئەمڕۆش برەوێکی بەهێزی هەیە و تاوانی پەروەردەیی وای لیٚ دەکەوێتەوە.

2 – کە قوتابی پەنا دەباتە بەر قۆپییەکردن و بە فێڵ دەربازبوون لە قۆناغێکی خوێندن، هێمایە بۆ لاوازی ئاستی فێرکاری و بیٚبرەوی پلانی خوێندن و نابەرپرسی دام و دەزگا زانستییە پەیوەندیدارەکان. لە مەسەلەیەکی وادا مامۆستا دەبێت لە ڕەفتاری خۆی، لەئاستی پەروەردەیی و هشیاری زانستی خۆی ڕابمێنیٚو پرسیاری لادروست بێت، نەك سووکایەتی بە قوتابییەکە بکات کە گزی لێدەکات و دەیەوێت بە فێڵ لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر دەربازبێت.

3 – لەو تەمەنە هەستیارەدا کە کچێکی پۆلی دووی ناوەندی لە نێوان 12–14 سالێدایە ولە قۆناغی پرسیار کردنە لە ناسنامەی خۆیو ڕووبەڕووی سووکایەتییەکی لەوجۆرە بێتەوە، گومانی تێدا نییە کەئەنجامێکی ئاوا ترسناکی لیٚ بکەوێتەوە و خۆی بکوژێت.

کچێکی لەو تەمەنە و لەو ڕەفتارەدا ئاوێنەیەکی لە لایەن بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیەوە پیٚدراوە بۆ خۆبینیٚن کە لەو ئاوینەیەدا ئەو خۆی وەك بیٚبایەخ و هیچ و پووچ دێتە پێشچاو و سووکایەتی پیٚدەکرێت، بۆیە تووشی ئەوپەڕی خەمۆکی دەبێت و لە دۆخی چڕی خەمۆکیدا بڕیاری خۆکوشتن دەدات.

4 – دۆخی خۆکوژی ئەم قوتابییە مەترسی و دۆخێکی دەروونی نائارام بۆ هاوڕێکانیشی دروست دەکات و بۆ هەموو قوتابییەکانی ئەو قوتابخانەیەش. ئەم دۆخەش ڕێگرە لەبەردەم پرۆسەی ئاسایی فێربوونی ئەوان کە ناشیٚو نەگونجاوە تێکەڵ بە ترس و دڵەڕاوکیٚ بکرێن.

## نموونەی چوارەم: پەروەردەی تۆقێنەر

دۆخەکەی عادل: سوپاس بۆ ڕۆژنامەی هاو وڵاتی کە ئەم بابەتانە دەوروژێنیٚ و ئەگەرچی ئەم کارەساتانە تا ئەوپەڕی ئازاردان ئازارمان ئەدەن بەڵام هەر ئاشکرا کردنیان پۆزەتیڤە و پێویستمانن وەك بەڵگە بیاندەینەوە بە ڕووی ئەو بەر پرسانی ئەو بوارانە.

عادل قوتابی قوتابخانەیەکی ناوەندیە و لەگەڵ کچیچکی هاو تەمەنی خۆیدا دەبێتە شەڕیان (کە ئەمە بۆ تەمەنی ئەوان ئەپەڕی ئاساییە).

بەڕێوەبەری قەتابخانەکەی داوای لێدەکات باوکی بهێنێتە قوتابخانە و، عادل دەخوازی مامۆستای ڕازی بکات دایکی لەجێگەی باوکی بێت لەگەڵ بەڕێوەبەر قسەبکات. مامۆستا لەم هێمایەی عادل تێناگات و، داخوازییەکەی ڕت دەکاتەوە و سوورە لەسەر ئەوەی کە باوکی عادل بێت بۆ قوتابخانە. عادل دەگەڕێتەوەماڵەوە و ئەم کێشەیە لای دایکی باس دەکات، بەڵام تەنانەت پێش ئەوەی باوکی لە داخوازی قوتابخانە و بەڕێوە بەرەکەی ئاگاداربکاتەوە بڕیارێکی خێرا دەدات و خۆی دەسووتێنێت و کۆچی یەکجاری دەکات و دەبێتە قوربانییەکی تری سیستەمی ترسناکی پەروەردە خێزان و قوتابخانەکانی کۆمەڵگای ئێمە.

### کۆمینتار و شیکردنەوە: لە دۆخەتراژیدییەکەی عادل دا ئەم خاڵانەی خوارەوە هێڵە سەرەکییەکانی پەروەردە بەگشتی لەکۆمەڵگەی کورددا پێك دەهێنن

1 – باوکسالاری لە خێزاندا تاڕادەیەك ترسناك کارایە و هەمان سیستەمی باوکسالاری لە قوتابخانەدا تا ڕادەیەکی شێلگیران و سامناك کارایە. لەو سیستەمە باوکسالارەشدا بە میکانیزمەکانی ترس و تۆقاندن کەسایەتی مرۆڤ، دەشێوێنرێت و ماڵ و قوتابخانە وەك دووبەشی کارگەیەکی کۆیلەسازی بەشداری دەکەن و نەوە لەدوای نەوە کۆیلە بەرهەم دێنن.

2 – مەودای نێوان قوتابی و مامۆستا هیندە دوورە لەیەکەوە کەلەهێماکانی یەکتر تێنەگەن لە زمان و سیمبولەکانی زمانی یەکتری نەگەن. مامۆستا کە ڕۆڵی پەروەردەکار دەبینیٚ لەسەریەتی لەو دۆخی دەروونی ئەو قوتابییە تێبگات و لە ڕەفتارەکانی ئەو قوتابییە و کۆدەکانی دەروونی ئەو بدۆزێتەوە و خۆی کاریگەری لەسەر دابنێت، نەك لەسەر بچووکترین شت بێدەسەڵاتانە داوای باوکی قوتابی بکات و باوکیش لە کۆمەڵگەی ئێمەدا مەخابن ڕۆڵێکی کەڵەگایەتی بۆخۆی بەڕەوا زانیوە و بێدەربەستانە پەیڕەوی ئەو ڕۆڵە و هەنگاوەکانی ئەو سیستەمە مرۆڤ، خەسێنە دەکات.

3 – لە دۆخی عادل و تاوانە پەروەردەییەکانی تریشدا نەك تەنها وەزارەتی پەروەردە، بەڵکە وەزارەتەکانی ماڤی مرۆڤ، و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی دادیش بەرپرسن.

هەندیٚ پرسیار دەبنە پێویستی و ڕووبەڕووی هەریەك لەو وەزارەتانە دەکرێنەوە.

– ئایا دەشیٚ دۆخەکەی خۆکوژی عادل و ئەو کیژەی کە لەنموونەی سەرەوەدا باسمانکرد تەنها وەك خۆکوژییەکی ئاسایی لە قەڵەم بدرێن؟

– ئایا سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی ماڤی منداڵ بەتایبەتی و ماڤی مرۆڤ، بە گشتی لەناو خێزان و لەناو قوتابخانەکاندا چ هەڵوێستێکی جیددی وەرگیراوە؟ کوا فشاری وەزارەتەکانی ماڤی مرۆڤ، لەم پرسە چارەسازەدا؟

– ئایا پۆلیس پێویستە ئەم بارو دۆخانە وەك بارو دۆخی خۆکوژی تۆمار بکات؟ یان وەك تاوان تۆماری بکات و لە هۆکارەکانی دەو رو بەری بکۆڵێتەوە و کەسانی هۆکار بەگومانلێکراو دابنێت و لێیان بکۆڵێتەوە؟

– تاکەی سیستەمی داد بایەخ بە دادپەروەری نەدات و، لە نەهامەتی وا بێدەنگ و دەستەوەستان بێت؟

## نموونەی پێنجەم: پەروەردەی دژە عەشق و دوو قوربانیتر

لە قوتابخانەیەکدا لەشاری هەولێر دوو کچی لاو نامەی دڵداریان لە ڕێگەی پۆستەوە بە ناونیشانی قوتابخانەکەیان بۆ دێت. بەڕێوەبەری قوتابخانە هەڕەشەیان لێدەکات کە نامەکانیان بدات بە کەس و کاریان. هەردوو قوتابییەکە لە پۆلێکی خوێندندا ئاگر لە خۆیان بەر دەدەن و خۆیان دەسووتێنن ودووپەڵەی ڕەشی تر لە ناوچاوی سیستەمی پەروەردەی وڵاتەکەمان تۆمار دەکەن.

## کۆمێنتار و شیکردنەوە:

لەم نموونەیەدا تێڕوانینی نازانستی خێزان، قوتابخانەو کۆمەڵگە بۆعەشق و بۆ پەیوەندی نێوان کچ و کوڕ و بۆ ناشارەزایی مامۆستا لە قەتابخانەکانی پەروەردەی منداڵ و لاوان دەر دەکەوێت، لە ئەنجامی ئەو تێڕوانینەشەوە ئەم هەڵەو پەڵانە دەکەونەوە:

1 – جەستەی مرۆڤ، کە بەڵگەیەکی بینراوی بوونی مرۆڤە، چونکە لە ئەنجانی تێڕوانینێکی باوکسالارانەی خێزان و قوتابخانە و کۆمەڵگەوە کراوە بەئامرازێکی سزادانی مرۆڤ، بایەخی جەستەی هێندە کەم کردۆتەوە کە مرۆڤ، بەئاسانی لەخۆی بچێت و بۆ نارەزایی خۆی لەخێزان، لە مامۆستا و لە کۆمەڵگە ئاگر لە جەستەی خۆی بەردات.

2 – دەشێ دۆخی خۆسووتاندنی ئەم دووکچەلاوە و دەیانی تریش بەوەش لێك بدەینەوە کە چونکە جەستەی کچ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا تەنها ئامرازێکە بۆ پاراستنی شەرەفی نێرینەکانی بنەماڵەکەی، ئەوشەرەفە سەیر و سەمەرەش تەنها بەنامەیەکی دڵداری تێك دەشکێت، ئیدی ئەوکچانە بێزار دەبن لەو جەستەیە و لەکاتی فشارێکی لەوجۆرەدا بڕیارێکی خێراو کوتووپڕیان پێدەدرێت بۆ لەناو بردنی جەستەی خۆیان کە لە بنەڕەتیشدا بوونێکی دردۆنگی هەبووە و هیپیاوانی بنەماڵەکەیان بووە نەك هیخۆیان.

3 – بەکار هێنانی هەڕەشە وەك وەسیلەیەك بۆ دەستەمۆ کردن و کۆیلە کردنی قوتابییەکان لە قوتابخانەکاندا پەیرەوی دەکرێت و لەم ئاکارەش ئاکامی دەروونی سامناك لە قوتابیدا دروست دەکات و لە حاڵەتی زۆر جیددیدا وەك ئەم تراژیدیایەی لێ دەکەوێتەوە کە دووکچ بگەنە حاڵەتی تۆقین لە کەس و کاری دژە عەشق و مامۆستای دژە عەشق و دۆخی خەمۆکی شاڵاویان بۆبهێنێ و بڕیاری خۆکوشتن بدەن لەناو پۆلێکدا کە دەبوایە جێگەی زانیاریخوازی و فێربوون بێت نەك خۆکوژی.

4 – لەم دۆخەدا ناهەمواری دۆخی کچان و بەتایبەت لەقۆناغی هەرزەکاریدا لە کۆمەڵگەی ئێمە دەردەکەوێت. ڕووبەڕووی تێڕوانینێك دەبینەوە کە مەخابن ئاشکرایە کە تراژیدیا دەسازێنێ و تاوانی لێ دەکەوێتەوە. دۆخی ئەم دووکچە ئاوێنەی سەدان و هەزاران دۆخی هاو شێوەیە کە لە هەموو کۆڵانێکی کۆمەڵگوی ئێمەدا ڕوویداوە. کە مەشیا قوتابخانە سەدد و بەربەست بوایە لە سەر ڕێگەی ئەو دۆخانەی کە لە کۆڵانی کوردەواریدا ڕوو دەدەن، نەك خۆی ببێتە کۆڵانێکی بنبەست و دۆخی ئەوپەڕی تراژیدیای تێدا ڕووبدات.

## ئەنجام:

لەو پێنج نموونەیەدا بەڵگەی ڕوون و ئاشکرای بە بنبەست گەیشتنی سیستەمی پەروەردەمان بۆ دەردەکەوێت. لەو پێنج نموونەیەدا کە ئامارژەیان پێکرا ، چوار لاوی کورد، سێکچ و کوڕێك ژیانیان لە دەست داوە و، هەزاران هەزاری تریش بە لێدان کەسایەتیان بریندار کراوە و بە جنێو دان و تانەو تەشەر دەروونیان شێوێنراوە. ئەم پێنج نموونەیە ئەم ئەنجامانە بە دەستەوە ئەدەن و ئەو پێویستییانە دەهێننە ئاراوە:

1 – سیستەمی پەروەردەی ئێمە دەبێ هەڵوەشێتەوە و سەرلەنوێ بنیات بنرێتەوە.

2 – پێویستمان بە سیستەمی پەروەردەییەکی وایە کە مرۆڤ، باوەڕبەخۆ، ژیاندۆست و سروشت دۆست و کارامە بخولقێنێ.

3 – سیستەمی پەروەردە سەربەخۆبێت و، کەسانی پسپۆڕی بوارە جیاجیاکان پلانی خوێندن دابنێن و حکومەت تەنها ڕۆڵی کارناسانیان بۆ ببینێت، نەك حکومەت فەرماندەر و ئەوان فەرمان بەرن.

4 – بە یاسا مافی منداڵ لە خێزان و مافی قوتابی لە قوتابخانە و زانکۆکاندا بپارێزرێت و پێشێلکەرانی یاسا بەر پرسیارێتی کردەوەکانی خۆیان هەڵگرن. هەتا یاسا بۆ پاراستنی مافی مندالان ، مافی ژنان، مافەکانی هاووڵاتی بە گشتی نەبێتە پالپشت، ئەو دادپەروەرییە بەردەوام دەبێت و قەوارەی قەیرانەکانی ئەو کۆمەڵگەش گەورەتر دەبێتەوە.

5 – پێویستە ڕووناکبیران گروپێکی کارای فشاربن تا بەرپرسان کەمتەرخەم نەبن بەرامبەر ئەو قەیرانانە و دەستبکرێت بە ئاڵوگۆڕی بناغەیی لە کۆمەڵگەی کورددا و بەتایبەت لەسیستەمی پەروەردەوە دەستپێبکرێت وەك هەنگاوی یەکەم بۆ کاڵکردنەوە و هێدی هێدی سڕینەوەی تەواوی کلتووری بەعس لەناو کوردستاندا.

## دواوتە:

ئەو هەنگاوەی کە ئەمڕۆ بنرێت بە هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی پەروەردەی بەعس و بنیاتنانی سیستەمی پەروەردەی هاوچەرخ ، نە ئەنجامەکەی بە چەندین ساڵ دەردەکەوێت. بۆئەوەی نەوەیەکی تریش سەقەت نەبن و کەسایەتیان نەشێوێ ، نەگەرچی درەنگیش بێت هەر ئەمڕۆ باشترە لە سبەینێ بۆ دەستپێکردن.

تەنها نەوەیەکی هشیار و باوەڕبەخۆ و بە سیستەمێکی دروست پەروەردەکراو دەتوانن ئاکار دیموکراتبن و کۆمەڵگەی مەدەنی لە سەر دەستی ئەوەان دێتە بەرهەم. ئێمە بە دانانی بناغەیەکی دروست بۆ نەوەی داهاتوو دەتوانین گەشبین بین بەوەی لە 10 =20 ساڵی داهاتوودا کۆمەڵگەیەکی مەدەنی، سیستەمێکی دیموکراسی و کۆمەڵگویکی خاوەن ستاتووی هوشیارمان دەبێت. دەنا بەم سیستەمە قەیراناوییەی ئیستاوە مەحاڵە هاتنەدی خەونی ئێمە بە سیستەمێکی سیاسی و دییموکرایس و بە کۆمەڵگەیەکی مەدەنییەوە.

29/ 5/ 2004 ستوکهۆڵم

# ماڤی منداڵ له کوردستاندا!

د = کامەران ... قەرەداغی

ماڤی مرۆڤ، زۆر لەمێژه له کوردستاندا قسەی لە سەر دەکرێ.
ماڤی مرۆڤی کورد لە کوردستاندا لە چەوسانەوەی نەتەوایەتیەوە سەرچاوەی گرتووە . ماڤی مرۆڤی کورد بەرامبەر بە داگیرکەرانی کوردستان وەکو بەشێ لەخەباتی چەکداری یان لەباشترین فۆرمیدا وەکو بەشێ‌لەخەباتی دیپلۆماسی سەرچاوەی گرتووه.

پێش ڕاپەرین و دوای ڕاپەرین ئەوانەی ئەم مەشخەڵەیان بەرزکردەوە هەر له چوارچێوەی ئەو چەوسانەوەیەدا بوو یان بۆ سارێژ کردنی برینەکانی ئەو چەوسانەوەیەبوو، بەتایبەت لەدوای ڕاپەرینی 1991 وە.
ڕیکخراوەکانی ماڤ مرۆڤ لە کوردستاندا ئەوەندەی بەدوای تیمارکردنی برینەکانی سەدامەوەن ( کە بۆخۆی دەبێ بکرێت بە بەشێ لە چالاکیەکان ) ، ئەوەندە بە دوای ئەوەوەنین کە خەڵکی کوردستان ( منداڵ ، ژن ، پیاو ) بەگشتی بە مافەکانیان ئاشنا بکەن.

بەداخەوە بەرهەمەکانی ماڤی مرۆڤ، لە پارچە زەوی وەرگرتن و شتی لەوجۆرەدا سەری بەرز کردۆتەوە! ( کەئەم زەوی دابەشکردنەش هەزارەها بێ‌ماڤی مرۆڤی لەخۆیدا قووت کردوە ، چونکە ماڤی مرۆڤ، لەکوردسناتدا بۆتە ماڤی شەهیدان ، پێشمەرگەی دێرین و قارەمان، کەس وکاری شەهیدان ، کەس و کاری پێشمەرگەی دێرین.
ئەم مافی مرۆڤەی لە کوردستاندا باسی لێوە دەکرێت ماڤی "پارتایەتیە" "ناوچەگەریە" "خەڵک کەسب کردنە".
ئەم ماڤی مرۆڤەی لەکوردستان باسی لێوە دەکرێت، ماڤی پیاوە، ماڤی پیاوی نەتەوەیەکە، مافی مەزهەبی پیاوە. ماڤی ئایدۆلۆژیەتی پیاوە.
ئەو پیاوەی، سیاسییە، ڕابەر و دەست پێشخەری ئەم مافانەیە، خۆی لە ماڵەکەی خۆیدا ژن و منداڵەکانی دەچەوسێنێتەوە و بێ‌مافیان دەکات، پاڵپشت کردن و هاندانی سیاسەتی شەڕی ناوخۆ ( لەنێوان پارتە کوردیەکاندا) بۆخۆی کوشتن و بێ‌خانەولانە و بێ‌باوک کردنی منداڵانە...
ماڤی پیاو لە کوردستاندا بریتیە لە ماڤی مرۆڤ، ، دەبێ ئەمە وەلاوە بنرێت و ماڤی مرۆڤی کورد وەکو ماڤی منداڵ، ژن ، پیاو یەکسان بێ.

کاتێك پارتی و یەکیەتی و ئیسلامی یەکتریان قەتڵ وعام دەکرد، یەکتریان دەکوشت و سەردەبڕیو، دەسوتاند ڕێکخراوی ئەمنەستی ئینتەرناشناڵ "لێبوردنی نێودەوڵەتی" ڕاپۆرتێکی بلاو کردەوە لەسەر تێکشکانەکانی مافی‌مرۆڤ، لە کوردستانی عێراقدا فیبرواری 1995 ئەوەندەی باسی پیاوەکان و پارتەکان کراوە هەرهیچ باسی ماڤی منداڵ و ژن نەکراوە هەر بۆیە لەسەر ئاستی نێیو دەوڵەتیش ئەو تێکەو لێکەیە هەیە.

سەرکردەکانی پارتە سیاسیەکان لە کوردستان ئەگەر بە ئەنقەست بیانەوێت فرمێسك بڕژێننە چاوی ئەوروپیەکان و ئەمریکیەکان و چاوی کوردیش کوێربکەن ، باس لە ژن و منداڵ دەکەن، بەڵام هەر بە ئەنقەست هەزارەها منداڵ بێ‌باوك دەکەن لە شەڕی "برایەتی" خۆیاندا.
ماڤی مرۆڤ، لە کوردستاندا دەبێ لە منداڵەوە دەست پێ‌بکات نەك لە پێشمەرگەی دێرینەوە، یان قارەمانەوە.

کام ڕیکخراوی منداڵانی کورد ئەوە دروشمیەتی؟ کام ڕیکخراوی منداڵانی کورد لە شەڕی ناوخۆدا ڕژانە سەر شەقامەکان و دژایەتی شەڕی ناوخۆیان کرد؟ کام ڕێکخراوی ماڤی مرۆڤی کورد بە مەشخەڵ و ئاڵای ئلشتیەوە چوو بۆ بەرەکانی شەڕی ناوخۆ؟ کام ڕێکخراوی منداڵان وێنەی منداڵانی کوردی کردە دروشمی ماڤی مرۆڤ؟

## وەڵامەکەی هیچکام لەوانە، بۆ؟

چونکە ئەوەی هەیەو کاردەکات لە ژێر سێبەری حیزبەکاندا هەناسەی خۆی ئەدات و حەساوەتەوە.
ئەو نووسین و کارانەی کە کراویشن بێ‌کاریگەر بوون، چونکە کاتێك دەتوانین باسی ماڤی مرۆڤ، بکەین، کە لەژێر سێبەری ماڤ، تیکشکێنەردا پشوو نەدەین.

( هەر لەو ڕوانگەیەوە لە (1993) دا لە ئەڵقە تەلەفزیۆنیەکانی بەرنامەی "دەنگی یاساو دادپەروەریدا" کەهەر بەخۆم (22) ئەڵقەمان لێ ئامادە و پیشکەش کرد، پێشنیاری ئەوەمان کرد، کە بنەماکانی ماڤی مرۆڤ، لە قوتابخانەکان و پەیمانگە و دانیشگاکان بخوینرێ، هەروەها گۆشەیەکی بەردەوامان لەسەر "ماڤی مرۆڤ، لەنێوان پێشێلکردن و پاراستنیدا" بلاو دەکردەوە... ل 9 ) — هەژاری عەزیز سورمێ کتێبی لە بیرەوەری یۆبیلی زێرنی جارنامەی ماڤی مرۆڤ، ، چاپی یەکەم 1998 .

کاك هەژار کاری زۆر گرینگ و باشی کرد و کتێبێکی بە نرخیشی ئامادەو وەر گێرا، کەمن لێرەدا ئاماژە بە هەندێك پەرەگراڤ دەکەم کە قسە لەسەر ماڤی مرۆڤ، دەکات.

<u>بەڵام بۆ کاریگەری نەبوو لەسەر پاراستنی ماڤی مرۆڤ، لەکوردستاندا؟</u>

ئەو هەموو قسەیە لەسەر ماڤی مرۆڤ، بۆ لەساڵی 1994دا کە شەڕی خەستی ( پ دك ، ی ن ك ، پ ك ك و ئیسلامی سەری هەڵدا یەك کەس حسابی بۆ بۆچوون و نووسینەکانی کاك هەژار نەکرد وەڵامەکەی ئاشکرایە، کاك هەژار لە ژێر سێبەری چەتری لایەنێکیاندا باسی ماڤی مرۆڤی دەکرد.. ئەمە نابێ ! براگیان !

( هەقیقەتێکی لەواقعدا سەلماوو حاشا هەڵنەگرە، کە بارزانی‌نەمر، لە پێناوی پاراستنی ماهییەت و کەرامەتی ئینسانی کورددا نیو سەدەی لە تەمەنی خۆی ... و تاد ل 247 )

ئەمە دەربڕینە لە بیرو باوەڕی پارتێکی سیاسی و دەر بڕینە لە ماف نەتەوەیەك كە تەنها پیاوی تیادا دەژی نەك منداڵ و ژن.. ئەمە نان و پیاز خواردنە بە ماف مرۆڤەوە لە سێبەری حیزبێکی سیاسیدا.

هەر وە ها لە باسی پیشنیاری مەڵبەندی تویژینەوەی ماف مرۆڤدا کە بانگەوازی ئەومەڵبەندەی لە لاپەرە 247 دا ڕاگەیاندووە لەژێر کاپیتاڵی بەرەو دامەزراندنی (مەڵبەندی توێژینەوەی بارزانیی نەمر بۆ مافەکانی مرۆڤ) دەنووسێ ..." ئەوکەسانەی کاری تێدا دەکەن، لەو مرۆڤە دەست و دڵ و ڕابردوو خاوێنانەبن، کە بە ڕاستی ڕێبازی بارزانیی نەمریان لا پەسەندە و پەسەند بووە و بەشێکی گەورەی بەرنامەی ژیانیان بووە، نەك ......" ل 249

ئەگەر لایەنێك وەکو " پارتی" ئاوێنەی ماف مرۆڤی کاك عەزیزبێ، ئەبێ ماف مرۆڤ، مانای چی بێت؟!

ئەو پرۆژەیەی کە کاك عەزیز بۆ داهاتووی ماف مرۆڤی دەخاتە ڕوو، مەرجێکی بۆ داناوە نەك هەرنابێ موناقەشە بکرێ، بەڵکو دەبێ خەتی ڕاست و چەپی بەسەردا بێت.

دواتریش لە بەشی بەڵگەنامە و دوکومێنت دا زیاتر پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە کەلەپوورو عەدالەتی بارزانی و پارتی بکرێتە بنەمای ماف مرۆڤ، لە کوردستاندا و سەرچاوەی توێژینەوەی زانکۆکان و پسپۆڕانی ماف مرۆڤ، لە ناوەوە و لە دەرەوەی وڵات.

ئیتر ئەمە وا دەکات کە بەرنامەکانی، نووسینەکانی، وەرگێڕانەکانی کاك عەزیز لەلایەن زیاتر لە 70 ٪ خەڵکی کوردستانەوە ڕەت بکرێتەوە و هەموو هەوڵ و تەقەلاکانی لە چوارچێوەی حیزبییەتدا تەماشا بکرێت و هەمووشمان شاهیدی پێشێل کردنی ماف مرۆڤین لە لایەن حیزبەکانی کوردستانەوە و لەوانەش "پارتی".

جا ئیتر ئەمە سەیرو سەمەرە نییە کە ڕاوێژکاری یاسایی‌و قانونی بەبەرچاوییەوە شەڕی ناوخۆ بە "عەداڵەتی بارزانی"و ڕێبازی هاوچەرخ" دابنێ..! هەر بۆیە شتە جوانەکانی کاك عەزیز لەڕووی کۆمەڵایەتی بوونی کوردییەوە بێبایەخ مانەوە.

ئافرەت و منداڵ لای کاك عەزیز هەر ئەوەندە بایەخی پێدراوە.

ئافرەت میحوەرێکی سەرەکی کۆمەڵگەی کوردەوارییمان دەنوێنێ بە چەندان شێواز و شێواز، ئەشکەنجە و ئەتك کراوە و بە زەقی مافەکانی پێشێلکراوە، کە ئەو سلبیاتە کۆمەڵی هەراسان کردوە، وا چاکە لەو بەشەی مەڵبەندەکەدا دوای وردبوونەوە لە جاڕنامەی ماف مرۆڤ، ڕێککەوتننامەکانی لە مەڕ ماف ئافرەت، ژێرپێ خستنەکانی ماف ئافرەت دەست نیشان بکرێت و چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە... سەرەڕای ئەوانەش دەکرێ بەشێك بۆ زارۆك و منداڵان و ... هتد تەرخان بکرێ , ل 258

پرسیارەکە ئەوەنیە کە ئینسان بە چ ناوێکەوە دەنووسێ یا قسەکەری چ حیزبێکە، بەلکو ئەوەیە کە چۆن هەموو حیزبەکان بێنە ژێر باڵی ئەو مافەوە کە قسەی لەسەر دەکەین، ئەو کەسانەی، ئەو حیزبانەی کە دەستیان بووە لە تێکشکاندنی ماف مرۆڤ، و پێشێلکردنی بنەماکانی ئەو مافە دەبێ دەست لە گەمە کردن بە ماف مرۆڤ، بکێشنەوە.

ی ن ك و پ د ك بە پێی ڕاپۆرتی ئەمنستی 1995 بە خراپترین شێوە مافەکانی مرۆڤیان لە کوردستاندا پێشێلکردووە، هەربۆیە ئەم دوو حیزبە پێویستە بەیەك دەنگ پاڵپشتی خۆیان دەربڕن بۆ ڕێکخراوە بێلایەنەکانی ماف مرۆڤ، لە کوردستان .

ماف مرۆڤ، لە کوردستان دا دەبێ لە ماف منداڵان و ئافرەتانەوە دەست پێ بکات و ماف منداڵ لەچوارچێوەی ماف پیاوداباسی لێوە نەکرێ و، وە ماف ئافرەت لە چوارچێوەی ماف پیاودا تاو توو و هاو سەنك نەکرێت.

ماف منداڵ و ئافرەت بەشێ نێیە لەماف مرۆڤ، لەکوردستاندا، بەڵکو دەتوانرێ بوترێ شتێك بەوناوە هەر یان نییە یان چەواشەیە.

ماف مرۆڤ، ئێستا لە سەرانسەری کوردستانی عێراق دا کە لەلایەن ی ن ك و پ د ك و حیزب و ڕێکخراوەکانی ترەوە باسی لێوە دەکرێت، ماف حیزبەکانە، ماف ڕێکخراوەکانە، ماف پێشمەرگە و ماف قارەمانیەتی ئەوانە. ماف مرۆڤ، لەلای ئەوان بە گەز و تەرازووی پاشماوەی بەعسی دە کێشرێت و دە پێورێت. ئەوە ڕاست نییە . چەوساندنەوەی نەتەوەیی، وەکو نەتەوەی کورد، نابێ ماف مرۆڤ، وەك تاك، خێزان، وە گروپ بخاتە ژێر پرسیاری ڕابوردو یان داهاتووەوە. ئەبێ هەموتاکێك لە کۆمەڵدا (منداڵ بەتایبەت) مافەکانی دەستەبەر بکرێت هەتا ئەو شوێنەی ئیمکان هەیە بێ گوێدان بەوەی کوڕی کێیە و لە چ خێزانێکە یان سەر بە چ ئایدۆلۆژیەتێك و سیاسەتێکی کۆمەڵایەتیە.

ماف منداڵ دەبێ بنوسریتەوە، بڵاو بکرێتەوە، بخوێنرێتەوە، منداڵ خۆی بکرێت کە مافەکانی چییە و کامانەن وەك وانە لە قوتابخانە بوتریتەوە، بخوێنرێت، باوك ودایك لەسەر بێ ماف کردنی منداڵ لێیان بپرسێتەوە، با هەموو باوك و دایکێ ئەوە تێ بگەن کە لایەنی کەمی ماف منداڵەکەی چییە، بۆ ئەوەی بتوانی هەوڵی بۆ بدات.

نیشتمان پەروەرێك کە نیشتمانەکەی دەکەوێتە مەترسییەوە، خەبات دەکات پارێزگاری لێوە دەکات و خۆی دەکات بەقوربانی و ئەگەر بپرسی بۆ وادەکەی دەڵێ بۆ نیشتمانەکەم. ئەگەر کەسێ ئاشنا نەبێ بە مافەکانی چۆن ئەتوانی بەدەستی بێنێ و لە کاتی مەترسیدا بیپارێزێ.

ئەگەر باوك ودایك و منداڵ نەزانن مافەکانیان چییە وەکو تاك، خێزان، وە ئەرکەکان و مافەکان لەیەك جیا نەکەنەوە چۆن ئەتوانن بگەنە ئەو ئاستەی کە توانای کارکردنیان هەبێ لەو چوارچێوەیەدا.

ئەبێ ماف مرۆڤ، پێناسە بکرێتەوە لە کوردستاندا و لە چوارچێوەی چەوسانەوەی نەتەوایەتی و حیزبایەتی‌و سەرۆکایەتی‌و پیشمەرگایەتی

و ..هتد بێتە دەرەوە. ئەبێ مافی مرۆڤ، لە کوردستاندا بچێتە ئاستێکی مۆدێرنەوە کە بێلایەن لە حیزبایەتی و کەسایەتی باسی لێوە بکرێت. بێگومان دەستپێشخەری کراوە کاریشی بۆکراوە ، ڕێکخراو دروستکراوە و هەیە بەڵام کارەکان لە بناغەوە بە لارێدا براون، بە دەستپێشخەریەکی تەسکی شەخسی یان حیزبایەتی هاتونەتە کایەوە!

ئەوکارانەی کە لەم چەند ساڵانەی دواییدا و بەتایبەتی لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری 1991 کەوە لەلایەن حیزبە کوردیەکانەوە کراوە ، زیاتر خۆی لە پاساودان و کۆکردنەوە و ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی حیزبەکانەوە دیوەتەوە.

مافی مرۆڤ، لای ئەوکەسانەی کە لەژێر ڕەشماڵی حیزبەکانەوە دەنووسن و چالاکی دەکەن، بریتی‌یە لە مافی شەهیدان و پیشمەرگەکانی خۆیان. لای ئەوان گەلی کورد و خاکی کوردستان "قەرزاربار"ی حیزبەکانیان و سەرکردایەتیەکانیانن و دەبێ سەر پشك بن لە دابەشکردن و گەمەی نێو دەوڵەتی، چ دەوڵەت و حیزبێك قسەی تیا بکات و سیاسەتی تێدا پیادە بکات. ڕێکخراوەکانیان نووسینەکانیان بۆ مافی مرۆڤ، و لەسەر مافی مرۆڤ، لە چەوسانەوەی نەتەوایەتی و ئەنفال و جەنگەوە سەر چاوەی گرتوە.

مافی مرۆڤ، ئەو مافە سەرەتایی و سادانەیە، کە تاکە مرۆڤێ، خێزانی یان کۆمەڵێ دەبێ بیان بێ چ لە ماڵەوە بێ یان لە سەرکار.

بزووتنەوەی ئیسلامی و حیزبە ئیسلامیەکانیش هەر وەکو ئیشارەی پێکرا، بە گوێرەی ئایەتی قورئان و حەدیسەکانی پێغەمبەر مامەڵە لەگەڵ مرۆڤ، و ژن و منداڵ بکات ئەبێ مافی مرۆڤ چۆن چۆنی تیایدا پارێزراوبێت. باشترین و ڕادیکاڵترین و بە دیسپلین ترین دەوڵەتی ئیسلامی لەم سەردەمە نوێیەدا دەوڵەتی ئەفغانستانی (تاڵی بان و بن لادن) و کۆماری ئیسلامی ئێران و شیشان و دەوڵەتەکانی کەنداوی عەرەبی و سوودان .. لەمانە ڕادیکاڵتر و بە دیسپلینتر هەر نەبوە و و نیە!!! حیزبە ئیسلامی- سیاسیە ڕادیکاڵ و توندڕەوەکانیش کە هێشتا دەسەڵاتیان نیە خۆیان هەڵواسیوە بەم دەوڵەتانەدا. کە ڕادیکاڵترینیان (القاعیدە ، جیهاد و ئەنسارالاسلام... کە لایەنگر و خۆبەختکەری (ئەفغانستان)ن ... ئەمانی تریش سەر بە ئێران و سووریە و پاکستانن.

بەرەنجامی ئەوەی کە بڕوام پێی هەیە وەکولایەنی کەمی : .

ئەکەم / دەبی مافی منداڵ لە مافی مرۆڤ، .. جیابکرێتەوە و پێناسەی نوێ بۆ مافی مرۆڤ، بکرێتەوە و ئەوەی بە نووسراو هەیە بە پێی پراکتیکی دیموکراتی، مۆدێرن و مرۆڤایەتی پیادە بکرێن.

دووەم / مافی منداڵ دەبێ سەر بەخۆ مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بە مانای جیا لە هەموو ئەو شتانەی لە کوردستاندا بۆتە پێوانەی ئینسانی بوون "مرۆڤ، بوون" کە بریتیە لە "حیزبی بوون" ، " قارەمانی کۆن" ، " پیشمەرگەی دێرین" و .... هەتا دوایی.. هەرکەس بە پێی مافی خۆی، بەڵام منداڵ بە پێی مافی منداڵ.

سێهەم/ دەبێ مافەکانی منداڵ بخوێنرێن. بکرێنە بەشێ لە زانستی فێر کردن و بارهێنان. منداڵ تێبگات و بزانێت مافەکانی چین، ئەگەر باوك و دایك نەیان توانی بۆیان جێبەجێ بکەن... دەبێ منداڵ فێربێ و بزانێ ئەوە دەوڵەت و سیاسیەدەستەڵاتدارەکانن کە لێپرسراون لەو بێمافیە.

هەژاری باوك ودایك و خێزان لێپرسراو نیە لە بێمافی منداڵەکانیان.. ئەمە سیستەمێکی سیاسی و ئابووریە کە لێپرسراوە.

چوارەم/ دەوڵەت و سیستەمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەرکی سەرشانییەتی ئەو مافانە ڕا بگەیەنێ و ڕوونکردنەوە و ڕای خۆی بدات و هاو وڵاتیان و بە تایبەت منداڵ ڕازی بکات بۆ ناتوانێ مافی منداڵ جێبەجێ بکات.

پێنجەم/ دەوڵەت و سیاسیە دەسەڵاتدارەکان بەر پرسن و دەبی بە شێوەیەکی مۆدێرنانە مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتەدا بکەن.

شەشەم/ منداڵ و ئافرەت دەبێ ڕێزیان لێ بگیرێت و بە ناوی خۆیانەوە بانگیان لی بکرێت و دەبێ وشەکانی گچکە ، کچێ، کچەتیو، ژنەکە و... بۆ منداڵیش کوڕە، هەتیو، .... ناو و ناتۆرە، لە فەرهەنگی خێزان و کۆمەڵدا وەلابنرێن و بسڕێنەوە، چونکە ئەو شێوەیە نموونەی هەڵوێست و فەرهەنگی دەورانی کۆیلەیەتی و دەرەبەگایەتی و باوکسالاری و لێ سەندنەوەی ناسنامەی ئینسانە، دەبێ منداڵ و ژن بەناوی کەسایەتی خۆیانەوە بانگ بکرێن.

هەر چەندە ئەم جۆرە بانگ کردن و بۆچوونە لە چوارچێوە کۆنەکەی دەرچووە و چۆتە چوارچێوەی سوننەتی کۆمەڵایەتیەوە بەڵام دیاردەیەکی خراپە و سووکایەتی کردنە بە کەسایەتی منداڵانەوە، ئافرەتانیش خۆیان نابێ بەوە ڕازیبن کە سووکایەتی بە ناوو کەسایەتیان بکرێت.

لە کۆتاییدا ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، و کەسانی شارەزای ئەم بوارە دەبێ ئەوە بزانن و بە ئاگابن کە مافی منداڵ لە چ ئاستێکدا وەستاوە لە کوردستاندا. هاوکاری دەوڵەت و ڕێکخراوەکان، کەسەکان بەرهەمی باشی دەبێ...

بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە دەبێ مافی منداڵ بە جیا باس بکرێت و کە ئەمەش بە قازانجی هەموو لایەکە و لەسەرەوەی هەموویانەوە منداڵ.

# ئولـــــــه و تروفـــــــه

## بەسەرهاتی دوو گەڵا !


نووسینی

ئیسحاق باشیڤیس سینگەر

Issac Bashivis Singer

وەر گێران لە سویدیەوە بۆکوردی ساڵی 1995

ســـــەلام ئەحـــــمەد نەبـــــەرد


دارستانەکە گەورەو چڕ بوو، وە پڕ بوو لە درەختی هەمەجۆر، مانگی تشرینی دووەم بوو، ئاشکرایە ئەمکاتە لەساڵ ساردەو تەنانەت بەفریش دەبارێت، بەڵام ئەم مانگی تشرینی دووەمە تارادەیەك گەرم بوو، شەوەکانی ڕەشەباو ساردبوو، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی ڕۆژا دنیا گەرم دەبوو. ئەگەر گەڵاوەریوەکان نەبوایە پیاو وای بۆ دەچوو بڕوابکات کەهاوینە. لەناو گەڵا وەریوەکاندا هەموو ڕەنگێك دەبینرا، هەندێکیان زەرد وەك زەردەچێوە، هەندێکیان وەك ڕەنگی شەراب هەندێکیتریان وەك ئاڵتوون. گەڵاکان لەژێر تەوژمی باوبۆراندا وەریبوون، هەندێکیان لەشەودا و هەندێکیان لەڕۆژدا، وە بەشێوەی فەرشێك زەوی دارستانەکەیان داپۆشیبوو.

لەگەڵ ئەوەشدا کە گەڵاکان تەڕاییان تێدانەمابوو، بەڵام بۆنێکی خۆشیان بڵاو کردبۆوە. لە نێوان لقە زیندووەکانەوە تیشکی ڕۆژ دەکەوتە سەر گەڵاکان و ئەو کرم و مێش و مەگەزانەی لەدەست باوبۆرانی پایز ڕزگاریان بووبوو لەنێوانیاندا دەهاتن و دەچوون. نێوان گەڵاکان بووبووە جێگای خۆ شاردنەوەی زیکزیکە و مشك و زۆر گیان لەبەرانی‌تر.

پەلەوەرە بوومیەکان لەسەر چڵە بلندەکان نیشتبوونەوە. لە نێوانیاندا چۆلەکەش هەبوو( ئەو باڵندە بەستەزمانەی چەکدارە بە ئازایەتی و ئەزموونی پشتاوپشتی)، ئەوان بازیان ئەدا و ئەیان جریواند و بەدوای ئەوخواردنەدا دەگەڕان کە دارستان لەم کاتەی ساڵدا دەیدانێ.

زۆر زۆربوون ئەو کرم و مێش و مەگەزانەی لەو چەن هەفتانەی پێشوودا لەناو چووبوون بەڵام کەس خەفەتی بۆ نەخواردبوون. مەخلووقەکانی خواد مزانن کە مردن تەنها بەشێکە لە ژیان، بەڵام لە گەڵ گەڕانەوەی بەهاردا دارستانەکە پڕ دەبێتەوە لە گژ و گیاو گەڵای سەوز و گوڵ. باڵندە کۆچکردووەکانیش لە وڵاتە دوورەکانەوە دەگەڕێنەوە و شاد دەبنەوە بە وەی ساڵێ ڕابوردو بە جێیان هێشتبوون. ئەگەرچی باو بۆران هێلانەیەکیشی تێکدابێ ئەوا چاککردنەوەی دژوار نابێت. بەقلیپۆپەی یەکێك لە درەختەکانەوە کە گشت گەڵاکانی لە دەس دابوو، دوو گەڵا مابوونەوە. یەکێك لە گەڵاکان ناوی ئولە بوو ئەوی تریان ناوی تروفە.

ئولە و تروفە بەیەك چلەوەبوون. لەبەرئەوەی لەسەر بەرزترین چڵەوەبوون تیشکی هەتاو زۆر لێی‌دابوون. لەبەر هۆیەك کە نە ئولە و نە تروفە پەییان پێنەدەبرد، بە درێژایی گشت ئەو سەرماو سۆڵە و باو و بۆران و شەوەساردەکان هیشتا بەسەر بەرزترین چڵەوە مابوونەوە. کێ دەزانێ بۆچی گەڵایەك دەکەوێتەخوارەوە بۆ زەوی، و یەکێکیش بەدارەوە دەمێنێتەوە؟ ئولەو تروفە پێیان وابوو کە هۆی مانەوەیان دەگەڕێتەوە بۆئەو خۆشەویستیە قووڵەی بۆیەکتریان هەبوو. ئولە تۆزێك لە تروفە گەورەتربوو، بەڵام تروفە جوانتر و ساواتربوو. لە بەرابەر ڕەشەبا و تەرزە و بارانی بەخوڕدا گەڵایەك ناتوانی شتێك بکات بۆ گەڵایەکیتر. تەنانەت ڕووەدات لەهاوینیشدا گەڵایەك بڕنرێتەوە. بەڵام ئولە چەند بیتوانیایە تروفەی بۆخۆڕاگری هان دەدا. لەکاتی سەختترین وەرزدا ئەوکاتانەش هەورەبرووسکەش چەخماخەی ئەدا، ڕەشەبا نەك تەنها گەڵاکانی دادەڕنی بەڵکوو لقە گەورەکانیشی تێك دەشکاند. ئولە بە تروفەی دەوت:

– تروفە بمێنەرەوە! چەند دەتوانی بمێنەرەوە!

هەندێ‌جار لەشەوە سارد و تووشەکاندا تروفە بە دەم گلەییەوە دەی وت:

– من کاتم بەسەر چووە. بەڵام ئولە تۆ بمێنەرەوە.

– بۆچی؟ بێتۆ ژیانم بێ‌مانایە، ئەگەر تۆ بکەویتە خوار، منیش لەگەڵ تۆدا دەکەومە خوارەوە.

– نا،نا، ئولە وامەکە، چەندە گەڵایەك بتوانێ بمێنێتەوە بۆی نییە بکەوێتەخوار بۆ سەر زەوی.

– مانەوەم بە تۆوە بەستراوەتەوە. بە ڕۆژ لێت ورد دەبمەوە و جوانییەکەت سەرسام دەکات، بە شەویش هەست بە بۆنت دەکەم. بەڵام تاکە گەڵایەکم بەدرەختەوە؟ نە هەرگیز!

– ئولە قسەکانت جوانن بەڵام ڕاست نین، تۆ باش دەزانی کە ئیتر جوان نیم، سەیرکە چەند چرچم! وشك بوومەتەوە و تەڕاییم تیا نەماوە، شەرم دەمگرێ لەبەردەم باڵدارەکاندا. ئەوان بەچاوی بەزەییەوە سەیرم دەکەن. هەندێ‌جار وام لێدێ بڕوابکەم کە پێم پێدەکەن لەبەر ئەوەی وا ناشیرین وچرچم. هەمووشتێکم دۆڕاند، تاکە شتێك کەماوە خۆشەویستیمە بۆتۆ.

– بەس نییە؟ خۆشەویستی جوانترین، گرنگترین شتێکە کە هەمانە. ئولە وەڵامی دایەوە. تا ئەوکاتەی یەکترمان خۆش دەوێت لێرە دەمێنینەوە، ڕەهێڵە و باو بۆران ناتوانن هیچمان لێ بکەن. وە ئەمەوێ تروفە شتێکت پێ‌بڵێم: قەت ئەوەندەی ئێستا تۆم خۆش نەویستوە.

– بۆچی ئولە؟ بۆچی؟ من تەنها گەڵایەکی زەردم.

– کێ‌دەڵێ سەوزجوانەو زەردناشیرین؟ هەموو ڕەنگەکان وەك یەك جوانن.

لەو کاتەدا کە ئولە سەرقاڵی ئەو قسانەبوو، ئەوە ڕوویدا کە تروفە بە درێژایی ئەومانگانە لێی دەترسا– بایەکی بەهێز هەڵیکرد ئولەی لە چڵە دارەکە ڕنییەوە. تروفە دەستی کردە لەرزین و لەرانەوە لەوە دەچوو ئەویش هەر ئێستا لە چڵەکەی بڕنرێتەوە، بەڵام ئەو قورس و قایم بە چڵەکەوە خۆی گرت، تروفە ئولەی ئەبینی ئەکەوتە خوار بەر لەوەی بکەوێتە سەر زەوی لەهەوادا دەهات و دەچوو، بەزمانی گەڵا بانگی کرد:

– ئولە! بگەڕێرەوە! ئولە!

بەڵام پێش ئەوەی بتوانێ هاوارەکەی تەواوکات ئولە لە چاو ون بوو، ئەو تیکڵاو بە گەڵا وەریوەکانی سەر زەویەکە بوو تروفەش بە تەنها بە درەختەکەوە بەجێ‌مابوو. تائەو کاتەی ڕۆژ بوو، تروفە توانی بەرگەی ئەو خەمە بگرێ، بەڵام کاتێك شەو داهات و هەوا ساردی کرد لەگەڵ خوڕەی باران و لاسامەدا، تروفە کەوتەناو دەریای تاسەو دووریەوە. ئەو هەستی دەکرد کە سەرچاوەی هەموو بەدبەختی‌یەکە لای درەختەکەوەیە، لای قەد

و بالا و هەموو لقەبەهێزەکانی درەختەکەوەیە بۆیە گەڵاکان کەوتوونەتە خوارەوە، بەڵام قەد و باڵای درەختەکە درێژ بۆتەوە و ڕەگ و ڕیشەی پتر بە زەویدا چۆتەخوارەوە. نە ڕەشەبا و نە ڕەهێڵەی باران نەیانتوانی هەڵیکەنن و لەناوی بەرن. درەختێك کە (بەلای‌کەمەوە) بتوانی تاسەر بژی، لەکوێ درەختێك کوڵی بۆ ئەوە هەڵگرتوە کە گەڵایەك چ بەلایەکی بەسەردادێت. درەختەکە بۆ تروفە شێوەیەك بوو لەخوا. ئەو بەڵام چەند مانگێکی کەم بەگەڵاکانی خۆی دادەپۆشی، پاشان گشتیانی لەخۆی دەتەکاند. ئەو بە تەڕایی ڕیشەو لەشی‌خۆی و بۆ نیازی خۆی گەڵاکانی بەخێو دەکرد تا ئەو کاتەی ئارەزووی دەکردن پاشان وازی لێ دەهێنان لە تونیەتی دەمردن. تروفە داوای لە درەختەکە دەکرد کە ئولەی پێبداتەوە، وازبێنێ تا هاوین بێتەوە، بەڵام درەختەکە گوێی نە دەدایە هەست و خواست و پاڕانەوەی تروفە. ئەو قەت باوەڕی نەدەکرد کە تەمەنی تەنیاشەوێك بتوانی ئەوەندە درێژبێت وەك ئەو شەوە سارد و تاریکە. ئەو قسەی لەگەڵ ئولەدا کرد و بە هیوابوو وەڵامێك وەرگرێ، بەڵام ئولە بێ‌دەنگ بوو، لەوە دەچوو ئیتر بە هیچ شێوەیەك نەبێت.

تروفە بە درەختەکەی وت:

– ئێستا تۆ ئولەت لەمن فڕاند، کەواتە منیش بەرەوە ((ئەوا ئولەت بردەوە کە واتە منیش بەرە، بەڵام درەختەکە هیچ گوێی بە داخوازی تروفە نەدا.

دوای چەن چرکەیەك تروفە خەوی لێکەوت، لە ڕاستی‌دا ئەو خەوی لێنەکەوت بەڵکو خەو ئەوی بردەوە.

کاتێك تروفە خەبەری بۆوە، سەری سوڕما چیتر بە درەختەکەوە نیە. ئەوکاتەی خەو بردبوویەوە، با خستبوویە خوارەوە. ئێستا ئیتر شتەکە لەوە نەدەچوو، کاتێك بەیانیان لە خۆرهەڵاتندا بەدرەختەکەوە خەبەری دەبۆوە. هەموو ترس و ناڕەحەتی‌یەکەی بەسەر چووبوو. خەبەر بوونەوەی حیکمەت و هۆشیاریەکی تریشی لەگەڵ خۆی هێنابوو. کە ئەو پێشوتر هەرگیز هەستی پێ نەکردبوو. ئەو ئێستا لەوە تێگەیشت کە ئەو گەڵایەك نەبوو کە لە لایەن هەموو هێنان و بردنێکی باوە حیسابی بۆ کرابێ)، بەڵکو ئەویش بەشێك بوو لە گەردوون، ئەو ئیتر نە بچووك بوو نە لاواز بوو نە مردوو، بەڵکو بەشێك بوو لە ئەزەلی‌یەت(هەمیشەیی).

ئێستا ئولە و تروفە بەتەواوی خزابوونە یەکەوە بە خۆشەویستی‌یەکی واوە بە یەك گەیشتن، کە پێشووتر پێی ئاشنا نەبوون، ئەوەی ئێستا خۆشەویستی‌یەك نەبوو کە بەسترابێتەوە بە ڕێکەوت و ئالوگۆڕی جودابوونەوە، بەڵکو خۆشەویستی‌یەکی بە هێزتر و هەمیشەیی وە جیهان، ئەوەی ئەوان بە درێژایی ڕۆژەکانی (نیسان و تشرینی یەکەم) لێی دەترسان وەدەر کەوت، مردن نەبوو بەڵکو ڕزگار کەر بوو. بایەکی سوك هات ئولە و تروفەی بەرز کردەوە بۆ ئاسمان بە دەم شەپۆلی گەورەترین شادمانی‌یەوە، لەو جۆرە شادمانیانەی، تەنها ئەوانە هەستی پێدەکەن، کە ڕزگار بوون و پاك بوونەتەوە لە ئەزەلی‌یەتدا لە هەمیشەیی‌دا.))

نووسینی ئیسحاق باشیڤیس سینگەر

Issac Bashivis Singer

وەرگێران لە سویدیەوە بۆ کوردی سەلام ئەحمەد نەبەرد. ساڵی1995

تایپ و چاپ و پێداچوونەوە سەرنووسەری گۆڤاری جیهانی منداڵان.

نزیکی 3 ساڵ لەمەوپێش ئاکۆ شەریف واتە سەلام ئەحمەد نەبەرد، ئەم چیرۆکەی ئاڕاستەی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری جیهانی منداڵانمان کرد تا بۆی بڵاو بکەینەوە. بەداخەوە هەر بەو ئەندازەی چیرۆکەکە بەرز و بە هێز و باییداربوو بۆم، بەو ئەندازەیش شێوەخەتی نووسراوەکە ناخۆش و ناشیرین بوو. بوو بەمەراقم بۆم نەخوێنرایەوە و نەمتوانی ئاواتی ئاکۆ و خۆیشم بێنمە دی. هەر وەها بە داخ و کەسەرێکی گرانەوە جەوهەری نگریسی سیاسی و حیزبایەتی وئیدئولۆژی وەها ئاکۆی لە خۆم و گۆڤارەکەمان تاراند! بۆ ماوی زیاتر لە 2ساڵ ئاکۆ ئاوڕی نەدایەوە سەر بەرهەمی ئیساقی کۆنە مووسایی و، خۆی کۆنەموسوڵمان! بێگومانم لەوەی کە ئاکۆ وەرگێڕانی ئەم کورتە چیرۆکەی بە ئەندازەی تاقانە فرزەندەکەی لا خۆشەویست و گرینگ باییدارە بەڵام بۆ ...!!!!

هەنوکە مانا و ناوەرۆکی ئەم چیرۆکە دەقاودەق لە گەڵ دواڕۆژەکانی تەمەنی خۆم و هاوڕێکەم دا دە بینم! ئیمەیش وەك ئەو دوو گەڵایە واین بە قلیپۆپەی داریکەوە هاکا ئیمڕۆ یان سۆزی کەوینە خوارەوە!.

هەر بەو ئەندازەی پوشکین باوکە گەورەی ئەدەبیاتی ڕوس.. دواڕۆژەکانی تەمەنی هەڵۆی لە مەنزوومە شیعرێکدا بە ناوی هەڵۆوە دارشتوە. و ئیسحاقی جوولەکەیش تەمەنی دوو گەڵای کردۆتە ڕەمزی دواڕۆژەکانی تەمەنی جانەوەران، کە ئێمەی مرۆڤیش بەشێکین لە جانەوەران:

سوارەی ئیلخانیزادەیش بە وەرگێڕانی هەلۆی پوشکین هەڵۆی بە هێزتر و جوانتر لە داهێنەرەکەی کەپوشکینە، ڕازاندۆتەوە ئاوەهای وەرگێڕاوە.



دوو دێڕ لە وەرگێڕانی سوارەی ئیلخانی زادە

**پایزە دارو دەوەن بێبەرگە دڵ پەشۆکاوی خەیاڵی مەرگە**

**هەر گەڵایەك کە لە دارێدەوەرێ دواکۆچە مەرگە ناخۆش خەبەرێ**

## من دەڵێم نێرە ئەو دەڵێ بیدۆشە؟؟!!

## دوکتـــۆر تەگـــە

### کاریکاتێر و ساتیرە چیرۆك!

نووسینی سەردار عەبدوڵا

هەواڵ هە موو شاری تەنیوەتەوە، کوچەوکولانەکان، چایخانەکانی شـار، مزگەوتـە سیاسـیەکان، مـەجلیس و پرسـەی ژنـان و پیـاوان، نانەواخانـەکان، لـە هـەموو ئەمانـەش واوەتـر" کـۆڕو کومـەڵی سیاسەتمەدارانیشـی گرتۆتـەوە! بەتایبـەت ڕۆژنامـە نـووس و پەیامنێرە خۆماڵیو خۆڕسکە تازە پیاکەوتووەکانی کوردستان!

هەواڵی دوکتـۆر ساورێن،* بۆ هـەر یـەك لـەم کوڕوکۆمەڵانـە بابـەتی ڕۆژن و بـە گرنگیـەکی زۆرەوە هەڵدەسـەنگێندرێت. کێشـە گـرنگ و چـارەنووس سـازەکان، لەوانـە: لەشکرکێشـی و تەعـدای دەوڵەتـە دراوسـێکان، شـەڕی نـاوخۆ و بێکـاری و نـەبوونی ئـاو و کارەبا ... هتــد. ئــەو ڕوژانــە؛ لــە یــاددەکرێن و قورســـایی دەخرێتـــە ســـەر مەســـەلەی چارەنووسسازی دوکتۆر ساورێن**

* = ** ((ساورێن، خرت ، نێری ، تەگە ، حەچـــە. ئەمانـــە نـــاوو ناســـناوی باوکسـالاریو نێـر مەزنیـە، لـە جیهـانی بزنایەتیــدا)) مـــرۆڤ، بـــە نێرەبزنـــی بەخشیوە.

ئەو خەڵکەش، ناهەقیان نیە کە شەویش بــەدەم خـــەوەوە وڕینـــەی پێوەبکـــەن! ئـەوەتا، کەناڵـە تەلەڤیزیۆنـە خۆماڵیـەکان و ڕوژنامــەکان بەرنامــەی تایبــەتی بــۆ ڕێکدەخـەن، کۆمێنتـاری دریـژی لـە سـەر دروسـت دەکـەن و لـە سـەردێری هەواڵـە گرنگەکانـدا دەیخوێننـەوە. بـەڕای هەنـدێکێش، بەتایبەت ئەوانەی سوچێکی دەستەلاتیان بەدەستەوەیە" باسکردن و هەڵدان بە بالآی ئەو دوکتۆرەدا" بە ئەرکێکی پیرۆزی نیشتمانی و نەتەوەیی حساب دەکرێت!

هەواڵ بەم جۆرە کەوتە سەر زار و شاشەی تەلەڤیزیۆن و سەرخەتی ڕۆژنامە خۆماڵییەکان بەتایبەت لە هەولێر شاری دیرین:


" لـە یـە کیـك لـە گونـدەکانی ناوچـەی هـەولێر، شـیری سـاورێنی یەکێك لەجوتیارەکان بۆ دەرمانی هەموو دەردان دەشێت."

ئەم هەواڵە، خەڵکی ناوچەکە بەتەواوی ئومێدەوارە وخەنی دەکات، بەتایبــەت دەردەدارەکــان، ئەوانــەی کــە ســالانێکی زۆرە بەدەســت دەرمــانی ئێکســپایەر و فڕوفیشــاڵی شــێخ و نوشتەنووســەکانەوە" بێدەوا و دەرمـان ماونەتـەوە. بـەم هەواڵـەش، بۆ یەکـەمین جارە، لـە مێـژووی ئاژەڵانـدا گیانلەبـەرێك شـەرەفی دکتـۆر و حـەکیمی مرۆڤـی پێببەخشرێت" ئەویش لە کوردستان!

دکتۆری ئەو پیشە گرینگەیە کە لە لایەن گشت کۆمەڵگادا مرۆڤ، بە چاوێکی ڕێـزەوە سـەیریدەکەن.. منـالانی خوێنـدکاری ئێمـەومانان چاویان بە دیار کتێبەکانیانـەوە سپی دەبێت و لـە گـەڵ ئەوەشا بـە دەگمەن نەبێ بەدەستی ناهێنن، ئێمـە مەسرەفیان بۆ دەکـەین ببنـە دوکتـۆر، دەبنـە موزەمیـد، بـۆ ئەنـدازیاری هـەوڵیان لەگەڵـدا دەدەیـن دەبنە حەمباڵ و دەستگێر!

ئـەم چیرۆکەی دوکتـۆر بـزن، هـەر کەسـە بـە ئـارەزوو لەڕوانگـەی خویـەوە دەیگێڕیتـەوە، زۆر جار بـەزمی تایبـەتی لـە سـەر دروسـت دەکرێـت و لـە هەنـدێك شـوێنیش شـەڕی دەسـتەویەخەی لـە سـەر دەقەومێنرێت.

گوێگرتن لە قسەوباسەکانی ئەو خەڵکە ماندووە لەمەڕ باسـەکەی دوکتـۆر و حەکیمـە تاقانەکـەی کوردسـتان" دەکرێـت خـەمێك بـە بابـدەیت یـاخود خـەمێك بنێیتـە پـاڵ خەمەکانی تر!




شەویك لـە شـەوە ئەنگوستە چاوەکانە، گڵوپی شەقامەکان هەرزووچاوەکانیان لە خەو ناوە. دەنگی ژێنەراتۆری کارەباکـان ئاسمانی بێدەنگی شـاریان شـەڵەژاندوە، تەل و ترانسفورمەری کارەباکانیش ئیتر تـەزوو گیانیـان ڕاناچڵەکینێت و خۆیـان لـــە قـــولایی تاریکـــایی شـــەوە ئەنگوستەچاوەکەدا حەشـارداوە. مـەلای مزگـەوت، لـە مـاڵی حـاجی کۆنـە دۆستـی لـە ژێـر ڕونـاکی گڵـۆپێکی شـیریدایە کـە تەزوو لە ژینەراتۆری محەلی گەڕەکەوە وەردەگرێت. ماموستا پێشتر مێشـکی حـاجی چـەند حـەجکردووی بەحەماسـەوە لـە نویـژی جومعـەدا بـە بابـەتی دوکتـۆر بـزن قـانگ داوە، ئێسـتا لـە سـەرخۆتر بابەتەکەی بۆ شیئەکاتەوە دەڵێ:

ئەمە موعجیزەیەکە خوای تەباڕەك و تەعالا بە ئێمـەی گـەلی کـوردی بەخشـیوە، دەنـا تائێسـتا نـە لـە گشـت کتێبـە ئاسمانییـەکان بـۆ پێغەمبەران و نە لـە گشت کتێبە زانیاری وفەلسەفیە زەوینیەکانـدا نەنووسـراوە و نـەوتراوە کـە (نێـری) یـان (سـاورێن) واتـە بزنـی نێـر شـیر بیتـە گوانەکانییـەوە، ئـەویش چ شـیرێك؟ ئـەو شـیرەی کـە دەیبینین و دەیبیستین دەرمانی هەموو دەردێك بێت؟!

بـەڵێ، ئێسـتاکە مـەلا و حـاجی سـەرگەرمی ئـەو بابـەت و باسـە گرینگـەی کۆمەڵگـەن، وڕەی ژینەراتورەکـەی دەرەوە زاڵـە بەسـەر دەنگەدەنگی ناو ژوورەکە دا، هەر بۆیـە ماموسـتاش پێبـەپێی وڕەی

ژێنەراتۆرەکە، دەنگی هەڵدەبڕێت. مامۆستای دینی پێیوایە ئەو بزنە موعجیزەی ئیلاهیە و پێشانی خەڵکی دراوە، لە هەمانکاتدا دیاری و گرنگیدانی ئەوی بەرەحمەتێك کەگۆیا بە خەڵکی موسوڵمانی کورد دراوە، بێخود نیە کە ئێمە پێشەوایانی ئاینی دەڵێن:" خوا دەلیلی داماوانە". حاجیش کە دەمێکە لە فرسەتێك دەگەڕێت قسەی دڵی بکات، بەهۆی خەریکبوونی مامۆستا بە هەڵقورانی دیژلەمەکەیەوە ئەو فرسەتەی دەستدەکەوێت، بە دەنگێکی بەرزتر ڕوو لە میوانەکەی بکات و جارجارێکیش بەسێرەیچاو سەیری مامۆستا بکات وقسەکانی دریژە پێدەداتەوە. تاکو مامۆستا دوا قومی دیژلەمەکەی ئاودیودەکات، حاجی ئەوەی لە دڵیدا بەنگی خواردوۆتەوە بە کەم وکەسەری هەڵدەڕژێت. سەرەڕای ئەوەی کە حاجی لەگەڵ ژنەکەی ڕێکەوتبوون لە سەرئەوەی کە دووچا زیاتر نەدەنە میوان" بەڵام بە دەست و ملبادان ژنەکەی تێدەگەیێنێت کە چاکەی مامۆستا تازەبکاتەوە" تاکو بتوانێت مامۆستا سەرقاڵبکات و قسەکانی خۆی بەراحەتی بکات. حاجی پێیوایە، کە کورد خوشەویستی خوایە، ئەگینا بۆچی دێڵە بەرازێك لە ئینگلستان یاخود ئەمریکا پەیدانابێت کە شیرەکەی چارەی سوکە چاوئێشەیەك بکات، هەروەها پەیدابوونی ئەو حەکیم و دوکتۆرە خواییە لە ناوچەی هەولێردا و لە ئەنجامی ڕووی لە مالّی خودای دەستەلاّتدارانی ئەوێیە" دەنا ناوچەی سلێمانی دەردەداری کەم نیە! بەلاّم بەلای حاجیەوە، خەڵکی ئەم شارە زۆربەیان بێدینن و ڕویان لە خودای خۆیان وەرگێڕاوە، لە بەر ئەوەیە ئەو بەردانەی تەیرەعەبابیلەی خودا، تورێ دەدەن بۆ سەری بێدینەکان" دیندار و ڕوولەخواکانیش دەگرێتەوە.

گۆیا حاجی، بە گوێی خۆی گوێی لێبووە لە یەکێ لە چایخانەکانی شار کە هەمیشە وەك موگناتیس گەنجانی بێکاری وەك وردەئاسن لە خۆکۆدەکردەوە" کاتی تاوڵەکەردن کە زاریان کردۆتەوە، بە جەفەنگ و بەراپواردنەوە وتوویانە:

ـ لە چاوی دوکتۆر بزن دوو شەش بێت.

جار نا جارەش بە دۆراوەکانیان ڕابواردووە:

ـ بەدبەخت برۆ چی پارە و پولت هەیە بیدە بە کەوچکێ شیری شیخ ساورێن تا کونی ڕسق و دەرگای بەختت بکرێتەوە!

هەروەها قسەی تری لە چەشنی:

ـ مەگەر شیری شێخ ساورێنت خواردووە ئەو کچە شۆخە جوانە بەو چڕوچاوە قەڵبەی تۆ ڕازیبێت!

ـ کەس نەیزانی، چۆن چۆنی لە ڕێکخراوە بیانیەکە دامەزران؟ لەوەدەچێت هەموو شیری نێریە بۆریان هەڵلووشیبێت!

هەروەها ماستفرۆشە دەستگێڕەکەی بەرامبەر دوکانی بایەعیەکەی حاجی، ئەوەی لە ماستەکەی خواردبێت توشی تای ماڵتای کردووە و مانگێك تەختی زەوی کردووە و فرۆشتنی لایەکی ماڵەکەی بەشی داو و دەرمانی نەکردووە، کەچی بە دەنگە ناقولاّ گڕەکەی هەمیشە هاواری دەکرد:

ـ وەرن ئەمە ماستی شیری دوکتۆر بزنە، دەرمانی هەموو دەردانە!

یان بەئاوازەوە دەیوت:

ـ مەڕۆن بۆ هەولێر ڕێگە خەتەرە.. سەیتەرە زۆرە.. من بۆم هیناون، ماستی ئەو دوکتۆرە!

ئەو شەوە، تا درەنگ بەبالاّی دوکتور ساورێن و ئەوکۆلیژەی کە لێیدەرچووبوو هەڵدەدرێت، لە پاڵ ئەمەشدا دوکتۆری نەخۆشخانەکان جنێوباران دەکرێت. میوانە گوێڕایەڵەکانی حاجیش دەگەنە ئەو باوەڕەی کە ئیتر سەرنەکەن بە نەخوشخانە و عیادەی دوکتۆرەکاندا، پارە و پوڵەکانیشیان نەدەنە دەرمانی بێفەڕ و ئێکسپایەر" لە بری ئەوە بیدەنە چوڕێ شیری دوکتۆر بزن!

نەرە و گرمەی ژێنەراتۆری کارەباکە و چاوداگرتنی گڵۆپەکان، نەیهێشت باسەکە لەوە زیاتر درێژە بکێشێت و مەجلیسی پێبلاّوەکردن.

* * * * * * * *

کات دەمەو ئیوارەیەو گەنجانی شار کۆمەڵ کۆمەڵ لە سەنتەری شار گیرساونەتەوە، کچانی شاریش لە گەڕانەوەیاندان بەرەو ماڵەوە، پێیانخۆش بێت یان ناخۆش لە ژێر چاوی تیژ ی کامێرا ئاساو کۆنترۆڵی کوڕانی بۆسە دانەردا دەرناچن. چەند ئاسایشێکی مەدەنی گوێ سوکیش، لەگەڵ دنیای خۆیان خەریکن و قسەو بابەتێکی زۆری ئەو شەقامەیان بۆ ئەفسەرەکەیان کۆکردۆتەوە:

ـ چەند جوان ڕێدەکات، چەند نازدارە، دایکم بێتە قوربانت .. هەر دەڵێی بە شیری دوکتۆر بزن گۆشکراوە!

ـ سەیری ئەو لادا شرە تاکسیە بکەن، سەری ئەڕوات پاشوی ناڕوات..دەڵێی لەسەر سەرینی پەڕ شانی داپاوە، ئەویش پێویستی بە سەرەیەکی دوکتۆری خۆشەویستە!

ـ دەڵێن:" سەرەی دوکتۆر ساورێن بۆ سێ مانگە، ئەگەر بەریشت بکەوێت باشە..بەلاّم پوری .... بە واستەی پارێزگاری هەولێر بە مانگێ سەرەکەیان دایە!"

ـ دەزانن، ئیستا ساحێبی ساورێنەکەش فێری ساختەچێتی بووە، شیرە وشکەی بایەعیەکە تێکەڵ شیری بزنەکە دەکات. چونکە موشتەری زۆر بووە!

ـ عەیبە ڕامەبوێرە، بەخوا مامی هاوڕێیەکم کە باسی ئەو بزنەی بیست، لە هەندەرانەوە گەڕایەوە بۆ کوردستان بۆ چارەی نەخوشیەکەی!

. ئاخر، کەرێتی مامی ئەو هاوڕێ خۆشەویستەت لەوەدایە" کە لە هەندەراوەوە دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان بۆ چارەسەر، بەدبەخت دیارە دەردی گرانەو بۆخۆی دەزانی بە گیای بەهاردا نابتوڕێنێت!؟

– خوزگە، مەسوولەکانیش ئەوەندەی ئەو ساوڕێنە کەڵکیان بۆ خەڵکی کوردستان دەبوو!

ـ ئێوە دەڵێن چی؟ لایەنی دووەمی شەڕی ناوخۆ بە هۆی ئەو پڕوپاگەندە زۆرەی کە بۆ دوکتۆرساوڕێنیان کردووە، سەدان لایەنگریان بۆ خۆیان پەیداکردووە، دڵنیاشن، ئەگەر هاتوو ڕۆژێك لە ڕۆژان، خوانەخواستە، هەڵبژاردن بکرێت لە سەدا سەدی دەنگەکان بەدەست بهێنن!

ـ مەسوولیکی گەورەی، بە هەزار شەڕەشەق، قوتابخانەی سەرەتایی بڕی، کەچی نازانم چۆن ئێستا کۆلیژی یاسا دەخوێنێت، پێدەچێت مووچەی دوو مانگی دابێتە شیری پرۆفیسۆر ساوڕێن، تا پلەی زیرەکی لە سفرەوە بۆ هەزار بەرز کردبێتەوە!

ـ کوڕینە، چیتان لەم قسانە داوە. لەمانە خۆشترتان پێ بڵێم، شێخێك پەیدا بووە لە دکتۆر ساوڕێن زیرەکتر و حەکیمترە، زمان بخاتە سەر هەر برینێك دەماودەم خۆشدەبێتەوە. ناسراوێکی دەردەدارمان زۆری بڕوا بە توانایی ئەو شێخە هەبوو، هەرچەندی کرد و کۆشای، نەیتوانی بڕیاری زیارەتی شێخ بدات و داوای لێبکات کە زمانی پیرۆزی بخاتە سەر برینەکەی" کە زوو زوو لێی هەڵدەدایەوە. بەڕاستی داواکاریەکی بەو جۆرە زۆر سەخت بوو، چونکە برینەکەی شوێنی سووتێنراوی دوگمەی مایەسیری بوو!

ـ بە چاوی دوکتۆری کوردان، وەزع و حاڵ وابڕوات کەسمان ژنمان بۆ نایەت و قاپقاپ لە پێشمانەوە تەقەی نایەت، هەموو دەبێت شارەوانی بمان نێژێت!

ئەفسەری ئاسایش، بەو قسەوباسانەی کە بۆی کۆکراوەتەوە پەستدەبێت و تووڕەدەبێت، بە دەنگی بەرز جنێو بە خوشك و دایکی کوڕ و کاڵی شار دەدات، پێیوایە گەنجەکانی شار هەموو سەرسەری بوون، گاڵتەیان بە هەموو موقەدەسات و دەسکەوتێکی حکومەتی تازە پێکهاتوو دێت. بەلایەوە ئەوە سەنتەری شار نیە" بەڵکو سەنتەری سووککردنی دەستەڵاتی یاسا و کاربەدەستەکانە، لەبەرئەوە زۆر گرنگە وەستانی ئەوناوە قەدەغەبکرێت و هێزی ئاسایش ئەو سەنتەرە زیاتر کۆنترۆڵ بکات...

* * * * * * * *

چەند پاسێکی کۆستەر و تاکسی لە ناوچەکانی سلیمانیەوە بەرەو پارێزگای هەولێر بەڕێکەوتوون و چاوەڕێن تاکو ڕێگەیان پێبدەن بچنە نێو شاری هەولێرەوە. گەر یەکێك شارەزانەبێت پێیوایە ئەوە بریندار و پەککەوتە یەخسیرەکانی جەنگن بەپێی ڕێکەوتننامەیەك تەسلیمی هێزی بەرامبەر دەکرێنەوە، چونکە زۆربەی نەفەرەکانی نێو ئەو ئوتۆمبێلانە دەردەدار، نەخۆش و پەککەوتەن. یەکێك لەو نەفەرانە کە لە پێشی یەکەم پاسی کۆستەردا دانیشتوە" حاجیە، کە بە هۆی حەماس، هاوارو قیرە قیری ڕۆژانەی لەمەڕ بابەتی دکتۆر ساوڕێنەوە بەر موسەلانی داویەتە ژان و لە ناکاو توشی فتق بووە.

یەکێك لە چەکدارەکان سەردەکات بە پاسەکەی حاجیدا و پرسیار لە زوریان دەکات و داوای پێناسیان لێدەکات، بەتایبەت ئەو کەسەی تەزبیحەکەی دەستی یاخود پارچەیەك لە جلەکانی لە ڕەنگی ئاڵای حیزبی بەرامبەر بچێت. هەندێك لە بری پێناس کاغەزی قەدکراوی بەتێپ پێچراوی مەسوولێك دەردەهێنێت، چونکە دەزانن کە ئەمیان بێسەرئێشەترە و جێگەی ڕێزلێگرتنیشە. حاجیش، لەتاو ئازار هەردوو دەستی لەنێو لاقەکانی ناوە و خۆی گرموڵەکردووە، چەکدارەکە گومانی لێدەکات و بەسەریدا هەڵدەشاخێت و دەڵێت:

ـ ها حاجی، ئەوە چیت لە نێو لاقەکانتا شاردوتەوە، فەرموو دابەزە؟

چەکدارەکە ناهەقی نەبوو،چونکە حاجی لەوە دەچوو دەستی لە سەر نارنجۆکێك بێت و بیەوێت کەتنێك بنێتەوە، بەلام شوفێرەکە کە لە دەردی حاجی باش ئاگاداربوو، دەچرپەێنێ بە گوێی چەکدارەکەدا، لە بێوەیی حاجی دڵنیای دەکاتەوە و حاجی لەو تەنگەتاوە ڕزگاردەکات.

پاش کۆنترۆڵی تەواو و نیشاندانی پێناس و کاغەزی نوشتەیی مەسولەکان، چەکدارەکە دەڵێت:

ـ ناشێت بۆ لای حەکیمی کوردان بچن؟!

هەموو بەیەك دەنگ وەلام دەدەنەوە:

ـ بەرێوەلا...!!!

پاش ڕزگاربوون لە چنگی پرسگەی گشتی ئاهێك دێتەوە بە دڵیاندا، هیوا پەیدادەکەن کە ئیتر چارەی نەخۆشیەکەیان مسوگەر و نزیکە و گەیشتونە مەرامی دڵی خۆیان. پاشی کەمێك ڕێبڕین و ڕەوینەوەی ترسی پرسگە، هەریەك لای خۆیەوە دەستدەکات بە بوڵەبوڵ:

ـ وا دەزانن ئێمە بۆ خۆشی هاتووین و بیری باخچەی گڵکەند دەکەین!

شوفێرەکە بە پێکەنینێکەوە وەلام دەداتەوە:

+ تۆ زگورتیت، باشترە بیر لە گڵکەند نەکەیتەوە ئەوێ ئێستا تەنیا بۆ خاووخێزانە؟ قاچی زوگورتی ئەبڕن بچێت بەوێندەرێدا!

یەکێکی تر لە پشتی حاجیەوە بە تەنزێکەوە دەڵێت:

- جا ئەمە کەی حاڵە، گەر کاکی شۆفێر نەبوایە حاجی شەرەفی چو بوو، لە نێو ئەو خەڵکەدا وەخت بوو هەموو عەیب و عاری پێبخەنە سەحرا.

حاجی سورهەڵدەگەڕێت و بە بێزاریەکەوە دەڵێت:

- ماڵتانم ئاوانەکرد، شەڕمان لێلادەن، لێرەش واز لە بەزمی خۆتان ناهێنن.. گەر ئەوەندە دەمدرێژن بۆ لە بەردەم پرسگەکە دەمتان ببووە تەڵەی تەقیو، ئێمە بۆ چارەی دەردی خۆمان هاتووین، بۆ چۆڕێ شیر، گەر خوا بیکات بەنسیب!

یەکێکی تر بە دۆستەکەی تەنیشتی دەڵیت:

- بەو کەسەی کەسی لە ڕەنگ نیەو و ملی ئەم ڕێگە سەختەی بەرەو بارەگای ساورێنە بۆرەی پێگرتووین، حەمە دەمدرێژی پورزام لە زەمانی شەڕی قادسیەوە تا ئیستا سێ چوار جار لەم سەیتەرەیە بیرازی جەیتەیان کردووە، جارێکیان منی لەتەکدابووم شەق بە شەقی دەوت جێمکەرەوە، ئەمجارەش ویستی بێت بەلاَم من سوێند و تەلاَقم لێخوارد نەمهێشت بێت، چونکە باش دەمزانی کە بە بۆنەی ئەوەوە نەك هەر من بەڵکو تەواوی نەفەرەکانی ئەم پاسانەش کۆپۆنی شەقی خۆیان وەردەگرت، هەر بۆیە لەبری ئەو، من کچەکەیم پێش خۆم داوە، بۆ چارەی چاوە نەخۆشەکانی.

پاش بڕینی ڕێگەی پڕ تاسەو چاڵ و چۆڵی دەرەوەی شاری هەولێر، کاروانەکە دەگاتە گوندەکەی دوکتۆرساورێن، لە دەروازەی گوندەکەدا چەند منداڵێکی جل و بەرگ شڕ بەرەو ڕویان دێن، بەبێئەوەی کەسێك هیچ پرسیارێکیان لێبکات، یەکێك لە منداڵەکان کە چاوەکانی لە بەر نەخۆشی تەراخوما بۆ هەڵنایەت، سەردەکات بە پاسەکەی حاجیدا و ئەڵێت:

- ماڵی مام سابیری خاوەن خرتەکە، هۆ ئەوەتا لە بەرامبەرتان، بێم لە گەڵتان.

منداڵەکانی تر لە پشتی سەری منداڵەکەی هاوڕییانەوە خۆیان بەرزدەکەنەوە و چەند جاری تر هەمان پرسیار دووبارە دەکەنەوەو بەبێ ئەوەی وەڵامێك وەربگرن.

چاوی پڕ ڕیپوقی منداڵەکە بۆ هەندێکیان دەبێتە پرسیار، باشە دوکتۆر بەم منداڵە نەخۆشەی بندەستی خۆی نەزانیوە؟ خۆ ئەگەر زانیویەتی بۆ چاری نەکردووە؟ پێدەچێت، خاوەنی دایك و باوکێکی پەڕپووت وبێباوەڕ بن!

بەردەم ماڵی دوکتۆر، بە نەخۆشەکانی گیراوە و هەریەك دەست دەکات بە گیرفانیدا و سەری خۆی دەقەبڵێنێت، داروەدەستەی دوکتۆریش بە خەڵکی ڕادەگەیەنن ئەوپارەیەی کە وەری دەگرن بۆ چاککردنی ڕێگەوبانی گوندەکەیانە و لەوان حەرامە!

لە زۆری چارەسەریش، نەخۆشەکان بەڕیز پاڵکەوتوون، هەندێك دەمی کردۆتەوە و هەندێکیش چاوی، حاجیش لە ڕیزی دەمکراوەکاندایە و دەمی لە هەموویان زیاتر دابچڕیوە، پێیوایە تا دەمی فراوانتر بکاتەوە شیری زیاتری بۆ تێدەکەن، بەلاَم دیارە بەهەڵەدا چووە چونکە ئەوەندەی شیر بەرناکەوێت کە دەمارەکانی بیگەیەننە دەردی بێدەرمانی نێو لاقەکانی!

دوکتۆر خۆی دیار نیە، تەنیا یەکێك لە یاریدەدەرەکانی خۆی دەکات بەژووردا و قەترەیەکی بە دەستەوەیەو دڵۆپ دڵۆپ دەیکاتە دەم یاخود چاوی نەخۆشەکان و بە زمانلووسی هیوای شفابوونیان لێدەکات و بەڕێیان دەکات، حاجیش پاش وەرگرتنی بەشە دەرمانەکەی لەبەرخۆیەوە چەند سورەتێك دەخوێنێت و فوویەکی درێژ بە سەر خۆیدا دەکات.

* * * * * * * * *

کات دەرەنگە و نەخۆشەکانی دوکتۆر دەبێت پێش تاریك بوون بازگەکانیان بڕیبێت، تاکو ڕێگەی دەرباز بوونیان لێنەگرن و بە سەلامەتی لە کاتی خۆیدا بگەنە ماڵەوە، چونکە چەتەکان ئیستا لە جاران زووتر شەفتی شەوانەی کاریان دەستپێدەکەن و بێسڵەمینەوە دێنە خزمەتی موشتەریەکانیان. پاش تەسبیحات و خوێندنی ئەلحەمد و تەحیات، حاجی و چەند پیاوچاکێك، کاروانەکە بە دڵەراوکێ و ترسەوە دەگەنەوە هەوار" بەبێ ئەوەی حاڵی نەخۆشەکان بە تایبەت حاجی بەرەو باشبوون چووبێت، بەلاَم هەندێکیان هیشتا هەست بە جۆرێك لە ئارامی دەروونی دەکەن و خویان قانیع کردووە کە دەرمانەکە لە داهاتوویەکی نزیکدا کاری خۆی دەکات و دەرد و ئازاریان لە کۆڵ دەخاتەوە، هەربۆیە هێشتا پەشیمان نین و هەست بە سەرکەوتن و ئارامی دەکەن.

* * * * * * * * *

حاجی، لە ماڵەوەیە و لە سەر چەرپایەك تەخت لێیکەوتووە. مامۆستای مزگەوت، کەس و کار و چەند کوڕوکاڵێکی هاوڕێی کوڕەکەی هاتوون بۆ ئەحواڵ پرسی و بەدیاریەوە دانیشتوون. کوڕی حاجی، ئازاری باوکی لە بیرنیە و بەخۆشیەوە باسی چیرۆکی کڕینی سەتەلایتەکەیان بۆ هاوڕیکانی دەکات، چونکە ئەو سەتەلایتە پاش گیرەوکێشەیەکی گەورەی نیوان حاجی و کوڕە زگورتیەکەی بڕیاری کڕینی لە سەردرا، حاجی هەرگیز ئامادەنەبوو کاری وەها بکات چونکە زۆری لەسەر خراپی و بەزمی ئەوەدەزگایە بیستبوو، کە چۆن خووی گەنجەکان خراپ دەکات، پاشان ئەوەشی بە چاوی خۆی بینی" چەند جار لە نیوە شەو بەولاوە کوڕەکەی بە دیار کەناڵە سێکسیەکانەوە بینی، بەلاَم ناچار خۆی کەڕکرد! هەروەها، شەوانە پێش دەستپێکردنی ئەو بەرنامانە کوڕەکەی بەزۆر جێگە بە دایکی دادەخات و خوشك و برا بچوکەکانی هەر زوو دەخاتە جێگەوە بە بیانوی ئەوەی منالەکان بەیانیان دەچن بۆقوتابخانە و دەبێت زوو بخەون، بەلاَم ئەو تەنیا هۆیەی کە حاجی

له کەلی شەیتان هێنا خوارەوە و هەروا بە ئاسانی خۆی دا بەدەست داواکاری کوڕەکەیەوە" کردنەوەی کەناڵێکی ئاسمانی حیزبێکی کوردی بوو کە حاجی لەدێرزەمانەوە خۆشی دەویستن، لە و ڕۆژەوە حاجی و کوڕەکەی ئاشق و سەوداسەری سەتەلایت بوون، بەڵام هەریەك بەجۆریك! لە هەموو کۆڕوکۆمەڵێکدا سەروبنی زمانی باوکە و کوڕە باسی بەرنامە خۆشەکانی سەتەلایت بوو، حاجی لە کاتی بەرنامە فۆلکلۆر و سیاسیەکاندا دەنگی بەرز دەکرد و کوڕەکەشی بە چرپە و فسکەفسك باسی بەرنامەکانی نیوە شەوی کەناڵە ئەوروپییەکانی بۆ هاوڕێکانی دەکرد!

مامۆستای مزگەوت بە حوکمی کارەکەی وا ڕاهاتبوو کە هەر خۆی قسەبکات و خەڵکیش گوێگریبن، بەڵام وا ئیستا بێدەنگ بە دیار حاجیەوە دانیشتووە و چاوەڕێیە حاجی زانیاریەکی نوێی سەبارەت بە دکتۆر بداتێ تا بۆ خوتبەی دوای نوێژی جومعە سوودی لێوەربگرێت.

لە بێدەنگی مامۆستا، حاجی دڵخۆشە، چونکە ئەوە یەکمین جارە کە بە ئازادی قسەدەکات و مامۆستا گوێیلێدەگرێت وقسەکانی پێنابڕێت. حاجی باسی کەناڵەکانی تەلەڤیزیون و ڕۆژنامەکانی بۆ دەکردن کە چۆن سەردانی دوکتۆریان دەکرد و فیلمیان لێدەگرت و چاوپێکەوتنیان لە گەڵ خەڵکی و نەخۆشەکان دەکرد. هەرەها خۆێشی چەندین نەخۆشی لەوێ بینی کە دکتۆر لە بەغدا ئیزنیدابوون و چاوەڕوانی مەرگی نزیك و مسوگەری خۆیان بوون، بەڵام لەگەڵ نۆشکردنی چەند دڵۆپێك شیری ساورێنەبۆر ئارامی و هیوا گەڕایەوە دڵیان! هەر لەوێ لە کەسێکی خەڵکی ئەو گوندەی بیستبوو کە نەخۆشێك پاش ئەوەی لە سەرەمەرگدا بوو، نەخۆشخانەش ئیزنی دابوو، بە کۆڵ هێنایان بۆ لای دوکتۆر، کاتێك چەند دڵۆپێك شیری دوکتۆری کردە زاری، ئارام بووەوە و هەستایە سەر پێکانی خۆی و گەڕایەوە هەولێر و تاکوئیستاش کەس نەیبینیوە بگەڕێتەوە بۆ چارەسەری دووبارە! حاجی، ئەوەشی بە چاوی خۆی بینی کە چەند سەرمایەدار و پارەدارێك خەڵکیان ناردبوو کە ئەو ساورێنەیان لە بەرامبەر پارەیەکی زۆر پێبفرۆشن، بەڵام خاوەنەکەی ئەو کارەی نەکرد چونکە دەیزانی کە نێرییەکەی دەبەن بۆ شار و لەوێ نەخۆشخانەیەکی ئەهلی گەورەی بۆدەکەنەوە و دەیخەنە کێبڕکێ لەگەڵ دوکتۆرە خۆماڵییەکانی شاردا.

بەرنامەی تەلیڤیزیونی پشووی هەفتە باسەکە بە حاجی دەبڕێت، بەرنامەیەکی فرەتایبەت لە ژێر ناونیشانی:( من دەڵێم نێرە ئەو دەڵێت بیدۆشە!) لە سەر ئەوساورێنەی حاجی بە چاوی خۆی دیویەتی پەخشدەکاتەوە، لەو کاتەدا هەموو بێدەنگ دەبن و ئیتر مامۆستاش لەوەزیاتر ئامادەنیە گوێ لە حاجی ڕابگرێت، چاکی کەواکەی هەڵدەکات و بە هەنگاوێکی درێژ خۆی دەگەیەنێتە بەردەم شاشەی تەلەڤیزیێنەکە و چوارمشقی لێیدادەنیشێت و داوادەکات کەمناڵەکان بێدەنگ بن.

بەرنامەکە ڕوونی دەکاتەوە کە نێریە شیردەرەکە وەچەی تری لێکەوتۆتەوە، کە ئەویش دووبارە نێرە و شیر دەدات بەڵام بەداخەوە خەڵکی کەمتر ڕووی تێدەکەن. مامۆستا، بە توڕەییەوە ئاوڕێك لە دواوە دەداتەوە و ڕوو لە مەجلیسەکەدەکات و دەڵێت:

- ئێوە بڕوانن، ئەم خەڵکە چەنێ سپڵەن!

پێشکەشکەری بەرنامە ئاماژە بەوە دەکات کە حاڵەتی وا زۆر کەم لە مێژوودا هەبووە، کوردستان یەکێکە لە لانکی ئەو موعجیزانە، هەروەها ئەوەی شایەنی باسە جارێکیش لە فەلەستین بزنێکی نێری شیردەری هەروەك ئەوەی کوردستانی لە مەڕ خۆمان پەیدابووە.

تاکو ئەو کاتە، باسی دوکتۆر ساورێن شێوەیەکی دینی گرتبوە خۆی، هەموو لە ڕوانگەیەکی دینیەوە هەڵیاندەسەنگاند، بەڵام بە هێنانی ناوی فەلەستین و جوتکردنی لەتەك ناوی کوردستان بابەتەکەی کردە سیاسی و گرێیدایەوە بە کێشەی نەتەوایەتی و زوڵم و چەوساندنەوەی میللییەوە.

لەو کاتەدا مامۆستا ئاوڕێکی تری بۆ دواوە دایەوە و ووتی:

- ئیوە بڕوانن، لە گەورەیی و ڕوحمی خوا، لەو شوێنەی میللەتە موسڵمانەکان بەدەست دوژمنەکانیانەوە دەچەوسێنەوە خوا یارمەتیان دەدات و شفای لە چەشنی ئەو نێرییە شیردەرەیان بۆ دەنێرێت، سەدەقەڵاهول عەزیم! بەڕاستی خوا دەلیلی داماوانە!

هاوڕێیەکی کوڕی حاجی، کە تا ئەو کاتە بێدەنگی هەڵبژاردبوو، دێتە وەڵام و دەڵێت: .

ـ شتی چاکە، کوردستان و فەلەستین خاڵی هاوبەشیان زۆرە، لەوانە: کێشەی نەتەوایەتی و بزنی نێری شیردەرە!

کوڕی حاجی ڕوودەکاتە باوکی و دەڵێت:

ـ باوکە! خەم و خەفەتخواردنی تۆ بۆ نەتەوە و دکتۆر بزن ئەو نەخۆشیەی تووش کردی.


هاوڕێی کوڕەکە، ڕوودەکاتە مامۆستا و حاجی دووبارە هەڵدەداتی:

- لەو شوێنەی خەڵکی وەك خەڵکی کوردستان گیرۆدەبن، نەك تەنیا نێرییەکی شیردەر بەڵکو دەیان نێرییە بۆریان لە ئاسمانەوە بۆ دەنێرێتە خوارێ تا بری دوکتۆر برینەکانیان لەبری تیماربکات.

لەو کاتەتەدا، کە بەرنامەی کەناڵەکەیکوردستانTV هێشتا کۆتایی نەهاتبوو" ئازاری نێولاقەکانی حاجی دەگاتە ئەو پەڕی، وەك ئەوەی بەنج بەریدابێت و هاواری دەگاتە ماڵە دراوسێکانی.

کوڕی حاجی و هاوڕێکانی پاش ساتێکی کەم تاکسیەکیان لە بەر دەرگا ئامادەکردووە و حاجی بە کۆڵ دەخەنە ناوی و بەرەو نەخۆشخانەی شار دەیرفێنن!

# کەرێك میَـــــدالَی وەرگرت




نووسینی: عەزیز نەسین

وەرگێڕانیی: ڕەحیـــمی لوقمـــانی


ڕۆژگارێك بوو هەرکەس دەسەڵات و توانایی زۆرتر بوایە زوڵمی لە ژێردەستانی خۆیدەکرد ودەیچەوساندنەوە .هەرکەس ماڵ و سامانی زۆرتر بوایە ، لای خەڵك زۆر ماقووڵ و بەڕێز بوو .لە گۆشەیکی ئەم جیهانەدا ولاتێك بوو کە خەڵکەکەی هەموو شتێکیان لەگەڵ ولاتانی تر جیاواز بوو . پادشا لە جیاتی کار و باری ولاتەکەی ، بەردەوام خەریکی خۆش گوزەرانی و رابواردن بوو . سەرۆك وەزیر سەری کردبوە خراپەکاری و تەنیا لەبیری بەرژەوەندی خزم و کەسەکانی خۆیدا بوو . وەزیران و نوێنەرانی پارلەمانیش بەردەوام خەریکی دزین و بڕینی خەزانەی ولات و پڕکردنی گیرفان و جانتاکەی خۆیان بوون. کورد گوتەنی سەرانی ئەو ولاتە "هەرکەس ئەسپی خۆی تاو دەدا و کەس ئاگای لە کەس نەبوو".

هەرچەند ئەم ولاتە ئاو و خاك و کێڵگەی چاك وبەر و بوومی زۆر و خەڵکەکەی لە ئاسایش و خۆشیدا بوو، بەلام لە پڕێك ژیان گۆڕا و وشکەساڵی بە سەرداهات .داهات و کێڵگە و باخان لە بێ ئاویدا هەڵپرووکان و لەبەین چوون. ئەو خەڵکەی کە لە مێژ ساڵ بوو دەستێکیان لە کووپەی هەنگویندا و دەستێکیان لە پووتەرۆندا بوو، ئێستە ئیتر نانە ڕەقیان گیر نەدەکەوت .بە هۆی وشکەساڵیەوە قەیران و گرانی سەری هەڵدا و پاشەکەوت و خواردەمەنی تەواو بوو .خەڵك لە برسێتیدا هاواریان لێ هەستا .هاوار و ناڵەی خەڵك ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەی دەستاند .پادشا بەو هەموو دەسەڵات و بگرە و بەردەوە ، هەستی بە خەتەر کرد و باری ئاڵۆزی ولات وشیاری کردەوە. هاتە سەر ئەوەی"تا کار لە کار نەترازاوە "سەرو سامانێ بە ولاتەکەی بدا. ڕیش سپی و پیرانی کۆ کردەوە و پرس ورای لەگەڵ کردن. هەموو بیر و هۆشیان خستە کار تا چارەیەك بدۆزنەوە. سەرۆك وەزیر گرێی کارەکەی دۆزیەوە . بڕیاریان دا :جاڕچیان بە هەموو ولاتا جاڕ بدەن و بە خەڵکی ڕابگەیەنن هەرکەس خزمەت و کارێکی باشی کردووە بێت بۆ دەربار ،تا پادشا خەلاتی بکا . ...پادشا ئەم نەخشەی سەرۆك وەزیری پێ باش و پەسەندبوو.فەرمانی دا جاڕچیان بڕۆن سەرتاسەری ولات بگەڕێن و ئەم مزگێنیەخۆشە بەخەڵك ڕابگەیەنن .جاڕچی بە هەموو شار و گوندی ولاتا گەڕان.هەموو کووچە و کۆلانێکیان دابەپاوەو بەدەنگی بەرز جاڕیان کێشا ..." :ئای خەڵکینە ...ئای خەڵکینە ...ئاگادار بن ...دوایی نەڵێن نەمانبیستوە !هەرکەس خزمەتێکی بەپادشا کردووە بە پەلە خۆی بگەیەنەتە دەربار و دەست خۆشانەی خۆی وەرگرێ ."خەڵك کە ئەمەیان بیست ، هەژاری و برسیەتیان لە بیر چۆوە .ستەم و گرانی و قەرز و قۆڵەکانیان فەرامۆش کرد .هەموو بۆ خەلات و بەراتی پادشا ، بەرەو دەربار تێوروژان .پادشا بۆ ڕێز گرتن و دەستخۆشانەی خەڵك چەند میدالێکی دروست کردبوو، کە هەر میدالێك لە رادەی جۆری خزمەت و کاری خەڵکەکەدا بوو .میدالی یەکەم زێری تەواو عەیار بوو .میدالی دووهەم زێری کەم عەیار ، سێهەم زیو،چوارەم برنجە، پێنجەم ئستیل، شەشەم ئاسن ومیدالی حەوتەم لە تەنەکە دروست کرابوو.هەرکەس دەهاتەدەربار،چی کردبوو کاروخزمەتەکانی خۆی بە پادشا ڕادەگەیاند . ئەویش لەرادەی ئەوکارانە میدالی تایبەتی خەلات دەکرد. بەمجۆرە خەڵك هەموو گیر و گرفتەکانی خۆیان لە بیر بردەوە .لە هەر ماڵ و کۆبوونەوەیەکدا باس باسی میداڵ وەرگرتن بوو .هەموو ڕۆژێ میدالەکانیان بە سینگ و بەرۆکی خۆیانا هەڵدەواسی و فیزیان پێوە دەکرد. لە ماوەیەکی کەمدا نەتەنیا زێڕ و جەواهێراتی خەزانە، بەڵکو هەرچی ئاسن و تەنەکەی ولات بوو هەمووی کرا بە میداڵ و بە سینگ و بەرۆکی خەڵکەوە هەڵواسران .ئەم خەبەرە گەییە گوێی گاگەل و کەرانی ولات. گایەك کە خۆی شایستەی میداڵ وەرگرتن دەزانی، هەرچەند لە برساندا سکی لکا بوو بە پشتیەوە ، یەکسەر بەرەو دەربار دایەغار .بە دەرگاوانی وت:

ـ بەپادشا بڵێن گایەك هاتووە و دەیەوێ بێتە خزمەتی

دەرکەوان ویستیان دەری بکەن بەلام گا دەستی بەگابۆڕ و سمکۆلان کرد:

ـ هەتا خاوەن شکۆ نەبینم واز ناهێنم.

ناچار یەکێك لە خزمەتکاران چووە خزمەتی پادشا و عەرزی کرد :ـ قوربان گایەك هاتووە و دەیەوێ بێتە خزمەتتان .

ـ باشە با بێتە ژوورەوە.

گا دەچێتە خزمەتی پادشا و کڕنۆش دەبا. پادشا لێی دەپرسێ :

ـ بلێ بزانم بۆچی هاتووی ؟

ـ پادشامان بەرقەرار بێ .بیستوومە میداڵتان خەلاتی هەموو کەس کردووە . منیش هاتووم میداڵ وەربگرم

پادشا بە توورەیی دەڵێ :

ـ بڕۆ هەی نەفام !میداڵ بە گا چۆن ئەدەم ؟ ئەوانە هەموو خزمەتیان پێ کردووم، ئە تۆ چیت بۆ من کردووە؟

گا کڕنۆشی بۆ دەبا و دەڵێ :

ـ قوربان کێ وەکوو تیرەو ڕەگەزی ئێمە خزمەتی کردووە؟ گۆشتمان دەخۆن ...شیرمان دەخۆن ...پێستمان دەکەنەکەوش وجل و بەرگ ... تەنانەت شیاکەیشمان بە کاردێنن .ئێستا ئەم هەموو خزمەتەمان پاداشی نابێ ؟ لانی کەم نابێ میدالێکی تەنەکەم بدەنێ ؟ شا لە قسەی گا ڕادەمێنێ و تێدە فکرێ .بە ڕاستی گا لە هەموان شایستەتر دەزانێ و فەرمان دەدا میدالێکی برنجەی خەلات بکەن.گا لە خۆشی ئەم سەرکەوتن و خەلاتەی بە غار و سمکۆلان لە دەربار دەرباز دەبێ .لە ڕێگە تووشی

قاتر دێ .قاتر بە دیتنی میدالّی گا زۆر تێك دەچی و ئێرەیی پێ دەبا . هەرچۆن بێ خۆی ئارام دەکاتەوە و پێی دەڵێ :

جەنابی گا پیرۆزت بێ، ئەو میدالّەت چۆن وەرگرت ؟ گا بە فیزێکی زۆرەوە باسەکەی بۆ دەگێڕێتەوە .هێشتا قسەکانی تەواو نابێ ، قاتر بێ خوداحافیزی بەرەو دەربار دەداتە غار .لە بەر دەروازە دەرکەوانان پێشی پێدەگرن:

ـ راوەستە!چۆن دەبێ هەر قاترێك لە رێوە بێت و یەکسەر بچێتە لای پادشا .قاتر لە داخا چاوی عەرز نابینێ .بەو کەللە شەقیەوە کە میراتی باوکیەتی دەست دەکا بە جووتە هاوێشتن .فەرتەنەیێك ساز دەکا ئەو سەری دیار نابێ .دەرگاوانان ناچار دەبن بۆ ئارام کردنەوەی رێگەی ئەویش بدەن بچێتە ژوورەوە. قاتر دەچێتە خزمەتی پادشا و سەری کڕنۆش دا دەنەوێنێ :

ـ گەورەم ئەم نۆکەرەش بە میدالّێك سەربەرز و شاد بفەرموو.

پادشا لێی دەپرسێ :

ـ ئە تۆ چ خزمەتێکت بە من کردووە ؟

ـ گەورەم لەم وڵاتە دا کێ ئەوەندەی من خزمەتی بە جەنابت کردووە؟ لە کاتی شەڕ دا تۆپ و تفەنگی سەربازەکانت بە شانی من دەگەڕێ، لە کاتی ئاسایشدا سوارم دەبن،بارم دەکەن، جار جاریش زەویم پێ دەکێڵن ... ئێستا ئەم هەموو خزمەتەم شیاوی میدالّێك نابێ ؟ پادشا قاتریش بە خاوەن ماف دەزانێ و فەرمان دەدا میدلێکی زێوی خەڵات بکرێ . قاتر میدالّ لە مل دەکا و بە غار و جووتە خستن لە دەربار دێتە دەرەوە. کە دەگاتە مەزرا بۆ ئەوەی بە سەر کەردا فیز بکا یەکسەر دەچێ بۆ لای و با دەکاتە خۆی و بە دەنگی بەرز دەڵێ :

چۆنی برازای خۆم ؟

بە خێر بی مامە گیان.

قاتر دەرفەت نادا کەر پرسیاری لێ بکا ، خێرا بە تام و چێژەوە باسی میدالّ وەرگرتنەکەی بۆ دەگێڕێتەوە. کەر کە خۆی لە قاتر بە کەمتر نازانێ ، نایەڵێ قسەکەی مامی تەواوبێ .هەر خێرا بە تووڕەیی و توندی بەرەو دەربار دەداتە غار. دەرگاوانان پێشی پێ دەگرن .بەڵام چون دەروەستی نایەن ناچار رێی دەدەن بچێتە ژوورەوە.کەر دەچێتە خزمەتی پادشا و کڕنۆشی بۆ دەبا.پادشا لێی دەپرسێ :

ـ ها !جاشە کەر تۆ بۆچی هاتووی ؟

گەورەم، دەستوور بفەرموو بە بەندەی گیان فیدایش میدالّێك خەڵات بکرێ.

پادشا بە تووڕەیی دەڵێ :

ـ هۆزی گا خزمەتی پێ کردوین .شیر و گۆشت و پێست و هەرچی هەبوە لە رێی وڵاتا بەخشیویەتی .قاتریش لە کاتی جەنگ و ئارامیدا گەورەترین خزمەتی پێ کردووین .بەڵام تۆی کەر و گەوج تا ئێستە چیت بۆئێمەمانان کردووە وا داوای پاداش دەکەی ؟

کەر کڕنۆشێك دەبا و بزەیەکی بۆ دەگرێ و دەڵێ :

ـ گەورەم !کەران باشترین خزمەتیان بە ئێوە کردووە .ئەگەر هەزاران بەندەی کەری وەك من نەبوایە ، پادشاکان چۆن دەیانتوانی ساڵەهای ساڵ لە سەر تەخت دانیشن و سواری میللەتبن؟ جەنابیشت هەتا خاوەنی ئێمەی کەر بی، تاج وتەختت هەر بەردەوام و پایدارە.

پادشا هەست دەکا ئەم کەرەی بەرانبەری راوەستاوە، زۆر شتان دەزانێ و هەبوونی بۆ دەوامی دەسەڵاتی پاشایەتی زۆر گرنگ و بەکەڵکە .تێدەگا ئەمە لەو کەرانە نیە بە میدالّێکی تەنەکە رازی بێ .پێی دەڵێ: ئەی بەندەی کەری من !بە راستی پلە و پایەی تۆ لەوە بەرزترە بە میدالّێك قەرەبوو بکرێتەوە .فەرمان دەدەم هەتا بمێنی و بە سەر زیندوو بی، هەموو رۆژێ یەك فەردە کا و جۆی بەلاش لە کادێنی پادشایی خەڵاتت بکرێ .جا هەر بلەوەڕە و بۆ سلامەتی و بەردەوامی حکوومەتی من بزەرێنە ...

خودا نەوە و نەتەوەی تۆ بۆ ئێمەمانان رۆژ بە رۆژ زیاتر بکات.

وەرگێڕان 68/4/5 سەقز

## فەرهەنگۆك

دەیچەوساندەوە :کار کێشانەوە لە خەڵك بە زۆری.

بەر و بووم :داهات و بەرهەمی باخ و زەوی.

پەرەی دەستاند :زۆرتر دەبوو، گسترش می یافت

لە رادەی :بەرانبەری، هاوپایە و هاوسەنگ

ماف: حەق

سمکۆڵ :سم بە زەوی دانی ئەسپ و گا و ...

فەرتەنە :ئاژاوە و پەشێوی

ئێرەیی :حەسوودی کردن

شیاو :شایستە

دەروەست :باشار، دەرەقەت هاتن

گرنگ :مهم

بە کەڵك :باش و بە سوود

قەرەبوو :پاداش دانەوە

فەردە :کیسە، تەلیس

بەلاش :خۆڕایی

رابواردن :خۆش گوزەرانی

کادێن :کایەن، ئەنباری ئالف

گابۆڕ :بۆڕە بۆڕی گا

بەرژەوەندی :منافع

# نامە

## برای گەورەم کاکە عەلی

ئەو کاتەو هەموو کاتەکانی ژیانت خۆش بێ، ئاواتە خوازم بە ئاواتەکانی ژیانت بگەی،

ماوەیەك لەوەی پێش باروبنەت گەیی‌و سەری کرنۆش بۆ گەورەییت دادەنوێنم، پەرتووکی دیکەم لەبەردست دایە هێشتا بەوردی بەرهەمەکانتم نەخوێندۆتەوە، تەمەنی درێژ و لەشی ساغت ئارەزووی منە بۆ خزمەت کردن بە زمان و ئەدەبیاتی نەتەوەی کورد، نەتەوەیەکی کە مانای تەنیایی بەتەنیا خولقاندوە و کەسی لەخۆی بێشەریکتر نەدیوە.

ئەو چەند رستەیە و ناوەرۆکی نابێتە بەرتەقای شەو و شەو نخونی بەرێزتان، هیوام ئەوەیە لێم زویر نەبی،

رێزو خۆشەویستیم بە تەواوی ئەو دۆستانەت بگەیەنە کە خۆشت دەوێن ، چەند وشەیەکیش ئاراستەی گۆڤارەکەت دەکەم ئەگەر شیاوی چاپ بێ،
29/7/4 = فەنلاند

### مەرگی شاعیر لە ولاتەکەم

وشە و جوانی‌و رەنگی ژیان،
لە خوێنی شادەماری جەستەی‌دا
دەژیان،
خۆشەویستی و ئەوین
چووکترین هەڵوێست بوون،
کە لە تان و پۆی کات ژمێری
رۆژانەی‌دا دەهەژان،
چرکەکانی هەناسەی بێ‌وچانی
یەك بەدوای یەکدا،
بۆ گەلی خۆی دە نەخشاند،
لە پڕ پیری لێی وەدەرکەوت و ،
ئێسکبەندی جەستەی لاوازی،
تێك تەپی و ،
لەسایەی فەقیری‌و هەژاری‌دا،
راستەو راست و لەسەر پێی،
لەناو گۆڕدا خەوی یەکجاری
هەڵبژارد .٪

جەعفەر کەریمی لە کیشوەری فەنلاند 3/ 9/ 04

# وەڵام

## هاورێی وشەو برای شیرینم

**ماموستا جەعفەری کەریمی خەڵکی مەهاباد و تەریدەی کیشوەری فەنلاند!**

چاوەکەم،

لەکات و ساتێکی ناخۆشی ژیانم دا کە ماوەی پینج رۆژ بوو گشت شەوو رۆژ و خەوو خەیاڵم بە کارساتە سامناکەکەی مەدرەسەو منداڵانی ولاتێك لە ولاتە یەکگرتووەکانی روسییەوە ئالۆزکابوو، نەم دەتوانی سیمای سامناکی فیدائییانی ئسلام و ترس و لەرزی زیاتر لە هەزار دایك و باوك منداڵان و مەدرەسەی بە بارمتەگیراو و چەند رۆژ ترس و برسیەتی و بە بارمتە گیراوی و ((سەرەنجام و بەئەنجام گەیاندنی قتوای شەرعی پێشەوایانی ئاینی (پیرۆزی) ئیسلام)) و دیمەنی تەقاندنەوەی مەدرەسەکان و لەت و پاری جەستەی زیاتر لە چوارسەد لاشەی منداڵانی 7 تا 10 و 12 ساڵە و دایکان و باوکان و، دا پیرەو باپیرەی پیری 50 و 60 ساڵە کە بە درێژایی چەند شەو و رۆژە لە سەر شاشەی تەلویزیۆنەکانی سەر تاسەری جیهاندا بێبڕانەوە بلاو دەکریتەوە، دڵی جیهانی هەژاندوە مەگەر هەر بۆخۆم بزانم لە چە قەیرانێکی رۆحی و رەوانی‌دا بووم، بەتایبەت بە دیتنی دیمەنی بەخاك سپاردنیان، بیرم لەوە دەکردەوە دەبێ بە چەند رۆژ بە خاك بسپێردرێن و بە چەندەها **ساڵ و قەرن** بە فەرامۆشی دەسپێردرێن!!؟؟

ئا لەو کاتو ساتەدا کە لە شاشەی کوردسات **TV** یەوە تماشای مەراسمی گوڵباران و گریان ماتەمینی و بەخاك سپاردنی ئەو پەپوولە بیتاوانانەم دەکرد، زەنگی تەلەفۆن پەتی بیر و خەیاڵی ناخۆشی پچڕاندم، کاك شەهاب مەنمی بوو وتی:

نامەیەکت لە فەنلاندەوە بۆ هاتووە ئیستا بۆت دێنم، کە هێنای و کردمەوە ، بە راستی دەتوانو بێڕیا بلێم:

گەرچی نامەکە چکۆلە بوو بەلاّم ناوەرۆکەکەی کەم نەبوو بۆ هەزینەی ژیانی لانیکەم مانگێکی حەوت منداڵ لە منداڵەکانمان و قووت و قووتی رۆح و رەوانی خوم بۆ ماوەیەکی زۆر بەتایبەت لەو کات و ساتەدا کە بۆم باسکردی،

ماموستا گیان پێویست ناکات من هیچی‌تر بنووسم، هەرکەس نامەو شیعرە کەت بخوێنیتەوە، بێشك لە هەست و سۆزی دەروونیت و لە کورتە شیعرە بەماناو مەفهووم درێژەکەت بە باشی تێدەگات.

چاوەکەم، ئازیزانێکی وەك تۆ و تۆکانن بوونەتە سەر مایەی ژیان و قووتی لایەمووتی ئەندێشە و پیشە و پێشەی من.

2004/9/7 هاورێی وشە شیرین و بەنرخە کانت ع = کیتابی

## وەڵامی دیمەن و گوزارشێکی پڕ هەست و سۆز !

### هاوڕێـــی وشـــە و ئەندێشـــەم!

هیوادارین ئەم کورتە وەڵامەی من شایستەی ئەو گشتە زەحمەت و دڵسۆزییەی خۆت و هاوسەر و سەرینەکەت بێت.

بە کورتی تەنیا ئەو ڕاستییەت بۆ دەدرکێنم و دەڵێم:

پاش دڵەتەپێ و چاوەڕوانییەکی زیاتر لە دوومانگ، بەتایبەت ئەم دوو حەوتووی دووایییەی کە چاوەڕوانی گوزارشی زەحمەت و تێکۆشانتان بووین تا ماناو مەفهووم و ناوەرۆکی ناوەوە دەرەوەی ژمارە 11ی گۆڤارەکەمانی پێ پڕ پیت و پێز کەین.

سەرەنجام بۆ دووهەمینجار لەماوەی نیوە حەوتوێکدا، کاك شەهاب بە زڕەی زەنگی تەلەفۆنە باخەڵیەکەم ڕایچڵەکاندم و لە چاوەڕوانی ڕزگاری کردم. هەر وەها دەبێ مەمنوونی هەست و شعور و هونەری **ئارام** ببین بۆ ئەو دیمەنە جوانانەی بە دیقەت خولقاندوویەتی: جا با دایك و باوکیشی لەولاوە بوێستن.... هیچیان پێنالێین.

کاکە گیان، تۆ لە چوارچێوەیەکی چکۆلەدا بیووگرافی منداڵەکانت وەك تابلۆیەك، پێکاسۆ ئاسا، بۆ نەخشاندووین، دەك دەست و قەڵم و چاوەکانت خۆشبن.

1 – هیوادارم زۆر زیاتر لە سۆزان، بەدەربەستی مریەمی نەقشبەندی بن، خۆ خۆت باش دەرکم دەکەیت، تکات لێ دەکەم لەباری مەعنەوی و مادییەوە ئەوەی بۆ سۆزانی دەکەن بۆ ئەویشی بکەن ئەڵبەتە هاوکات و لە ماڵەکەی خۆتاندا.

2 – پرشنگیش بدەنە لۆی شنۆدا،

3 – خوشکە کولسوم بە پێی توانای لە حەوتوێکدا لانی کەم ڕۆژێك یان دوو ڕۆژ دڵ و ماڵەکەی بکاتە قوتابخانە بۆ مریەم و شنۆ و پرشنگ و هۆزان و سۆزان.

جارێ بە پوختی و پاراوی و بە پێی ئیمکاناتی مادی من و مەعنەوی خۆتان، ئەم حەوت منداڵە پەروەردەکەن.

4 – ئانیتا و ئەو منداڵەی نەیتوانیبو لە جیژنەکەدا بەشداربێت، بێجگە لەو دەهەزارتمەنەی مانگانە دەیاندەنێ یەکی بەشێك بە ئەندازەی خەرجی دەستەجەمعی مریەم و شنۆ و پرشنگ و هۆزان و سۆزانیشیان بۆ لەبەرچاو بگرن. تەنیا مریەم دەبێ لە باری مەعنەوییەوە، زۆرتر پێیەوە ماندوو بین.

دوا وتە و دوا وشە و نیازم:

هیوادارم ئەو جیهانە کۆن و ئەزەلی‌یەی من گەرەکمە واولم بۆ کردۆتەوە، ئێوە لەماڵە چکۆلەکەتانا بۆم بخولقێنن، ڕۆح و ڕەوانی منیش هەموو ئان و کات و ساتێك بەسەر هەزاران چیا و چۆڵ و دەریاو زەریادا لە ئورووپاوە بێت بۆ ئاسیا و لە درگاو پەنجەرەوە تێر و تەسەل لێتان بڕوانی و بە دڵنیاییەوە بگەڕەیتەوە ناو جەستەی خەستەم.


سەعات سێی پاش نیوەشەوی 11 = 9 = 2004 ع – کیتابی





## له ساڵـــڕۆژی منـــــداڵا !

له ساڵڕۆژی منداڵا له زێدی من
باڵای دایك هێشووه ڕەشەی خەم
دای دەگرێ
له ساڵه ڕۆژی دایکانا
له نەفتاوای زێڕستانا له زێدی من
جیژنی منالْ له گوێ شەقامی برسییەتی و
هەژاریا بەرپا ئەکرێ؟
له ساڵه ڕۆژی لەشکردا
گولله قرمەی شایلۆغان و پێکەنینیه
له پێتەختی تفەنگەوه مرۆڤکوژان
تاجه گوڵی خوێنی ئینسانیان
ده کرێته مل ؟
له ساڵڕۆژی مامۆستادا
له کەلاوه برسییەکانی ڕۆژ هەڵاتا
حوکمداری قەڵای زێڕین
له هەرشارێك گێلەمێر و نەزانێکه؟
مامۆستاشمان
له کووچه تەنگەکانی شاردا
سەر گەردانی ژووره چۆڵ و ژێرخانێکه.!
چەمکێك له وته و نووسینەکانی ڕەحیم لوقمانی



۷۷۶۶۵۵

جمهوری اسلامی ایران

شمارهٔ ملی ۱ — ۳۷۲—۱۰۱۹۹۲

نام آقای / خانم رنیتا

نام خانوادگی عبدی

۱۳۸۱/۹/۱۱

تاریخ تولد: روز یازدهم ماه آذر سال یکهزار و سیصد و هشتاد و یک هجری شمسی

۱۴۲۳


روز بیست و ششم ماه رمضان سال یکهزار و چهارصد و بیست و سه هجری قمری

محل تولد: شهرستان سنندج شهر سنندج روستا بخش

| | نام | شمارهٔ ملی / شمارهٔ شناسنامه و محل صدور |
|---|---|---|
| پدر | بهاءالدین | ۲۴۲ سنندج اندر |
| مادر | برفاب | ۱۶۹۷ کامیاران تنگی سر |

ادارهٔ ثبت احوال سنندج

نام و نام خانوادگی مأمور



۱۲۹۴۳۳

جمهوری اسلامی ایران

شمارهٔ ملی ۴ — ۳۷۵—۰۴۷۰۴۶

نام آقای / خانم سوزان

۱۳۷۶

نام خانوادگی لقمانی

تاریخ تولد: روز یازدهم ماه آبان سال یکهزار و سیصد و هفتاد و شش هجری شمسی

۱۴۱۸

روز ۱ ماه رجب سال یکهزار و چهارصد و هیجده هجری قمری


محل تولد: شهرستان سقز شهر سقز روستا بخش

| | نام | شمارهٔ ملی / شمارهٔ شناسنامه و محل صدور |
|---|---|---|
| پدر | رحیم | ۷۰۳ سقز |
| مادر | گلشن ماه | [illegible] |

ادارهٔ ثبت احوال سقز

نام و نام خانوادگی مأمور

۷۶/۹/۱۱



۸۵۴۷۷۸

جمهوری اسلامی ایران

شمارهٔ ملی ۲-۳۳۸-۰۷۹۲۹۴

نام سیده مریم

نام خانوادگی نقشبندی

۱۳۷۲

تاریخ تولد: روز هشتم ماه آبان سال یکهزار و سیصد و هفتاد و دو هجری شمسی


۱۴۱۴

روز چهاردهم ماه جمادی الاول سال یکهزار و چهارصد و چهارده هجری قمری

محل تولد: شهرستان بندرعباس شهر بندرعباس روستا بخش

| | نام | شمارهٔ ملی / شمارهٔ شناسنامه و محل صدور |
|---|---|---|
| پدر | سید محمد شاهد | ۹۶۰ امروله سنندج |
| مادر | حمیده | |

نام و نام خانوادگی مأمور



۱۷۶۶۹۹۹

جمهوری اسلامی ایران

شمارهٔ شناسنامه کد ملی ۴-۳۷۲-۰۳۸۷۵۳

نام آقای / خانم شنو

نام خانوادگی علیمرادی

۱۳۷۱/۱۲/۲۸

تاریخ تولد: روز بیست و هشتم ماه اسفند سال هزار و سیصد و هفتاد و یک

۲۵ رمضان ۱۴۱۳


محل تولد: شهرستان سنندج بخش دهستان شهر سنندج

| والدین | نام | شمارهٔ شناسنامه | محل تنظیم سند | حوزه |
|---|---|---|---|---|
| پدر | عباس | ۴۴۳ | دولت آباد | سنندج |
| مادر | شرافت | ۱۲۱ | اقبارق | دیواندره |

تاریخ تنظیم سند: روز ۶ ماه ۲ سال ۱۳۷۲

محل تنظیم سند: حوزهٔ ۳ شهرستان سنندج بخش دهستان شهر

نام و نام خانوادگی مأمور



جمهوری اسلامی ایران

شماره شناسنامه ۳۷۵-۰۱۳۳۹۵-۶

نام آقای / خانم هوژان

نام خانوادگی

تاریخ تولد: روز ... ماه ... سال ...

محل تولد: شهرستان ... بخش ... دهستان ... شهر، روستا

| والدین | نام | شماره شناسنامه | محل تنظیم سند | حوزه |
|---|---|---|---|---|
| پدر | | ۷۰۲ | | |
| مادر | | ۴۲۰ | | |

تاریخ تنظیم سند: روز ۲۸ ماه ۱۱ سال ۱۳۶۹

محل تنظیم سند: حوزه ۱ شهرستان ... دهستان ...

نام و نام خانوادگی مأمور

جمهوری اسلامی ایران

شماره شناسنامه ۳۷۲-۰۶۷۶۰۲-۱

نام آقا / خانم شمسی

نام خانوادگی

تاریخ تولد: روز بیستم ماه تیر سال ...

محل تولد: شهرستان سنندج بخش ... دهستان ... شهر، روستا

| والدین | نام | شماره شناسنامه | محل تنظیم سند | حوزه |
|---|---|---|---|---|
| پدر | احمد | ۱۸۵ | سنندج | |
| مادر | رابعه | ۱۵۴ | | |

تاریخ تنظیم سند: روز ۲۰ ماه ۲ سال ۱۳۷۳

محل تنظیم سند: حوزه ... شهرستان سنندج بخش ... دهستان ...

نام و نام خانوادگی مأمور

۱۳۷۳/۲/۳۱



# بـــووكه شـــــووشــــه



حوسـێن دەربەنیخانـــــی

پاش نیوەڕۆیەكی سارد,لەیەكێك لەناوەندەكانی فرۆشتنی كاری هەرزان و ڕەشدا ,ئاهی گەرم وەدەروونی سووتاووڕەش وەك كارەكەم تێكەڵ بە ئاهی ساردو دەروونی سپی بەفرەكە بووبوو.دیمەنی ساردوپەری ئاسای بەفرەكە نەیتوانی نیڵەی گەرمی دەروونم دامركێنێتەوەو منیش نەمتوانی لەو دیمەنە شیعرییە بەدەروونی گرگرتووم,دەروونی سوكناییەك بدەم تەنیاو تامەزرۆ بۆ وەرگرتنی ماڤ پەنابەرێتی .بۆ شكاندنەوەی تای تەرازوو بە لای دەروونمدا لەو ململانێیەدا هانام بۆ تەلەفۆنەكەی دەستم برد....

ئاخر كارەساتە لە دونیای پەیوەندییە زۆرو جۆراوجۆرەكاندا لەدونیای پێشكەوتنی تەكنەلۆژیادا,تەنیا وەسیلەیەك گرێتدا بە خۆشەویستانتەوە تەلەفۆن بێت!!ئەو كیژەی تەلەفۆنەكەی هەڵگرت (شـــێنێ)كەم بوو, گوڵە شێنێ وەك ڕاهاتبوو داخوازییەكانی لە لیستی ئەو ووشانە زۆر زیاتربوون لە ژیانیدا دەیزانین, پرسیاری كرد:-

–بابە پارەم بۆ بنێرەوە بۆ ئەوەی بووكە شووشەیەكی گەورە بكرم.

–بەسەرچاو گوڵەكەم ,چەندت ئەوێ؟

–نازانم دوو پارەم بۆ بنێرەوە ,بەڵام هەر بەناوی خۆشمەوە بینێرەوە!

– داوای هەردووو چاویشم بكەی بۆت دەنێرمەوە.

–جابابە هەردووچاوت چلێبكەم؟! خۆ هەردوو چاوت لەبازاڕدا بووكەشووشەیەك ناكات!!

–لە گەڵ بیركردنەوەو سەرسوڕماندا پرسیارم لێكرد : شێنێ تەمەنت بووە بە چەند؟! –نازانم , ها ئەوە دایكمە قسەی لەگەڵ بكە.

–بەفرەكەو بیركردنەوەم بە یەكەوە دایانەبارین و تا دەهات پاڵەپەستۆیان زیاتر دەبوو لە سەر مێشكم .....ئاخركچەكەم تۆ ژمارەی ئەو مۆمانە نازانیت كە لە ژیانتدا كوژاندونەتەوە ......ژمارەی بەهارەكانی تەمەنت نازانیت,لە كوێوە ئەو هاو كێشە گرانە فێربوویت؟! ئەو بیردۆزەت چۆن لێكدایەوەكە لە دونیای ئەمڕۆدا جووتێك چاو, بووكەشوشەیەك یان جووتێك پێڵاو ناكات؟!

–ئابووریناسان چەندین ساڵیان ویست تا لە گرێ ئاڵۆزەكانی ئەو هاوكێشە ئابوورییە تێبگەن, ئێستا تۆ بە بیری سادەو منداڵی خۆت لەوە گەیشتوویت كە ئەم دونیا چەند ناكۆك و ناشایستەیە لەگەڵ مرۆڤدا, ئاخر دونیایەك جووتێك چاو جووتێك پێڵاو یان بووكەشوشەیەك نەكات ناكرێت دونیایەكی ئینسانی بێت, با ئەو دونیا بە فلْچەی كوردی ,عەرەبی, سویدی یان هندی بۆیاخ كرابێت ,یا بە كامێرای عەرەبی,ئینگلیزی, كوردی یان ئەمریكی وێنەگیرابێت.ناكرێت بە زەمەنێك بووترێت زەمەنێكی ئینسانی, ئەگەر هەموو بەهاكان لە ئینسان نزمتر نەبوون ,ئەگەر ڕێگای دووری نێوان ئینسانو ئارەزووەكانی كورت نەكاتەوەو نەیكا بەیەك .

–گوڵەكەم من بەهیوای زەمەنێكی ئینسانی كە ئینسان چەندی توانا هەبوو خەرجی بكاتو چەندی پێویستبوو بیبا,ئەم هەستە ووردو ناسكەی تۆ دەكەمە بنەمایەك بۆ بیركردنەوەو جووڵەی داهاتووم.

–نیگام بە پرچی سپی بەفرەكەوە گرێدابوو كاتێك پرچو ڕیشی ڕەشی كابرای هیندی خاوەنكارم سێبەری خستە سەر نیگامو بە دەنگێكی زبر فەرمانی پێكردم :

–ئانجی تەنی پەنجابی نان تەیار كەرۆ( واتە سێ پەنجابی نان دروست بكە).

–منیش كە لە قوڵایی خەیاڵدابووم ووتم : هەر ئێستا سێ بووكە شووشە دروست ئەكەم.

–كابرای هیندی سەری سوڕماو لە هیچ تێنەگەیشت بەدەم سەربادانەوە گەڕایەوە جێگەكەی خۆی...........!

حسین علی 2004/8/23

# چمکێکی چکۆلە لە ڕۆمانی

## ســـــــارا

### دەهەمین بەشی

نووسینی عەلی کیتابی



ڕووداوێکی کوتوپڕ و چاوەڕوان نەکراو، لە شەوێکی تەپ و نم و تاریك و ئەنگوستەچاوی گیاڕەشی بەهاریدا. گشت خێڵەکان تیکخروشان. زۆر کەس کە لە سەرەتای خێڵ خەوتنانەوە، هاوکات و بەیادی شەوی زەفافی ڕۆستەمبەگەوە لە گەل دایکی منداڵەکانیدا تێخزابوون! بە لنگی بێدەرپی و شاقەلی شۆڕ و پێخاوس، ڕژانە مەیدانەوە. چیەچیە چ قەومامە!؟

شەوی تاریك نمنمەی باران و گیاڕەشی بەهاری تێکڕا دەستیانداوەتە دەستی یەك و بوونەتە پشتیوان و برای بڕبڕە پشتی شەریفی ڕەنان!.

شەریف کە ئاوزەنگی هەڵدە کرێنێتە لاتەڕافەی عەنەزەی گویلاریەوە. عەنەزەش بە کاسەی سمی مجەڕەت ناڵ و بزماری ئەڵماسی بەتایبەت بۆ ئەو هەل و مەرجە دروستکراویەوە. بەسەر سکی ژن و پیاوو منداڵ و مەزندا بازرەقە دەبەستێت و دەیانکەس (دەوە)و ورگدڕاو، شەل و پەتکراو، حەشر و حەلەلایەکە کەس دۆست و دوژمنی خۆی ناناسێ. (شەریف)ی دڵ پڕ لە تۆڵەو قین، نووکی نێزە ئاوقەی سەرسینگی هەر شۆڕە سوار و لاوێکی هۆزەکانی ڕوخزایی و تەرخانی و... دەکات بە سەر کەڵپۆسی زین دا شۆڕد دەبنەوە. کوێرکوێران وەها تێك وروژاون، کەس دۆست و دوژمنی خۆی ناناسێتەوە. شەریف بە ئاواتی خۆی گەیشت و بەرەو گەرمێن خۆی دەربازکرد.

تا هەور هەڵی برینگاند و شەبەق شەوقی دایەوە، پیاوانی بە تەجرەبە هاتنەوە بە خۆیاندان قەتڵ و عامێکیان لەیەکتر کردبوو چاوی ڕۆژگار بە خۆیەوە نەیدیبوو.

مامە پێرەی تەگبیر کەری ڕۆستەم بەگ کە ئێرەی بۆ شایی و زەماوەند پەسەند کردبوو، لەناکاو شاییگا لێیان بوو بە قەتڵگا! وەك پیرە قەلەموون لووتی لێ شۆڕ دەبێتەوە و بە گریانەوە دەڵێ:

عەشرەت وەکەلامی خوا ئەمان گشتیان شەهێدن، تەویێ وەجلك و سەرو سیپاڵی خۆیانەوە بنێژرێن شەهید کوا کفنی گەرەکە.

پتر لە سەعاتێکە کاروانچیەکان گشت گیانیان کردۆتە گوێچکە و بۆ ئەم ڕوداوە میژینەیان شلکردوە، کاڕشی ڕوو دەکاتە ئەحمەد و دەڵێ:

ئیستا تێگەیشتی ئەمدەشتە پان و بەرینە چۆن لە ماوەی شەوو ڕۆژێکدا بۆتە ئەم قەبرستانە و مێژوو ناوی نگریسی ڕۆستەمبەگ کوژراوی بۆ هەمیشە پێبەخشیوە .! ئەحمەد دەڵێ: ئەی شەریف؟

_ شەریفیش بوو بە خۆشەویستی خەڵك و قارەمانی داستانێکی ڕاستین و ئەفسانەیی و سینە بە سینە و نەسڵ بە نەسڵ لە گوێی کوانوو، و ئاگردانی ماڵە دەوڵەمەند و لاودیواخانی میر و بەگزادە و کۆچەری و کاروانی وەك ئیستای ئێمە، وەك کەلە پوورێکی میللی بۆ گەلی کورد بە گشتی و عاشیرەتە کۆچەرییەکانی جاف بەتایبەتی ماوەتەوە.

ئەحمەد چایەکی سەرگوڵی نەکولاوی تازە دەم بۆ مام ڕەشی تێدەکات، مام ڕەشی بە ئیشتیا و قوم بە دوای قومدا چاییەکە دەخواتەوە. بۆ ئەوەی ئەم دیمەن و داستانەی ڕۆستەم بەگ، لەو دەشتەدا باشتر لەمیشکی ئەحمەد و هاوڕێ کاروانچی‌یەکانی‌دا تۆمار بکرێت، دەڵێ:

شەریف بە شەهامەتەوە داستانێکی ڕاستینی وەهای خولقاندوە، سەدان ساڵە لە لایەن بوێژان و خۆشخوانانی بەردرگا و بارەگای ئەمیران و دیواخانی سەرەکهۆزەکان و زۆر شوینی کوردستاندا بەیت و بالۆرەی پێدا هەڵدەوترێت، دەماو دەم و سینە بە سینە هاتووە، زۆرجار باوکی منیان دەبردە ناو کۆڕ و کۆمەڵ و لەدەوری کۆ دەبوونەوە ئەویش بە شێوەی (حەماسی) و هەست و سۆزی دەروونی لە بڕێك شوێن دا بە دەنگێکی گیراو و ماتەمینەوە بۆ خەڵکی دەگێڕایەوە. من ئەم داستانەم دەیانجار لە ناو مەجلیسی شەوانی شادی و شیوەن دا لە باوکم بیستوە، کە لە کۆتای داستانەکەدا دەیگوت:

– ئەمە یەکێکە لە لاپەڕە هەرە گرینگەکانی مێژووی میللەتی کورد پێویستە سینە بەسینە چۆن هاتووە ئاوەهایش وەك تا ئیستایی لە لاپەڕەی دڵاندا تۆمار بکرێت و بپارێزرێت.!

هێشتا هەر عەسرە دەگەنە دەراوی گوندی میشیاو، و زیارەتانەکەی پیرە غەریبە، لەناو کوڕوکاڵی کارەانی‌دا دەبێتە مقۆمقۆ کێدەچپتە گوندی میشیاو کێ راستەو ڕاست بەرەو خوار ملدەنێ، ئالەو هەل و مەرجەدا دوو سواری چەکدار لە ژێردا بەرەو میشیاو دێنەوە، کە چاویان بە کاروانی خوڕخوڕەیی دەکەوێت دەڵێن: براینە بۆ پێنجوێن دەچن؟ کاڕەشی دەڵێ:

بەڵی واخەریکە زستان دێتە پێشەوە وەك هەمووساڵێك تا بەفر کەلی ناوخوانی لێنەگرتووین دەبێ بچین ئازوخەی زستانەکەمان بێنین. چەکدارەکان دەڵێ:

کاکە بگەڕێنەوە بۆ میشیاو، ئەمدوانیوەڕۆیە هەرتك گەردەنەی (تەڕەتوڵی و وشکەتوڵی گیرابو گشت کاروانی‌و ڕێبوارە کانی

ئەمرۆیان ڕوت کردۆتەوە هەتا کڵاش پاتۆلەکانیشیان لەپێداکەندبوون. یەکێکیان حەمەشەریف کەرخۆر بوو وتی:
یاڵا بگەڕێنەوە بەیانی لەگەڵ کاروانی و تفەنگچیەکانی خۆماندا بە ڕێتان دەکەین بەسلامەت دەتانبەین و دەتانهێنینەوە. خۆ ئەوەی ئێوە بۆ زستانی ماڵ و منداڵتانی دەبەنەوە وەك هەموو ساڵێك بە هاوین و بە زسات ئێمەیش لێی دەخۆین. چۆن دێڵێن شرە خۆرانی بانەیی و مەریوانی ڕووتتان کەنەوە. ئیوە لە گەڵمانا بگەڕینەوە جا با دێڵە بانەیی و مەریوانی بەیانی بێنە سەر ڕێگەی ئێوە جا بزانن چۆن بە گولە کونکونیان دەکەین.

ئەو شەوە کاروانچییەکان بە خۆیان کەر و بارگیرەکانیانەوە میوانی خەڵکی میشیاو بوون. بەیانی بە پشت ئەستووری کاروانی و چەکدارەکانی گوندی میشیاو بەرەو پێنجوین وەڕێ کەوتن. کە گەیشتنە دەشتی داوێن پینجوێن ئەحمەد خواحافیزی لە مام ڕەشی و گشت کاروانچییەکان کرد و بەرەو ملەکەوە و و گوندی کانی مانگا. ملی ڕێگەی گرت.

\+ \+ \+

ئا خرو ئۆخری مانگی گەڵاڕێزانە، وادیارە ئەمساڵ پەڵەی پایزی لە گەرمێن پیش لەوادەی سورشتی پایزە بەهارێکی کورتی خوڵقاندوە.
لە دۆڵەسوور تێپەڕی گەیشتە دەراوی گوندی کەوڵۆس و بناری شارەزوور. دەرو دەشت خەملیوە، دەڵێی دواڕۆژەکانی مانگی خاکەلێوەیە. ئەو دەشت و دەرەی کە هاوین و پایز، پەز و پاتاڵ و ئاژەلی خێلەخاف، لێساولێسیان داوە، ئیستا دەڵی شێخەژنە خەوتووە و تارای سەوزی بەسەردا کێشراوە. پۆلپۆل ڕیشۆڵی و قاژولکە ڕەشە کە تازە گەیشتوونەتەجیێ، بە جریوە جریو و قیژەقیژ، پۆلێك هەڵدەفرێ و دەیان دەنیشنەوە. ڕیشۆڵییەکان ئێستا تێکرا رەنگی ڕشی قەترانی سورشتیان، چیلچیل و خاڵخاڵیە، نێر و مێوو بەچکە و دایکە لێك جیا ناکرێنەوە. تێکڕا بە گەروو و دەندوکیان. دەیان نەغمە و نەوای سەمفۆنی و ساز و سەنتوور و شمشاڵ دەژەنن. خەڵکی گەرمێن بە زمانی عەرەبە دراوسێکانیانەوە بەم کاتو ساتەی ساڵ واتە پاش پەڵەی پایز، کە گەرمین بە سەوزە گیا دە خەملێ، دەڵێن (ڕەبیع الاول) واتە بەهاری یەکەم، لەگەرمین قەت بەفر نابارێ لەوێ زستانیش هەر وەك بەهار وایە بەڕاستی بەهار.
ئەحمەد لە دوورەوە کە دەنواڕێتە دەشتی شارەزوور و دوندی دووکێوی بڵیندی ئەمبەرەو بەری (تەنگەی) دەربەندیخان، لە دەروونەوە خۆی لە بەرانبەر خانمی ئەدازیار و سەلمە و مامکەریم بە شەرمەزار دەزانێ. گەرچی دەزانێ لە دەردی شوانی و گاوانیو برسییەتی و بێبژیوی ڕزگاریان بووە، بەڵام لە چاوی خۆیەوە هەست بە دەردی چاوەڕوانیان دەکات. دەزانی درەنگی نەچوونەوە و تاخیری ئەو، بۆتە بایس دڵە ڕاوکێ و دەغدەغەی دەروونی مامکەریم و سەلمە. بە پەلە و بێ پشوودان خۆی دەگەیەنێتە نزیکی شەریکەی دەربەندیخان. دیارە دەربەندیخان پاش ساڵ و نیوێك دیمەنی ئیستا و ئەوسای بەتەواوی گۆڕاوە. ئەو شوێنانەی بڕیاربوو کونبکرێن، کونکراون و بتونرێژ کراون. کەرەستە و ماشێنالاتی وایان تێخوروشاندوە مرۆڤ، سەرسام دەبێت. کرێکارانی (فەلە) و ڕەشپێست دەیانجۆر مرۆڤ، بە زاراوە و جل و بەرگی جۆراو جۆر لە چوار قوڕنەی کوردستانەوە ئەندازیارانی چاوشین و قژکاڵ و سوور پێست و ڕەشپێست تێکخوروشاون، کارو باری تونێلەکە کۆتایی هاتووە.
ئەحمەد بە پەلە و دڵەتەپێ و تامەزرۆییەوە هەر چەند چاو دە گێڕێ هیچ هەتەرێك لە مامکەریم و سەلمە و خانمی ئەندازیار نابینێ، سەرسام و هەراسان ڕوو دەکاتە پۆلێك کرێکاری بتوونرێژ، سڵاویکیان ئاڕاستە دەکات. کرێکارێك دەست لە کارەکەی دەکێشی و دێتە پێشەوە دەڵێ:
– ئەرێ تۆ کاکەحمەد نیت؟
– بەڵێ من ئەحمەدم بەڵام تۆ کام ئەحمەدت مەبەستە؟
– ئەو ئەحمەدەی پێرارەکە لێرە لەگەڵ پیرە پیاوێك و کچۆڵەیەك کاریان دەکرد.
– بەرێوەڵا من ئەو ئەحمەدەم.
– دەك بەخێر بێی کاکەحمەدگیان بمبوورە کارفە رماکەم لێرە نیە ڕوخسەتم بدات دەست لە کار بکێشم بێم بەدەمتەوە. بەڵام بۆ وچانی نیوەڕۆ، تەنیا سەعاتێکمان ماوە تەعتیل بین. با ئەوەشت پێبڵێم چەند ئامانیەتێکی تۆ لایمنە. دەمێکە چاوەڕوانی هاتنت بووم.
ئەحمەد دڵی دەکەوێتە تەپەتەپ و لێدان ئەوسەعاتەی لێ دەبێتە ساڵێك، هەزارو یەك تۆبڵێی بەدلدا دێت. لەدڵی خۆیدا خۆی بەخۆی دەڵێ:
– تۆ بڵێی دیسانەوە کۆسێکیترم کەوتبێ!؟ ئەو مام کەریمە ڕۆژە ڕەشە بەهۆی سەلماوە کە تەنیا کچێکی کرێکارە تووشی بەڵایەك کرابێتن؟ تۆ بڵێی بای شەڕو وەیشوومەی ژیان بەرەو وڵاتێکیتر هەڵیداشتبن بۆ هەتا هەتایە یەکتری نەبینین و، وەك سارای جوانەمەرگ دیدارەوقیامەت کەوین؟
لەکاتێکدا وەخت بوو مێشکی بتەقێ، زەنگی تەعتیلی لێدرا کرێکارەکان پاچ و پێمەڕە و ... تووڕ هەڵدەدەن و پۆلپۆل دەچنە سەر چۆمی سیروان.

کرێکارێکی چوارشانەی مەچەک ئەستوور، تەپوو تۆزاوی، چنگ و پەل بە چیمەنتۆ سووتاو ڕواڵەت بە تینیهەتاو برژاو ناوشان بە تۆز و کەفیئارەقە، ڕەقێلە بەستوو. بە پەلە خۆی دەگەیەنێتە ئەحمەد، بە زەردەخەنەی شیرینی سەرلێویەوە دەڵێ:

– ئەوە بۆ وادۆشداماوی بزە لەسەر لێوانت تۆراوە، دەبێ لێم ببووری مەشیا هەر زوو پێتم بوتایە، باوکت و خوشکەکەت لەو پەڕی بەختەوەریدا دەژین، خۆزگەم بە خۆیان. ئەمجار بە شۆرو شەوقێکەوە دەڵێ:

– پایزی ڕابووردوو کە لێرە ڕۆیشتن نامە و دیاریەکی بایبداریان بۆ داناوی.

ئەحمە لە خۆشیان ڕەنگی سوور هەڵگەرا، شادی و خۆشی و شك و گومانی لێ تێکلاو بون. کە گەیشتنە بەر دەرکی "بوومدڕەکە" کە گوڕە درگای کردەوە دیوێکی چکۆلە و تاریك و تنووك تەنیا دەلاقەیەکی چکۆلە بە سەر درگا کورت و تەسکەکەیەوەیە، ئەشێ درگا لەسەر گازی پشت بکرێتەوە تا ناو هۆدەکە ببینرێت. دووچڵ دار و سندووقەشکاوێك و تاقە پەتوێك کراوەتە تەختی خەوتن و جێی ئیسراحەتی شەوو ڕۆژ. قابلەمەیەك و جام ودەوریەك، دوو کەوچك، لەگەڵ فانۆسێکی شووشە شکاوی ژەنگاوی، حەسیرێکی ڕەق و تەق لەناوەڕاستی ژوورەکەدا ئەمانە کەرەستەی ناوماڵن.

کوڕە کرێکاری خاوەنماڵ بە خوڵك محیبەتێکی تایبتییەوە دەڵێ:

– یاخوا بەخێربێی فەرموو بچۆرە سەر قەرەوێڵکە دانیشە. خێرا کتریەکەی نایە سەر پەرەمێزەکە و تەنەکەیەکی هەڵگرت و بە پەلە بەرەو بەلۆعەی ئاوەکە. ئەحمەدیش هەر چرکەیەکی بەساڵێك لێدەگوزەرێ، کە کوڕەکە هاتەوە ئەحمەد دەڵێ:

– بەقوربانت بم ناوی شەریفت چییە؟

– سەعدوونی نۆکەرت. خەڵکی گوندێکی دەورو بەری سنەم لە کوردستانی ئێران. ئەوە چوارساڵە کرێکاری ئەم شیرکەتەم. ئەحمەد دەڵێ:

– کاکە سەعدوون گیان تۆخوا بە ڕێك و پێکی و ڕاست و ڕەوان پێم بڵێ مامکەریم و سەلمە و خانمی ئەندازیار لە کوین و چیان بەسەرهاتووە.

سەعدوون باوەڵێکی چکۆلە و ناقۆڵای لەگاڵۆن دروستکراو لەبن قەرەوێڵکەی دەردێنی و بە کلیلێکی چکۆلە قفڵەکەی دەکاتەوە، پاکەتێکی لێدەردێنێو دەیداتە دەستی ئەحمەد و دەڵێ:

– جلرێ تۆ تماشای ئەو وێنە جوانانەکە، خۆزگەم بە بەخت و چارەنووسی باوك و خوشکەکەت. درەنگە بامن پاروێك نان دروستکەم، بە خوا خەریکە لەبرسان دەبوورێمەوە. جا ئەوسا کە تێرم خوارد و ماندووم حەسایەوە، گشت خەبەری ئەمساڵ و نیوەی تۆ لە باوك و خوشکەکەت بزربووی، تا ئەمڕۆت بۆ دەگێڕمەوە.

ئەحمەد کە بە پەلە پاکەتەکەی کردەوە، چوارکەسی لە یەکێك لە وێنەکاندا بینی خانمی ئەندازیار و سەلمە بەتەنشتی یەکترییەوە، مامکەریم و پیرێژنێکی پۆپ سپی شانبەشانی یەکتری و لە ناو هۆدەیەکی پاك و خاوێندا لەمبەرەوبەری مێزێکدا دانیشتون نان دەخۆن. هەروەها لە وێنەیەکیتردا و لە ناو باخچەو گوڵزارێکدا سەلمە و خانمی موهەندیس خەریکی بژار و گوڵچنینن، مام کەریم بە سۆندەیەك ئاوی گوڵان دەدێرێ. لە وینەیەکیتردا هەرچواریان لەناو ئەسترگێکی لە بەردی مەڕمەڕ دروستکراودا بەتەنیا شۆرت و پستانبەندێکەوە خەریکی مەلە کردنن. لەوێنەیەکیتردا لاوێکی چاوشینی شیك و شیرین و خانمی ئەندازیار ، چەپ و ڕاست بەهەردوکیانەوە دەستی منداڵیکیان گرتووە و دارە دارەی پێدەکەن. سەلمە و مامکەریم و پیرێژنیش لە دوایانەوە وردەوردە پیاسەی دەکەن.

ئیتر ئەحمەد لە ناو قەیرانی شك و گومان و دوو دڵی دێتەدەرەوە. کە کۆت و شەڵوار و کەراواتی ملی مامکەریم دەبینێ لە خۆشیاندا وەك گوڵدەگەشێتەوە.

سەعدوون بە پەلە لە بازاڕی حەسیرەکە بە چەن چەپك تەڕەپیواز کەوەر و تەڕە تیزە و چەند ناو هێلکە و دوو شووشە پیپسیکۆلاوە گەڕایەوە. کتریەکەی داگرت و چای تێکرد و تاوەی نایەسەر. هیلکە و ڕۆنێکی چەوری دروستکرد و دەستیان بەنان خواردن کرد.

ئەحمەد بەدەم نانخواردنیشەە زوو زوو وینەکانی بارەوبار دەکرد و تماشای دەکردن.

سەعدوون کە بینی ئەحمەد هەرتماشای وێنەکان دەکات هیچ لە نامەکە ناڕوانی. تێگەیشت کەئەحمەد نەخویندەوارە، وتی:

کاکەحمەد گیان وادیاە خویندەواریت نییە؟

– ناوەڵا ئەی تۆ کاکە سەعدوون گیان؟

– وەڵاهی من قورعانم خەتم کردوە و بڕێك گوڵستان و بۆستانی شیخ سەعدی شیرازیم لەلای کۆلکە مەلای گوندەکەمان خویندوە. باشم دەتوانم نامە بنووسم و بخوێنمەوە. ئەو نامانەش وتەی مام کەریم و سەلمەیە کەئەوان وتوویانەو منیش نووسیومن. هەروەها نامەیەکی تریشت لەگەڵ مۆڵەقێك پارە لەلایەن خانمی ئەندازیارەوە بۆهاتووە، لە لای مەهەندیسێکی ئینگلیسیە. چاوەڕوانی هاتنی تۆیە تابەدەستی خۆی بتداتێ.

سەعدوون پاش چەن چرکەیەك بێدەنگی هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێ و دەڵێ:

– کاکەحمەد گیان، هەرکەس لەم دنیایەدا خاوەنی ویژدانێکی وریاو خەمخۆری کرێکاران و زەحمەتکێشان بێت، نایەڵن گوڵ بکات. ئەوخانمە کە دڵسۆز و خەمخۆری خەڵکی هەژار و کرێکاان بوو، دایانە بەر پلووتك و دووزمانی، دەیانگوت ئەو ژنە شوێعیە و

هیچ دینێك ناپەرستێن بەوە تاوانباریان كردبوو كە دژی كارفەرماكانەو لایەنگری لە كرێكاران دەكات. لەڕاستیدا هەر لەبەر ئەوەی دژی زوڵم و زۆر و بێگاری و ئیزافەكاری بێكرێ بە كرێكارەكان بوو، بۆیە هەڵیانداشت. بە نارەزایی و نەوەدڵی گەرایەوە بۆ بەریتانیا، باوك و خوشكەكەی تۆیشی لەگەڵ خۆی برد. خۆزگەم بەخۆیان. ئەحمەد ئاو زاییە چاوەكانی و وتی:

كاك سەعدوون گیان سەلمەو مام كەریم باوك و خوشكم نین بەڵام لەباوك و خوشت بۆمن ئازیز و پیرۆزترن.

كە سەعدوونیش خەمی بێكەسی و ئاوارەیی خۆی دایگرت ئەحمەد وتی:

كاكە سەعدوون گیان، زووكە نامەكانم بۆ بخوێنەوە جا بەسەرهاتی خۆم و مام كەریمت بۆ دەگێڕمەوە. سەعدوون دەستی كردبە خویندنەوەی نامەكان، چونكە نامەكان خۆی نووسیبووی زۆر بە ڕەوانی دەیخویندەوە، ئەوسا لەبارەی مامكەریم و كچەكی هیچی نەدەزانی بەڵام ئیستا تۆزقاڵێ لە نهێنیەكان و كارەساتە دڵتەزێنەكەی دەرك دەكرد بە دڵێكی ماڵامال لە خەم و حەسرەتەوە دەستی بە خوێندنەوەی نامەكان كرد.

## ئەمە دەقی نامەی مام كەریمە بۆ ئەحمەدی ئاغەجان.

كوڕیخۆم ئەحمەد گیان! بەو هیوایەی كۆتایی بەكۆست كەوتوویی و جەرگسووتاویم هاتبێت

نە بە چاوو نەبە گوێ مەرگت نەبینم و نەبیسم. بەداخەوە نازانم بۆ تۆ لەسەر وەخت و وادەی دیاریكراودا نەهاتییەوە. دلنیام گیرو گرفتێك بۆتە هۆی نەهاتنەوەت، بێگومانم هەركات دەرفەتت ببێ دێیتەوە بۆلامان. بەداخەوە بای وەیشوومەی زەمانە خانمی ئەندازیار لێرە هەڵدەكەنی و بەرەو بەریتانیای دەباتەوە. بێگومان ئێمەیش لەگەڵ خۆی دەبات. پێم وایە تۆیش دەركی ئەوەت كروە كە ئەو خانمە مرۆڤێكی سادەو ساكارنیە. بە بڕوام سروشت بۆ رزگاری بەشمەینەتانی وەك ئێمەی خولقاندوە. هەروەها دڵنیام تۆیش لەمن باشتر ئەو شێرە ژنەت ناسیوە. كوڕە شیرینەكەم ئامانەتی خۆت و دایكە پیرو پەككەوتووەكەت.

ڕۆڵەگیان پێموایە مەگەر چەوتی زەمانە بۆمان ڕاست بكاتەوە ئەگەینا مەحاڵە جارێكیتر یەكتری ببینینەوە. ئاخ ئەحمەدكیان بەچاوەگانی سارای جوانەمەرگ و براچكۆلەكەی، قەت شكڵ و شێوەی شیرین و پڕ سەفاو سەمیمی تۆ و مەرگی سارام بۆ فەرامۆش ناكرێ.

ئەو كەسەی قەت فەرامۆشت ناكات كەریم كەلۆڕ. زستانی 1326

سەعدوون دەڵێ كاكەحمەد ئەم چەند دێڕانەش وتەی سەلمەیە كەبۆتی دەخوینمەوە.

برای بەڕێز و دڵسۆزم كاكەحمەد گیان.

قەسەم بەو كەفەژیلكەی لە گەرووی خوشكە سارای دەرمانخوارد كراوم كەبە مردووییش هێشتا وەك كانیاو هەڵدەقوڵی و دەرژایەناو سینگ و بەرۆكی. قەسەم بەو دوو چاوانەی كە بۆ ماوەی دووساڵی ڕەبەق لە گوندی نزارەوە دەیبڕیە كاروانەڕێی شلێر بۆ پێنجوین و شارەزوور. قەسەمبەو چاوانەی نەیدەتروكاندن هەر چاوەڕێی هاتنی تۆ بوو. قەسەم بەو دڵ و میشكەی شەوو ڕۆژ وشە و بەڵێنی(( مەگەر مەرگی دەنای تۆی ،)) وەك ناو ئاوێنە ئەشكەوت، دەنگ و ڕەنگی تۆی تێدا دەدایەوە. قەسەم بەو جووتە چاوەی خوشكە دەرمانخوارد كراوەكەم، كە دەیبڕیە ناو چاوەكانم، قەسەم بە لێوی ناسك و بار گرتووی كەبە سركە دەیچپاندە بنگوێمدا و دەیگوت:

–خوشكە شوانەوێڵە بێدایكەكەم سەلمەگیان.

– ئەوا ئیتر پایزە و وەختی هاتنی كاروانی كوڕە هەژارانی كوێستانییە كە وەك پۆلی كەو و مەڕەسوور بەرەو گەرمێن، بەڕێگەی (تەڕەتووڵی و وشكە تووڵی) و بەم گوندی نزارەدا تێپەڕن. دڵنیام ئەحمەد بە بەڵێنی خۆی پابەند و بە وەفایە، ئەگەر ئێمە خافڵبین بە پەناماندا دێت و ڕەت دەبێ، ئەو چووزانی ئێمە لێرەین، سەلمەگیان دەستم بە داوینت خوشكە ژیرەكەم، ئەگەر دووچاوت هەیو بیكەرە چوار ، تماشای شاڕێكەی شلێرم بۆبكە، دڵنیام لەم سەرو بنی مانگەدا دێت، ئەگەر وریانەبین ڕت دەبێت. ئەی هاوار، دەترسم بە شەو لێرە ڕەتبێت پێمان نەزانی، ئاخر نایشزانی چووزانێ ئێمە لیرە گیرساوینەتەوە.

كاكەحمەد گیان قەسەم بە چاوەكانی حەمەچكۆلی پاشمەرگەی دایكە خۆشینەدیوەكەم، كە هەموو ئاوات هیوای باوكە پیرە كەم بوو. كاكەحمەدی خۆشەویستم لە هەر كون و كەلەبەرێكی ئەم دنیایەدابی، لەبیر و هۆش و هەستم دای. دەك میشكم داوەشێ ئەگەر ئەو ڕۆژە فەرامۆشكەم، كە دایكە پیرەكەت گشت لیباسە چڵكنەكانی من و باوكم و حەمە چكۆلی برامی لەبەر داكەندین و لەگەڵ سارای جوانەمەرگا شۆردیان و تەندووری داخست و تێی وەشاندن. دەك میشكم داوەشێ ئەگەر تۆ و دایكت فەرامۆشكەم.

خوشكت سەلمە

سەعدون كە نامەكەی بە پوختی و پاراوی خویندەوە و سەری هەڵبڕی ئەحمەد هەر هەنسكی دەدا و چاوەكانی هەڵدە گلۆفی تا پێش بە ئەشكی دیدەكانی بگرێت. ئەو دیمەنە سەعدونی بردە ناو خەیاڵاتی تاڵی دەروونییەوە، ئاگای لە خۆی و كات و ساتی كارەكەی نەبوو، بە دەنگی زەنگی كارخانەدا داچلەكی. و تی:

كاكەحمەد گیان، من دەبێ بچمەوە سەركارەكەم با ئەوەش بزانی نامە و وێنەی تازە و بڕیك پارە و دیارییەكیشت بۆ هاتووە لای موهەندسێكە ئیستا لێرە نییە بەڵام هەر ئەمڕۆ یان سبەی دێتەوە. دەمێكە چاوەڕوانی تۆیە. ئەحمەد دەڵێ: كاكەگیان ، ئەوەی تۆ لە زمانی ئەوانەوە نووسیبوت و بۆت خویندمەوە. گشت شتێكت بۆمن ڕوون كردەوە. ئەو وێنانەش نموونە و شایەتحاڵی دڵسۆزی و ژیانی باش و نوێی ئەوانە. بە قوربانتبم بچۆرە سەر كارەكەت با غەیبەتت بۆ نەنووسن.

كە سەعدون ڕۆیی ئەحمەد كەوتە ناو بەحری داڵغە وخەیاڵاتەوە و لەپەوڕوو لێی كەوت. تا ئێوارە سەعون هاتەوە سەرەمڕ و مەدهۆش.

كەسەعدون هاتەوە ئەحمەد بەو حاڵە دە بینی، بە زمانێكی شیرین دەڵێ:

– هەستە هەستە بۆمە قروانت بۆچە وا شێویاگی، كاورای موهەندیسیش هاتۆتەوە هەر چاوەڕوانتە، سەعاتێك پیشتر منی نارد بەدواتا، كەهاتم ئاوا لەپەوڕوو كەوتبووی پێمخۆش نەبوو لەو خەوو خەیاڵات و مانگیە ڕاتچڵكێنم

بتبەم بۆلای کاورا. بڕێك لە وەزعی تۆ ئاگادارم کرد و دیدارەکەمان خستە شەوەکی. بڕێك دڵخۆشی داوە و وتی:

هەستە هەستە بۆم وە سیەقەت بچۆ لەبەر ئەو بەلۆعە چڕۆچاوو دەست و پلەکەت بشۆرە و خۆت فێنك کەرەوە.

ئەحمەد بڕێك چاوەکانی هەڵگڵۆفت و بایەشکێکی دا و هەستایە سەرخۆ چووە دەرێ، پاش ئەوەی ئەشك و ئارەقەی لە دەم و چاوی، داشۆری، هاتەوە.

ئێستا سەعدون گۆشتاوێکی ناوەتە سەر پەرەمێزەکە، چای ئامادەکردوە دەڵێ:

– کاکەگیان فەرموو چاییەك بخۆرەوە تا چێشتەکە دەکوڵێ، خۆ نیوەڕۆیش نانت نەخوارد. هیوادارم بڕێك لەو خەمۆکیە بێتە دەرێ، با بەخۆشی تۆوە منیش پارویێك نان بکەمە دەروونی ناسازگارمدا، بەشکەم بەدڵمەوە بنووسێ.

سەعدون دەڵێی سەعدونەکەی نیوەڕۆ نییە! دەستێك جلی جوانی لەبەر کردوە، ڕیشی پاك و خاوین تاشیوە. بەشێنەیی هەستا چوو کەشەفەیەکی فافۆنی هانی و دوو دەسك سەوزەی شۆراو و جنراوی لەسەرە. ئەمجا قابلەمە چێشتی لارکردەوە ناو دوو جامۆڵکە، گۆشت و نۆکەکەی ئاوەچۆڕ کرد و کردیە سەر دەوری‌یەك و وتی:

فەرموو من تێکوشینم پێخۆشە، تۆیش کەیفی خۆتە چۆن نانی خۆت دەخۆی بۆیە گۆشت و دان و ئاوەکەم لێك جیاکردەوە.

کە شام خورا و چەن ئیستیکان چایی خەست و خۆڵیان کردە بە دوایدا. سەعدون دەڵێ:

جا تکایە ئێستە بە وردی باسی ئەو دڵە کەیل و مالاماڵ لە زوخاوەتم بۆ باس بکە، بێگومان تۆیش وەك من ڕابوردووی تاڵ و ئاڵۆزت هەیە. من پێشتر واندەزانی کوڕی مام کەریمی.

ئەحمەد بە وردی باسی ژیانی خۆی و باوك و داکی و ژیاننامە ژاراوییەکەی مامکەریمی بۆسەعدون گێڕایەوە.

ئیستا سەعدون کە تەم و خەم گژگیانی داگرتوە، بە دڵێکی پڕ لە پەژارەو حەسرتەوە دەڵێ:

– من پێم وابوو کەس ئەوەندەی من تووشی دەرد و خەم و زەحمی ناسۆری دەروونی نەبووە و نییە. بەڵام ئیستا تێگەیشتم لەمنیش ڕۆژە ڕەشتر هەیە. کە نموونەیان، باوك و دایکی تۆ و مامکەریمە. ئەحمەد دەڵێ:

– کەواتە یالا تۆیش وەك من بە وردی باسی دەردی گران و زامی ناسۆرت بۆمن بەیانکە. چونکە دەزانم زۆربەی ئەوکەسانەی دێنە ناو دنیایەوە. هەروەك بەخواستی خۆیان نە خولقاون، ڕێگەشیان پێنادری سەرنویشتی خۆیان خۆیان دیاری بکەن.

سەعدون پاش پیشخواردنەوە ئاخ هەڵکێشان دەڵێ:

ئەی هەزار خۆزگەم بەخۆت، تۆ خۆشەویستی خەڵکی گوندەکەتانی و مێشێکیش دوژمنت نییە. بەڵام منی بەدناوو بنێشتە خۆشەی سەر زاری خەڵکانی دواکەوتوو و کەللە وشك و کۆنەپەرست و بڕێکیش مرۆڤگەلی حوقەبازو فریوکار و هەمیشە داوین تەڕ، منی لەقاو دراو و دوژمندار. بیٔەوەی کاریکی ناهەقم کردبێت ناوێرم سەر بە زێد و ماوای باب و باپیرانمدا بکەمەوە.

کاکەحمەد گیان، باوکی من نە تەواو تێربوو نە زۆربرسی، دەکرێ بڵێم نیوەبرسی و نۆکەر سیفەت! لەبیرمە دایکم بەسەر منداڵەوە چوو! بۆ نەکبەتی و ڕۆژە ڕەشی لە یەکەم ڕۆژی منداڵبوونیدا، خۆی مرد بەڵام منداڵەکە کە کچ بوو نەمرد، ئیستایش ماوە تاقە خوشکی دایکوباوکیمە، لە یەکەمڕۆژی ژیانیەوە، بە بیانووی بەد یومن و سەرەخۆرە، و هەزار جۆرە ناو و ناتۆری کۆنەپەرستانە و دواکەوتوانە، لەگشت خۆشەویستی ناو خێزان و بنەماڵەی باوك و دایکمان، نەك هەر بێبەشبوو، بەڵکوو وەکبوونەوەرێکی نەفرەت لێکراو، لەنلو خاوو خێزانی دووبنەماڵەی باوکم و دایکمدا سەیریان دەکرد. زور سەیر بوو هەتا پوورەکانیشم بە چاوی نەفرەت و دوژمنانە لەو تفڵە بەستە زنانەیان دەنوارێ. وەختی وابوو بە دووڕۆژ لەناو میزو گووی خۆیدا دەمایەوە جا بە قێز و بێزەو دایان دەشۆری. نازانم ئەو منداڵە سەرسەختە چۆن نەمرد؟!

لە سەرتای هاتنە دنیایەوە، هێشتا مەلۆتکە بوو هێندە بەدەم لووتە شەقەوە بارەو باریان پێکرد، گژگیانی لەکاتی شلك و ساواییدا تێك شەمزا. بووبە بوونەوەرێکی لار و خوار و خێل و خێچ. چاو خێل و لووت پات و پلیچ، نموونە ناشیرینی و بەدبەختی و ڕۆژەڕشی! بۆ؟!؟

باوکم بە زمانلووسی و فریوکاریەوە، زۆر زوو توانی کچۆڵەیەکی چواردە ساڵە بۆ خۆشگوزەرانی خۆی مارەکات و بیهێنێتە ژێر ڕکێفی خۆی. جیگای دایکە بەزۆر بەشوودراوە کەیشمی پیٔپڕ کردەوە، تەنیا لەبەر هەوەسڕانی و بەس.

لەحاڵێکدا تەنیا برایەك و ئەو خوشکە سیاچارەم هەیە ، ئەوە حاڵی خوشکەکەمە و براکەشم ساکار و ساویلکەو بەستەزمان. تا بڵێی کارکەر و بێمێشك و سادەو ساویلکە. زەلامێکی لەندەهۆر تا بتەوی وەك تەراکتۆر کار دەکات و تابۆی تێکەی دەخوات. فڕی بەسەر خاس و خراپەوە نیە. هەمیشەو دایم بێوچان و سانەوە لە بەرەبەیانەوە تا تارێکان کاردەکات، خەریکی جووت و جۆماڵ و پاچکاری بنارەجۆگە و بوومپەرێز و کەڵەك تێکدان و باخداری و کاری کەشاوەرزیە. مووچە کەی واڕازاندۆتەوە دەڵێ باخی ئیرەمە. لە سەرەتای کارو کاسبی بەهارەوە تا کۆتایی بەرهەم هێنان و ئەنجامدانی گشت کاروباری پایزی، ئاوداشتنی کەشاو و کیلان و داچاندنی ئاوەنیا و گشت وشکە وەردەکان، مەگەر لەناو مووچە و مەزراو باخ و باخاتی خۆماندا، دەنا کەس بەڕۆژی ڕووناك ڕوخسار ئەو برایەی منیان نەدەبینی. وەك وتم: هاوینان شەوو ڕۆژ هەر لە هەرد بوو، بەهارو پایزانیش لەتاریکی بەرەبەیاندا لە گوند دەچووە دەر، پاش هەواتاریکبوون دەهاتەوە، لەڕاستیدا ئەستێرە بەئاسمانەوە دەبوو لە دێ دەچووە دەرێ ئەو مانگ و ئەستێرە هەڵدەهاتن دەهاتەوە .

گوندەکەمان و دەورو بەرەکەی، لە باری دینی و نەتەوەییەوە، ئاوێتەیەکن لە شێعەو سوننی، واتە لە کورد و تورکی هەمەدانی و سنەیی. باوەژنم پاش چەندساڵ وەك مانگای مالوانی لێهات. هەموو ساڵێك منداڵێك جاروباریش لفە دووانەی دێنا دنیاوە. نازانم ڕەنگە لەبەر خۆشخۆری و بەرووبوومی باخ و بێستانی کاکم بوو، بۆیە هەمیشە دەتگوت مانگای شیرایە و مندالەکانیشی دەتگوت بەرخی بەهارەزێی سەر تێرەخۆری کویستانی نەکەرۆز و باڵی و بەرانن، قەلەوو خرپنە و خڕ و خۆڵ، وەك کارگ هەلتۆقیو، دووگیان وەك دەستاڕ.

لە ماوەی چەنساڵێکدا منداڵی باوەژنم یەك بەدوای دوودا دەتگوت بەرغەل و کارژۆلەن. خوا ڕەحمی پێکردین بابم بڕێك زوو مرد دەنا دەبووایە، کۆز، بۆ منداڵەکانی باوەژنم دروست کەین و وەك بەرغەل بیانکەینە کۆز،ەوە.

بەڵێ کاکەحمەد گیان، ئیستا فاتمەی هەناسەسارد و ڕۆژە ڕەشی خوشکم بۆتە کڵفەتی کۆزێك منالی ورد و درشتی باوەژنم. نە بەڕۆژ و نە بەشەو تاقە ساتێك سانەوەی نییە. بێجگە لە قەرەواشی کۆشێك منداڵ. گشت کاروباری مانگا و پەزو پاتاڵ دۆشین و گەورۆ گەلەخان و کاری نێومالیش دەکات، بەوحاڵەش باوەژنم نان و شەق و ناونیتکە و جنێوی بە تیکلاوی دەرخوارد دەدات. ماشەڵا کاکەیشم دەڵێی پەزی پێغەمبەرە لە کارکردن و خواردن و کاوێژ کردن زیاتر هیچیتر نافامێت. تا بۆی تێکەی دەخوات و تاکاری پێبکەی بێسەرپێچی دەیکات.

منیش هێشتا دایکم مابوو نامیانە قوتابخانەی مەلای گوند. مەشیا زۆربەی کاروباری ناو ماڵم بۆ مەلاژن بکردایە. ئەڵبەتە لە سەرەتای دەسپێکردنی ئەلف و

بیٚ و دروشمی ((یافەتاح فەتحم بدە و یارەزاق ڕزقم بدە)) وە ، مەشیا پەڕۆی پیسی منداڵەکانی مەلاژنیشم بشۆردایە، جا بچومایەتە خزمەتی فەقێی برێك باڵاخوین دەرسی دابدایەم. ئیتر خۆڵ هەڵگوازتنی تەنوور و کۆلە تەپاڵە هێنان بەشێك لە کاری ڕۆتینی من بوو لە بەردەستی مەلاژن دا .

دەتگوت خودای تەبارەك و تەعالا  من و فاتمی خوشکمی بۆ قەرەواشی مەلاژن و باوەژن خولقاندوە؟! گەرچی نیوەی قورعانم بەباشی خویندبوو هێشتا مەشیا گشت کاروباری ماڵی مەلام کردبا جا مەلاژن ئیجازەی پیم بدایە بچمە خزمەت مەلا  تا دەرسیکی قورعان و گولستانم پیٚبڵیٚ.

گەرچی من  جارو بار لەبەر زەخت و زۆر و دارکاری مەلاو مەلاژنم بۆ دایك و باوکم دەگێڕاوە، نە دایکم و نە باوکم گوێیان بۆ سکاڵلاکەم شل نەدەکرد، دەیانگوت:

– کوڕەشیرینەکم تۆ دەبیٚ گوێڕایەڵی فەرمایشەکانی مامۆستا و مەلاژن بیت، مامۆستایش گشت ئەوکارانەیان پیٚکردوە تا بەم پلە و پایە گەیشتووە،ئیستا ئیمامی جومعەو جەماعەتە. سەبر و تاقەتت بیٚ ڕۆژیکیش دێتە پیٚشەوە تۆیش دەبیە مەلاو ئیمامی جومعەو جەماعەتی موسوڵمانانی شارێك یان گوندێك.

کە برێك کزر بووم تێگەیشتم مەلاژن لەماڵەوە دەم چەوسێنێتەوە، مەلایش لە حوجرەو مزگەوتا. مەلا بەستبوومی بە ئەستۆی کوڕە کەودەنەکەی خۆیەوە، نەیدەویست بە پێی توانایی خۆم پیشکەوم دەبوایە لەیەك دەرسدابین پێی عەیب بوو من بە تەمەن لەو چکۆلەتربوم لە دەرس خویندندا لە پێش کوڕە کەودەنەکەی ئەودابم، من دەرسی پیٚبڵێمەوە، ئەی کیٚ کارەکەری مەلاژن بێت؟

بەڵیٚ چەندساڵ من ئەو حاڵم بوو فاتمی بەستە زمانیش لەژێر سەوەتەشیاکە و کۆڵەتەپاڵەدا ئارەقەی دەڕژاند، کاتی منداڵێکی باوەژنم گووی دەکردبەخۆیدا، باوەژنم هەزاران جنێو و ناونیتکەی ئاوقەی فاتمی خوشکم دەکرد و دەیگوت:

ئەریٚ ئەو عەجندە چاو خێل و خوارە لە کوێیە ئەومنداڵ خۆی پیسکردوە نایەت پاکی کاتەوە. زۆر جار لە پیشچاوی من بە شەق تێی بەردەبوو، سەوەتە شیاکەی پێدادەنا منداڵەکەی پیٚپاکدەکردەوە، جا دەبوایە بچێت سەوەتە شیاکەکە بڕێژیٚ.

کە من برێك گەورە بووم قورعانم خەتمکرد گوڵستان بۆستانم خویند، وەك خویندەوارێك کە دەمتوانی بنووسم و بخوینمەوە باوکیشم مرد. ستەمیٚ باوەژنم و مەلاو مەلاژنم بە سەر خۆم و فاتمی خوشکمدا بۆ تەحەمول نەدەکرا، باوکیشم نەمابوو بەزۆر بمنێرێتەوە حوجرەی مزگەوت، بە ڕەگ و پێستەوە هەستم بە ستەمی مەلا ومەلاژن و باوەژنم بە سەر خۆم و فاتمی خوشکمدا دەکرد. ئیتر دەستم لە خوێندن هەڵگرت. کە من مزگەوتم بەجیٚهێشت و هاتمەوە ماڵەوە، مریەمی خوشکم هەستی بەوە دەکرد کە پشتیوانێکی هەیە، جاروبار تاق و تەرا قسەی  لە ڕووی باوەژنماندا دەکرد. لەگەڵ بانگم دەکرد دەمگوت فاتم گیان وەرە ئەوکارە بکە، بە شۆرو شەوقێکەوە دەهات بەدەممەوە. من بوومە جیگای ئومێد و پشت و پەنای ئاخر جگە لەمن کەس پێی نەگوتبوو فاتم گیان. بەناوی  کچە چاوخێل بانگیان دەکرد. باوەژنیشم هێندە ژنێکی تەڕ پۆش و خوشنۆش و حەڕاف بوو، زۆر کەسانی دەوڵەمەند و ناودار بەتایبەت زڕە شێخ و مەلا و کوێخای گوندەکان خوازبێنییان  لێدەکرد. بەڵام ئەو زۆر زان و زرینگتر لەوە بوو کە ئەو دەستەلات و میرە ماڵە لەخۆی تێکبدات،  لە وەڵامی خوازبێنیکەراندا دەیگوت:

بە چاوەکانی شێخ ئاغە کامیل ڕۆحم بە قوربانی بێت، قەت شوو ناکەم، شوکور پۆلێك منداڵی پاك و خاوینم هەیە دەڵێی تۆپی گولەباخین، مووچە و مەزرا و باخ و باخاتی باشم هەیە، شووم بۆ چییە؟.

لەو ئەو هەرێمەی نێوان ، سنە و بیجاڕ و هەمەدان دا، ئەوانەی سوننی بوون، تیکرا مریدی شێخ شەهاب و شێخ جەلالی (هەمرۆڵە) بوون.  شێخ و خەلیفە و کوڕڕە شێخەکان هەمیشە بەو ناوەدا لە گەشت و گێڵ دان .

بەڵام ، ئەوانەی شیٚعەن، ساڵەوساڵ،  لە شارۆچکەی (قوروە) وە، کۆلکە ئاخوندێك لەمانگی موحەڕەم دا، دێت  ڕێو ڕەسمی (عاشەرا و تاسوعا) یان بۆ شیدەکاتەوە و دەڕوا، تاساڵی داهاتوو نایەتەوە. بەڵام کوڕە شێخ و خەڵیفە و دەروێشەکانی خانەقای ( هەمرۆڵە) هەمیشەو دایم بەو دیهاتانەدا گێچکە گێچکیانە. بەتایبەت هاوینان کە نێرینە کەمتر لە ناو دێدا دەمیننەوە زۆربەیان هان بە هەردەوە.

کە شێخ یان کوڕەشێخ یان  خەلیفەیەك دەهاتە ناودیٚ، خێرا کۆڕی زیکران بۆ خەڵکی دادەبەست، کام ماڵ خۆشتر و بژوینتر و پاك و خاوینترە ، سەراپەردەی شێخ بۆ ڕاگەیشتن بە کاروباری تاکەکەسی و لە خەڵوەتدا!  دادەمەزێنرا.  دیارە خەڵکیش مەگەر تاك و تەرا دەنا نێرینەی تێدا نەبوو. لە پەردە و خەڵوەتگەی خەلیفەدا، تەنیا خەڵیفە دەیتوانی بچێتە ناو خەڵوەتگەوە. جا خەڵیفەیش چ پیاو بوایە و چ ژن، دەیانتوانی بەڕوخسەتی درگاوان سەری پیٚاکەن!؟

ژنان ناتوانن بچنە ناو کۆڕی زیکرو فیکری پیاوانەوە، تەنیا دەتوانن لە خەڵوەتگە و نا پەردەی شێخ یان خەلیفەدا، لەژێر چاودێری خودی شیخ یان خەلیفەی ژناندا کۆڕی زیکر ببەستن. ڕەسمە لەگەڵ واریدبوونی شێخ یان خەلیفە، خێرا بەرماڵێك بە خۆیاندا دەدەن ، بۆ ماوەی نیو یان سەعاتێك خۆیان مت ئەکەن( گۆیا لەگەڵ پیرانی تەریقەتدا (ئیڕتیبات) پەیدا دەکەن. جارو باریش برِیك چاو هەڵدەگلۆفن و دەڵێن:

ماشەڵا لە کەورەیی خواو خۆشەویستی پێغەمبەر. هەر ئێستا شیخ قادری کڕبچنەم بینی لە خزمەت فەخری عاڵمدابوو، خەڵکیش بە جاری سەڵەوات لێدەدەن. لە کاتی کۆڕی زیکردا  شێخ چاو دەگێڕیٚ، کەسێك لە خەڵکی بوومی گوند، هەڵدەبژێریٚ و بە دەست و خەتی خۆی ئیجازە و شەهادەی خەلیفەگەری بۆ دەنووسیٚ.

ئێستا ئەوە زیاتر لە ساڵێکە خاتوخورشیدی باوەژنم ئیجازە و شەهادەی خەلێفەی ژنان و پیاوانی  پێدراوە، چونکە تا ئێستا  گوندەکەمان قەت خەڵفەی لیٚ هەڵنەکەوتووە. خەلیفە خورشی شۆخ و شیرین و چاکپۆش و خۆشنۆش، چارشێوی سپی شێخانەی بەسەرەوە، تەسبیٚحی دەنك تۆزێك زلی تایبەتی خەلیفەیی لەملدا. بۆتە خەلیفەی  شێخ ئاغاکامیل، و نوینەری خانەقای هەمرۆڵە و بەرەی سوننی مەزەبەکانی گوندەکەمانە. ئێستا مرید و مەنسووبەکانی خانەقای هەمرۆڵ بیٚ پرس و ڕای خاتوخورشیدی باوەژنم قامك بە ئاوداناکەن.

بەڵیٚ: ئێستا منیش قورعانم خەتم کردوە و گوڵستان و بۆستانی شێخ سەعدی شیرازیم خویندوە ، کۆلکە سەوادێکم هەیە دەستم لە خویندن هەڵگرتووە. لە گەڵ براگەورەکەمدا خەریکی کاری کەشاوەرزی و باخداریم. بە بڕوای خۆم من تاکە کەسێکم کە بە هۆی تێکلاو بوونم لە منداڵییەوە لە ناو ماڵ و منداڵی مەلادا، دەتوانم بڵێم  من بە ڕەگ و پێستەوە هەستم بە فریوکاری و... مەلا مەلاژن کردوە، خوشکەکەشم هەر وەها بە کونجکاویەکی ورد و ژیرانە باوەژنم و شێخ و خەلیفەکانی خستۆتە چاودێری، ئەوەی لە ماڵی ئێمەدا دەگوزەریٚ موو بەموو بۆ منی دەگێڕێتەوە. بەڵام کیٚ دەتوانیٚ لە ترسی خەڵیفە خورشی لێو ببزوێنیٚ!

خەلیفە خورشی بە فتوا و حوکمی شیخ و خەلیفەکانی خانەقای (هەمرۆڵە) فەرمانڕەوا و ڕازداری ژنان و پیاوانی مرید و مەنسووبی داوینتەڕ و کەللە وشکی ئاواییە. گشت سڕ و تڕێکیان لە ژێر دەستی خەلیف خورشیدایە.

بۆ خاتر جەمی و بینینی بە چاوی خۆم چەنجاریك بە هاوكاری فاتمی خوشكم لەماڵی خۆماندا، خۆم دەشاردەوە، بەنهێنی و بچاوی خۆم عەیش و نۆشی هابەشی خەلیفە خورشی و شیخ ئاغ كامیلم دەمبینی. بەڵام من منداڵێكی 12 ساڵەی بێدەستەڵات جگە لە زوخاو خواردن و پیش خواردنەوە هیچ چارەیەكم نەبوو.

شێخ ئاغا كامیل لاوێكی 20 ساڵە كەواو سەڵتەی شیك و شیرین لەباشترین قوماشی لەندەنی و جووتێك مشكی شێخانەی ڕەنگاوڕەنگ بە گرزو گوڵنگی تایبەتی بەسەرەوە. دوو ڕوژ بەر لە هاتنی خەڵیفە خورشی سەراو پەردەی بۆ دە ڕازاندەوە. قەل و مریشك و بەرخە پایزەزێی بۆ سەر دەبڕرا، ژنان و كچانی گوند لە دەوری كۆ دەكرانەوە. یەكێ بە دۆعای بەخت و یەكێك بە نیازو ئاواتی كوڕە كوڕپە بۆشێخ دەخزایە پشتی پەردەوە، یەكێك بۆ خۆ تەبەڕوك كردن و تۆبە دادان.

خواو ڕاسان كچۆڵەیكی چواردەساڵەی دراوسێمان پاش دووسێمانگ دوای تۆبە دادانی و تەشیف چوونەوەی شیخ كچە سكی ئاوسا! خەڵك زانیان بەتایبەت هاوسێ شێعەكان ، دەماو دەم خەبەریان گەیاندە پاسگای ژاندار مری ( دێگولان) بەر لەوەی مرید و مەسووبەكانی شێخ بتوانن وەك دەیان ڕووداوب وا (بەراویتە) و چارەسەری كەن، یان زوو لە دەروێشێكی مارەكەن بڵێن منداڵێكی مەشروعە بە پێی فتوای ئیمامی حەنەفی دووساڵ لەمەوپێش مارە كراوە، كورد واتەنی قوونی دڕاوی كەر بە بەلمە گاڵ ئاخنین چارەی ناكرێ.
بەرەی شێعەكان بۆ لادانی پەردە لەسەر سڕو تڕی شێخ و خەڵیفە بە (قولخی) زۆر بە ژاندارمری و دادگا ئاورە كەیان وا خۆشكرد، كچەیان بە ڕووناكایی ئەو ئاورە گەیاندە دادگای شارستانی قوروە! كچەیش بە وردی باسی تۆبە دادان و گەمەی پشتی پەردە بۆ ڕەیس دادگا دەگێڕێتەوە.





سەعدون دەستی برد بڕێك فتیلەی فامۆسەكەی هەلكشاند بەڵام فایدەی نەبوو شەوقی نەك زیاد نەبوو كوژایەوە. ئەحمەدیش وتی:
كاكە سەعدوونگیان ئێستا سەعات سێی دوای نیوەشەوە من زۆم پێخۆشە بزانم كچەو خەڵیفە خورشی چیان بەسەرهات بەڵام باشتر وایە تۆ بخەوی باقی بەسەرهاتەكە بخەینە سۆزی شەو.

با خوینەرانی گۆڤاری جیهانی منداڵانیش چاوە ڕوانی ژمارە 12 ی گۆڤارەكەمانبن.

تایبەتە بۆ وەرزی پایزی 2004

## تێبینی

لەبەر ئەوەی میزانی ئەركی مەعنەوی و مادی گشت ئەندامان و پشتیوانان و یارمەتیدەرانی یانەی سارا و گۆڤاری جیهانی منداڵان بە ڕوون و ئاشكرایی دیار و بەرچاو بێت، بە پێویستمان زانی یارمەتی دەر و یارمەتی وەرگری یانەكانمان چ لە سنە و چ لە سەقز ئاوەها بە ڕێك و پێكی بە یەكتری بناسێنم، تا یارمەتیدرە بزانێ یارمەتییەكەی بەكێ دراوە. هەر وەهایش یارمەتیوەرگر بزانی ئەو یارمەتییەی بۆ ئەو تەرخان كراوە چەندەیە، و كێ بۆی تەرخان كردوە.
لێرەدا تەنیا یارمەتیدەر و یارمەتی وەرگرانی یانەی تازە دامەزراوی منداڵانی سارای شاری سنە بەیەكتری دەناسێنین.

| | |
|---|---|
|  ئازاد عەزیز |  سۆزان  هۆزان |
| هیوا عەزیز |  پرشنگ  شنۆ |
|  ملكی | ئانیتا  |
|  تاها خوسرەوی | شەمسی  |
|  عەلـــی كیتابـــی | مریـــــەم  |